ڤینۆس دیسان پێکەنی، دەمی نازی هەڵێنایەوە:

– من پێش ئەوەی بتبینم، سیمۆنا و فیلیپ باسی تۆیان دەکرد، من نەمدەزانی ئەو نیگارکێشە تۆی!

لەوکاتەدا ئاگام بەتەواوەتی لە دەوروبەری خۆم برابوو، سەیری قوولایی چاوە سۆزاوییەکانیم دەکرد، بەشێوەیەک کە لەو ساتەدا هەستم دەکرد ڕۆحم، هەموو بوونم، بەشێکە لە ڕەنگ و شەپۆلی چاوەکانی.

– تۆ خەڵکی کوێی؟

بەم پرسیارە، سۆز و غەریبییەکی قووڵ لە ناخمدا قوڵپیان سەند، گوتم:

– خەڵکی چاوەکانتم.

پێکەنی، وتی:

– نازانم.

قوڵپی گریانێکی بەختەوەری لە قوڕگمدا گیری خواردبوو، پێم وت:

– من هەست دەکەم کە ماوەیەکی زۆرە، ماوەیەکی یەکجار زۆرە تۆ دەناسم!

لەو کاتەدا هەستم کرد شتێک لە قوولایی ڕۆحیدا لەرزی. چاوەکانی بە شەرم و نەزاکەتەوە داگرت. بێ ئەوەی سەری خۆی هەڵبڕێ، پەنجەکانی هەڵدەگلۆفین؛ وەک منداڵێک لەنێوان هەستی دامان و بەختەوەریدا دەخنایەوە. من تەماشای هەڵگلۆفینی پەنجەکانیم دەکرد، پێم وت:

– پاریست پێ خۆشە؟

یەکسەر بە هەڵچوونێکی منداڵانەی پاکەوە، بە نەغمەیەکی ناڕەزاییی، وتی:

– زۆر نەگەڕاوین، تەنیا پێنج ڕۆژە لە پاریسین، ئەویش هەر لەگەڵ دایک و باوکم بووم.

– سەرتان لە مۆزەخانەی «لووڤغ» نەدا؟

– تەنیا بەشێکمان دیت، من حەزم دەکرد ساڵۆنی تابلۆکان ببینم، کەچی ئەوان بردمیانە ساڵۆنی شتە کۆن و ئەنتیکەکان.

– لە هوتێل دابەزیون؟

– بەڵێ.

– لە کوێ؟

– لە مەیدانی مادلێن. پێ دەزانی؟

– بەڵێ.

– شوێنێکی خۆشە.

– وەختی خۆی ماڵم لەوێ بوو، ژوورێکم لەوێ بە کرێ گرتبوو.

– چەند ساڵە لە پاریس دەژیت؟

وتم: حەوت ساڵە.

– ئەی پێشتر لەکوێ دەژیای؟

وتم: لە نەرویج. لە ئۆسلۆ پەناهەندە بووم.

– چەندە ساڵ لەوێ مایتەوە؟

– تەنیا ساڵێک.

– لەوێ چیت دەکرد؟

– دەگەڕام.

بە پێکەنینێکی نەرمەوە وتی:

– لە چی دەگەڕای؟

وتم: لە تۆ.

پێکەنی، وتی:

– لە من دەگەڕای!

– ئا، لە تۆ دەگەڕام.

ئەم جارە بە دەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین، پێکەنینێکی شیرینی ئەوتۆ کە نەغمەی، وەک شنەبایەکی بۆنخۆش، ڕۆحمی خستە خرۆشانەوە.

لەناکاو کە سەرم هەڵبڕی: لەناو ساڵۆنەکەدا پیاوێکی کۆک و ڕێکپۆش، ئەوەی کە قاتە سپییەکەی لەبەر بوو، سەروقژ زەرد، شانە لێدراو، بەرامبەر کوڕێکی گەنج، لەسەر مێزی شەترەنج دانیشتبوو، تەماشای ئێمەی دەکرد. کە سەیریم کرد، یەکسەر ڕووی بەرەو لای مێزی شەترەنجەکەی خۆی وەرگێڕایەوە، لە هەمان کاتدا سیمۆنا لە داڵانی مووبەقەکەوە دوو فەخفووری زەڵاتەی پێ بوو کە بریتی بوون لە تەماتەی قاش کراو لەگەڵ چەند پارچە پەنیرێک، هاتە ژوورەوە. دوو فەخفوورییەکەی دایە دەست من و ڤینۆس. بەدەم زەردەخەنەوە، وتی:

– فەرموون!

هەردووکمان، بەدڵخۆشی و بەدەم زەردەخەنەوە، دوو فەخفوورییە زەڵاتەکەمان لێ وەرگرت:

– سوپاس.

ڤینۆس فەخفوورییەکەی بە دەستی چەپییەوە گرتبوو، بێ ئەوەی تەماشای سەرمەستی و نەشئەی بەختەوەرانەی سەر ڕوخسارم بکا قژی بە دوواوەدا خست و درێژەی بە قسەکانی دا:

– بەڕاستی، زۆر خۆشحاڵم کە ئەمشەو تۆم لێرە ناسی!

سیمۆنا دوو فەخفووریی دیکەی بەدەستەوە، پێشکەشی پیاوە ڕێکپۆش و گەنجەکە کرد، کە هەردووکیان سەرقاڵی شەترەنج بوون. گەنجەکە وەری گرت، بەڵام پیاوە قات سپییە یەخە بە مەدالیاکە وەری نەگرت، وتی: «سوپاس». ئینجا سەیرێکی ئێمەی کرد و سەری بەرز کردەوە تەماشای ناو فەخفوورییەکەی دەستی سیمۆنای کرد:

– ئەوە چییە؟

پاشان بە دەنگی بەرز پێکەنی، دەیویست تانە لە ئێمە بدا:

– ئەوە تەماتەیە کە خەڵک ئاوها ڕۆمانتیک دەکا؟

ڕووی کردە گەنجەکەی بەرامبەری، بە دەنگێکی بەرز لێی پرسی:

– تۆش وای، پاتریک؟

– چی؟

– تۆش کە تەماتە دەخۆی، وات لێ دێ عاشق ببی؟

گەنجەکە ڕووی لە شەترەنجەکە بوو وتی:

– بە حەشیشە، بەڵێ؛ بەڵام بە «تەماتە» نەخێر.

ئینجا هەر دووکیان یەکسەر دایانە قاقای پێکەنین. لە دڵی خۆمدا گوتم:

– ئینسان چەند نیهادپیس و شەڕەنگێزە!

یەکسەر تێگەیشتم کە ئەو پیاوە قات سپییە ماوەیەکی زۆر بووە لە پشت ئێمەوە گوێی لە قسەکانی من و ڤینۆس ڕاگرتبوو. بە نیگایەکی بریندار و پەرێشانەوە لەگەڵ ڤینۆس تەماشای یەکتریمان دەکرد. ڤینۆس، چاوەکانی هێندە گەش و پاک و ڕوون بوون کە نەیاندەتوانی هەستی سەغڵەتبوون و دڵڕەنجانی ئەوساتەیان تێدا بشاردرێتەوە:

– بەیارمەتیی خۆت، دەچمە لای ئان!

ڤینۆس ئەمەی وت و بەرەو داڵانی مووبەقەکە ڕۆیشت. منیش ئاورێکی دوواوەم دایەوە، کورسییەکی چۆڵم بینی: بە قەدیفەیەکی مۆر ناوپۆش کرا بوو. لەولا تریشەوە تۆمارێکی گەورەی دیسکی گۆرانیم بینی کە کۆمەڵێک دیسکی جۆراوجۆری ڕەنگینی لەسەر پەخش کرابوو. من بێ ئەوەی بتوانم لە ناوی گۆرانیبێژەکانی سەر دیسکەکان ورد ببمەوە و بیانخوێنمەوە، ڕووم وەرگێڕایەوە. قەڵماسنگی نیگام کەوتە سەر وێنەیەک کە لە شێوەی کاریکاتۆر بە قەڵەمی ڕەش دروستکرابوو و بە دیواری دەستە ڕاستمەوە لە چوارچێوەیەکی زیوین گیرابوو.

– وابزانم ژن و مێردایەتیش هەر شتێکی بێهوودەیە، فیلیپ. ناتگەیەنێتە هیچ!

ئەم قسەیە، لەناکاو، لە تەنیشتمەوە هات. بە دەنگێکی نزم وترا، بەڵام زۆر بەهێز

لە مێشکی مندا زرنگایەوە. ئەو پیاوەی ئەم قسەیەی کرد لەتەنیشت فیلیپ دانیشتبوو، ملی شۆڕ کردبۆوە، سەرخۆش و ماندوو، درێژەی پێدا:

– دەتگەیەنێتە ماڵێکی سارد، ماڵێکی ڕۆتین و بێزار.

ئنجا سەرخۆشانە، پێکەنی:

–وەکو ئەورووپا!

فیلیپ، بەزەحمەتی و بەڕەتاوییەوە هەڵسایەوە، بەرەو لای من هات، زەردەخەنەیەکی ماندووی بۆ کردم:

– چۆنی، دارا؟

ئنجا، دوو پەنجە ماندووەکانی، کە نیوە جگەرەیەکی حەشیشەی پێوە گرتبوو، بۆ لای من درێژی کرد.

– سوپاس.

زۆر بە هێواشییەوە «چونکە لەوە دەترسام تووتنەکەی بکەوێ» جگەرەکەم لێ وەرگرت. یەکسەر چەند مژێکی قوولم لێدا. لەناکاو، ئەو کوڕە گەنجەی کە شەترەنجی لەگەڵ پیاوە قات سپییەکە دەکرد، ڕووی لە کچێک کرد «کە لە دەستەچەپی منەوە لەسەر کورسییەکی درێژ لەگەڵ کوڕێک دانیشتبوون و یەکتریان ماچ دەکرد»، هاواری کرد:

–دۆڕاندم، شانتال!

پیاوە قات سپییەکەی بەرامبەری، خەریک بوو جگەرەیەکی درێژی چرووتی دادەگیرساند، لەسەرەخۆ، وتی:

–هەڵبەتا دەدۆڕێنی!

کوڕە گەنجە «دۆڕاوەکە» هەڵسایەوە، بەرەو لای ئەو کچەی ناوی «شانتال»بوو ڕۆیشت، کە لەوە دەچوو دەزگیرانی یا خێزانی بێ. بە هیلاکی و پەرێشانییەوە لێی پرسی:

–بڕۆین، شانتال؟

پاشان یەکسەر بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی «شانتال» بکا، ڕووی وەرگێڕا و بەرەو لای عەللاگە درێژەکەی تەنیشت پیانۆکە چوو. وتی:

– پیاو بچێ بۆخۆی بەتەنیا لە ژوورێک دابنیشێت و شیعر بنووسێ، باشترە لەوەی بێ لێرە واتێ بگا کە عاشق بووە و حەشیشە کێشان و شەترەنج ئاسوودەی دەکا!

من کە گوێم لە قسەی ئەو کوڕە گەنجە بوو، لەسەرەتادا، لە دڵی خۆمدا وتم: «ئەو کوڕە، شاعیرە!»، پاشان بیرم کردەوە، وتم: «نەء. لەگەڵ منیەتی!». سەرم بەرز کردەوە

و ڕووم کردە ئەو کوڕە گەنجە، بە نەوایەکی غەمگین و هیلاکەوە، بەڵام پڕ لە دڵ بڵندییەوە، وتم:

– بەڵام هەرچۆنێ بێ، هاوڕێم؛ حەشیشەکێشان شتێکی هێندە بەدبەختانە نییە.

فیلیپ بە تووڕەییەوە، وتی:

– هەر هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی کەم دڵت خۆش و ئاسوودەت دەکا.

کوڕە گەنجەکەش، بە پەرێشانی و هیلاکییەوە، قاپووتەکەی خۆی لەبەر دەکرد، بێ ئەوەی سەیری کەس بکا، سەرخۆشانە، لەبەر خۆیەوە وتی:

– بەڵێ، بێگومان، هەرهیچ نەبێ وا لەپیاو دەکا کەمێک بیر بکاتەوە و ئەقڵی بێتەوە سەرخۆی.

ئەمەی وت و پەنجەی بۆ کەللەی خۆی برد. من لە دڵی خۆمدا، یەکسەر وتم: «ئەم کوڕە، بە تەواوەتی لەگەڵ منیەتی»، «لەوانەیە گوێی لە هەموو قسەکانی نێوان من و ڤینۆس بووبێ». «ئەقڵم بێتەوە سەر خۆم!»، «لەڕووی چییەوە؟»، «لەوەی کە گەڕان بەدووای ئەوین و جوانی، گەڕان بەدووای ئاسوودەیی و ئەو بەهەشتە میهرەبانەی لە دەستم چووە، گەڕان بە دوای وڵاتەکەم...شتێکی مەحاڵە، ناکرێ. بێهوودەیە».

ئەو کوڕە گەنجە، لەناو سالۆنەکە، شپرزە، تەماشای کەسی نەدەکرد، وتی:

– هیواداریشم ئەو قسانەی کردم، سەر و دڵی هیچ کەسێکی نەگرتبێ!

ئنجا پاشان، یەکسەر بەشپرزەییەوە، بەلەز دەستی خواحافیزی کردنی لە دەستی فیلیپ نا، بێ ئەوەی تەماشای «کچەکەی هاوڕێی یان ژنەکەی» بکات، وتی:

– من دەڕۆم، شانتال!

من لەناو بێدەنگیی دوای ڕۆیشتنی کوڕە گەنجەکەدا، تەماشای پیاوە قات سپییە یەخە بە مەدالیاکەم دەکرد. پیاوەکە یەکسەر هەستی پێ کرد کە تەماشای دەکەم. دەمودەست سەری بەرزکردەوە، چاوی بە هەوای ناو ژوورەکەدا گێڕا، ئنجا تەماشای سەرەوەی خۆی کرد، وتی:

– پووووف..! ئەم شەو مێش زۆرە!

منیش تەماشای دەوروبەری سەریم کرد، هیچ مێشێکم نەدیت. پێکەنیم، وتم:

– جەنابت، وەزیفەت چییە؟

چاکەتە سپییەکەی وێک هێنایەوە: «ئحم»، وتی:

– فرۆشیارم.

وتم: چ دەفرۆشی؟

بە ویقارێکی دڵ بڵندانەوە، وتی:

– من ژاپۆنی و عارەبان دەفرۆشم.

تەماشایەکی مەدالیەکەی سەر سنگیم کرد و بێدەنگ بووم؛ تێگەیشتم کە «ڕاسیستە». هیچی دیکەم نەگوت. لە شوێنی خۆمەوە، ماندوو، لەش داهێزراو، لەسەر کورسییەکە ڕۆنیشتم.

ژوورەکە پڕبوو لە دووکەڵ. هەستم بە ژانەسەرێک دەکرد. لەناکاو گوێم لە چرپە چرپێکی کچانە بوو، کە لە ژوورەکەی بنەبانێوە، لەلای مووبەقەکەوە دەهات. ڕاچڵەکام، بەڵام نەمدەتوانی سەرم بەرز بکەمەوە و تەماشای داڵانەکە بکەم. سەرەڕای ژانەسەر و داهێزرانی سەرتاپای لەشم، هەستم بە دڵگوشرانێک دەکرد. حەزم دەکرد بچمە دەرەوە، کەمێک هەوای سازگار هەڵبمژم. بیرم دەکردەوە: «ئێستا، هەر کە ڤینۆس دێتەوە ناو سالۆنەکە، یەکسەر پێشنیهادی ئەوەی لێ دەکەم، ئەگەر حەز بکا، ئێمەش دەچینە دەرەوە و ئەم قەرەباڵغییە دووکەڵاوییە بەجێ دێڵین»، «دەچین بۆخۆمان، لە دەرەوە، لەسەر شەقامەکان کەمێک پیاسە دەکەین، یانیش دەچین لە قاوەخانەیەک یان لە بارێکی خۆش دادەنیشین و قسە دەکەین».

کە هاتەوە ناو سالۆنەکە، هەر واشم پێ وت:

– پاشانیش ئیتر وردە وردە بەدەم پیاسەوە بەرەو مەیدانی مادلین بەڕێت دەکەم، دەتگەیەنمەوە هوتێلەکەتان. دەڵێی چی؟

پێی خۆش بوو، وتی:

– بۆ نا؟

ئەرێ بەڕاست، سەیرە، من تا ئێستاش تێناگەم، ئەو شەوەی لەگەڵ ڤینۆس ماڵی فیلیپمان بەجێ هێشت و چووینە دەرەوە، بۆچی خواحافیزیمان لە هیچ کەسێکی ناو سالۆنەکە نەکرد! بۆ؟ بەبیرم نایێ! بەبیرم نایێ کە خواحافیزیم نە لە فلیپ، نە لە سیمۆنا، نە لە ئان، نە لە هیچ کەسێکی دیکەی ئەو شەوەی ماڵی فیلیپ کردبێ! تەنێ ئەوەندەم لە بیرە، کاتێ لەسەر کورسییەکە، بەسەرخۆشی و لەش داهێزراوییەوە دانیشتبووم، دەستم درێژ کرد جگەرەیەکی دیکەی حەشیشەم لەسەر مێزە خڕە شووشەییەکەی بەردەمم هەڵگرتەوە و دامگیرساند؛ دوای قەیرێکیش کاتێ ڤینۆس هاتەوە ناو سالۆنەکە، بەیەکەوە هەڵسایین و چووینە دەرەوە. سەیرە، من بەبیرم نایێ خواحافیزیم لە کەس کردبێ!

– تکایە پەساپۆرتەکانتان!

پۆلیسی ناو شەمەندەفەرەکە بوو، ڕایچڵەکاندم:

– گەیشتوونەتە «پۆخت بوو Port bou». تکایە بەڵگەنامەکانتان!

گەشتبووینە سەر سنووری ئیسپانیا. شەمەندەفەرەکە دەمێک بوو ڕایگرتبوو.

پۆلیسی سنووری ئیسپانیا، پێش هەموو شتێک، جلوبەرگە جیاوازەکەی سەرنجی ڕاکێشام. هەر لەناو دەرگای فارگۆنەکە، تەماشای یەک یەک لاپەڕەکانی پەساپۆرتەکەمی کرد:

– گراسیا.

پیاوەکەی بەرامبەرم، کە سەروقژێکی بژ و تۆزاویی هەبوو، پەساپۆرتی خۆی و ژنەکەی خستەوە ناو جەنتاکەی و سەیرێکی کاتژمێرەکەی مەچەکی کرد. بە بۆڵەیەکی ماندوو بە ژنەکەی گوت:

– سێ سەعاتی ڕەبەقە لەناو شەمەندەفەرین.

ژنەکەی، هیلاک، پشتی بە کورسییەکەی دابوو؛ لەوە دەچوو هەر زوو دیسان بکەوێتەوە شیرین خەوەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم «پێش ئەوەی ئەم پیاوە ماندووە دیسان بکەوێتەوە خەوی شیرینەوە، با لێی بپرسم»:

– ببوورە؛ سەعات چەند دەگەینە بەرشەلۆنە؟

پیاوەکە دەمودەست پشتی لە کورسییەکە جیاکردەوە؛ زانیم لە ئیسپانییە شڕەکەی من تێ نەگەیشت؛ پرسیارەکەم دووبارە کردەوە. گوتی:

– دەوروبەری کاتژمێر یازدە دەگەینە بەرشەلۆنە.

کەمێک بۆرژابووم. هیلاک، قاچەکانم تا ژێر کورسییە چۆڵەکەی بەرامبەرم ڕاکشاند. ئانشکی چەپم لەسەر قەراغی پەنجەرەکە دانا. شەمەندەفەرەکە کەوتە جووڵە. لە پەنجەرەوە دەمدیت: دووایین کێڵگە و مەزرا و پێدەشتەکانی فەرەنسا وردە وردە تێپەڕدەبوون. لەسەر دوندی تەپۆلکەیەکی دووریشەوە، بەسەر ئانتێنێکی بەرزەوە، ئاڵای زەردوسووری ئیسپانیام کەوتە بەرچاو؛ با لێی دەدا و دەشەکایەوە.

هەستم دەکرد دەگەمەوە کوردستان و دوای ماوەیەکی دیکە – کە دەگەمە سانتیاگۆ– دایک و خوشک و کەسوکار و دەزگیرانی خۆم لە باوەش دەگرمەوە...

8

بۆ هاوڕێی خۆشەویستم، نەریمان...

سلاو،

لەناو وێستگەی شەمەندەفەری شاری بەرشەلۆنەوە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم. چەند پۆستکارتێکیشم بۆ فیلیپ و بێجان و شازاد و خەلیل و سیامەند و برادەرانی دیکە ناردووە، لەناو هەمان زەرفی ئەم نامەیەی تۆم داناون؛ تکایە پێیان بگەیەنە! یەک یەک چاوی هەمووتان ماچ دەکەم و ئاواتەخوازم هەمیشە لە بەختەوەریدا بژین.

کاتژمێر یازدە و شتێکە. نیو سەعاتێک دەبێ لە شەمەندەفەر دابەزیوم، لە قاوەخانەیەکی ناو وێستگە دانیشتووم و ئەوەتا دەمبینی: بیر لە ئێوە دەکەمەوە. چاوەڕێم نیو سەعاتێکی دیکە بەسەر بچێت و سواری شەمەندەفەر ببمەوە بەرەو سانتیاگۆ. پارەم گۆڕیوەتەوە و هەموو شتێک ئۆککەیە، گرفتم نییە. تۆ دەزانی فڕەنکی فەرەنسیی خۆمان لەچاو پەسێنتی ئیسپانی بەهادارترە؟ نانخواردنێکی باشی ئێرە نیوەی نانخواردنێکی سادەی پاریسی تێناچێ!

وابزانم کارێکی باشم کرد کە لە پاریس بلیتی ڕاستەوخۆی پاریس – سانتیاگۆم بڕی؛ ئەگینا ئێستا دەبووایە پازدە بیست سەعاتێک لەناو وێستگەی شەمەندەفەر هەر چاوەڕێ بکەم. ئەمەش لەبەرئەوەی لە بەرشەلۆنە ڕۆژانە تەنیا یەک شەمەندەفەر بەرەو سانتیاگۆ بەڕێ دەکەوێت؛ دەڵێن: سانتیاگۆ مەڵبەندێکی دوورەدەست و لاچەپە، واپێدەچێ هاتوچۆی – لەچاو شارۆچکەکانی تر – کەمتر بەسەرەوە بێت. چەند دەقیقەیەک پێش ئێستا، چووم تەماشای نەخشەی ئیسپانیام کرد؛ حەزم دەکرد بزانم ئاخۆ ئەم شارۆچکەیەی من بۆی دەچم، کەوتۆتە کوێی ئیسپانیاوە؟ تەماشا دەکەم: دووایین شارۆچکەی سەر سنووری ئیسپانیایە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئیسپانیا، ئیدی هێندەی نامێنێ بگەمە قەراغەکانی ئۆقیانووسی ئەتلەسی. خەلیل هەقی بوو کە دەیگوت: «دارا سەری خۆی هەڵدەگرێ بەرەو جەزیرەی واق واق». سلاوی لێ بکە.

ڕاستییەکەی، حەزناکەم لە بەرشەلۆنە بمێنمەوە. کە لە پاریسیش بووم هەر وام بڕیار دابوو. هەرچەند بەرشەلۆنە شارێکی زۆر خۆشە و ئەمە دووەم جارمە دێمە ئەم شارە. بەڵام وەک پێش ماوەیەک لەناو مەیدانە ئاپوورەکەی بەردەم وێستگە هەستم پێ کرد: ئێرە، لەچاو پاریس، زۆر گەرمترە. هەرچی گەنج و کوڕ و کاڵ و کچی جوان هەن، لە بەردەم ئەو وێستگەی شەمەندەفەرە، خۆیان نیووەڕووت کردۆتەوە، بە تاقە فانیلە و شۆرتێکەوە لەناو مەیدانەکە تاک تاک، جووت جووت، دەستە دەستە، جەنتاکانی سەفەریان کردۆتە سەرین و لێی پاڵ کەوتوون. دیارە، بێگومان، زۆربەیان، بە شەویش هەر، لەم مەیدانە ئاپوورەیەدا دەنوون: چونکە ئێرە ئەگەر بە ڕۆژ هێندە گەرم بێت؛ دەبێت شەوەکەی زۆر فێنک بێت. هەر چۆنێک بێ، مەیدانە خۆشەکەی بەردەم وێستگەی شەمەندەفەری بەرشەلۆنە هوتێلێکی گەنجانەی بەلاشە بۆ

ئەو گەڕیدە و لاکەوتە و موسافیرانەی وەکوو من.

نەریمان گیان، هاوڕێم..

پێش ئەوەی بگەمە بەرشەلۆنە، شەمەندەفەرەکە تازە گەیشتبووە ناو ئیسپانیا و یەکەمین شارۆچکەکانی ئیسپانیای تەی دەکرد. کاتێ خاوی کردەوە، لە پەنجەرەوە قازم دیت. قازی باڵ مەیلەوڕەش و خۆڵەمێشی، تەواو وەک ئەو قازانەی لای خۆمان کە کەمێک سیان و چڵکیشیان پێوە بوو (نەک وەک ئەو قازانەی کە هەر دەڵێی تۆپەڵێک ئارمووشی سپیی بێ گیانن کە لە نەرویج یا لە فەرەنسا دەیانبینین) کاتێ چاوم بەو قازانە کەوت دڵم زۆر خۆش داهات، هەستم دەکرد لە کوردستانم و دیسانەوە چاوم بە هەڵەبجەی شارەکەی خۆم دەکەوێتەوە. من زۆر لەمێژ بوو قازم نەبینیبوو. لێرە، لە ئیسپانیا، بینیمن: زۆر جوان و بەدەو، لە دەم بەستەکاندا قونەقونیان بوو.

بەست! بەست بە هەمان پاشماوەی ئەو ئاو و ئاوەڕۆ چک کراوانەی خۆیانەوە لەسەر ڕێگەی بەرشەلۆنە هەن. دارسپیندار. سەوزیی سروشتی. پەنجەرەی کۆن. سەربانی قەرەباڵغ. کۆڵلارەی منداڵان. ڕستە و تەنافی جلوبەرگ هەڵواسراوی لای خۆمان ئاسایی. گوفەک. کەر. کەر، کە من لەوەتەی لە ئەوروپام.. غەریبیی دەکەم. دەیان ژیان و شتی جوانی دیکە. من سەیرم پێ دێ: ئیسپانیا چۆن توانیویەتی ئەو هەموو شتە کۆنە جوانانە بە دەقی خۆیان هەتا ئێستاش هەر بپارێزێ؟ بەکورتی: لە ئیسپانیا هەست دەکەم لە هەڵەبجە و کەرکووک و دیالە و ئەو مەڵبەندانەی کوردستانم.

نەریمان گیان،

شەمەندەفەرەکەم سات یازدە و پەنجا دەقیقە بەڕێ دەکەوێ. بۆ سبەینێ سات یەک و نیوی دوای نیوەڕۆ دەگاتە سانتیاگۆ. واتە من دەبێ نزیکەی بیست و شەش سەعات لەناو شەمەندەفەر بمێنمەوە. دڵم بەوە خۆشە کە باڕ و کافتیریاکەی ناو شەمەندەفەر بەدرێژایی ڕێگا کراونەتەوە؛ تەنیا شەوەکەی نەبێت کە لە کاتژمێر دووازدەوە تا نۆی بەیانی دادەخرێت. لەم ماوەیەدا، بێگومان دەتوانم هەر لەناو کافتیریای شەمەندەفەرەکە بۆ خۆم دانیشم سکێچ بکەم یان بخوێنمەوە. بۆڕد و ستاندەکەم لە تووڵووز فڕێدا، دامە نیگارکێشێکی پەرپووت کە لە مەیدانێکی ناو شاری تووڵووز پۆرترێتی دەکرد. دامناوە هەرکە دەگەمە سانتیاگۆ بۆرد و ستاندێکی

تازە بکڕم.

دڵنیابە هەرکە دەگەمە سانتیاگۆ، ناونیشانێکی خۆمت بۆ دەنێرم و لە هەواڵی خۆم ئاگادارتان دەکەمەوە.

هاوڕێی دڵسۆزت: دارا

لە چێشتخانەی «پیگال»، لە گەڕەکی مۆنماخت، لەو چێشتخانەیەی کە هەموویان ڕاهاتبوون زۆربەی ئێواران لەوێ کۆببنەوە؛ نەریمان، خەلیل، سیامەند، دختۆر نووری، بێجان.. لە دەوری مێزێک دانیشتبوون؛ نەریمان تەواوی نامەکەی دارای بۆ خوێندنەوە. هەرکە نەریمان دیماهی بە دووایین ڕستەی نامەکە هێنا، بێجان گوتی:

– خەلیل، تۆ فیلیپ زوو زوو دەبینی؛ پێی خۆش دەبێ ئەگەر هەواڵی دارای پێ بگەیەنیت.

– «نامەی تایبەتی» بۆ ئەو ناردووە، قوربان...

سیامەند بوتڵێک شەرابی «بۆەژۆلێ» تازەکەی بەدەستەوەبوو، یەک یەک بۆ هەموویانی تێکرد:

– بە هیوای سەرفرازیی دارای برادەری دوورەوڵاتمان.. نۆش!

کە پەرداخەکەیشی دانایەوە، غەمگین غەمگین دەتگوت دەلاڵێتەوە:

– شوان قەرزێکی وەرگرت و ڕایکردە کەنەدا، خەسرۆ ژنێکی پۆڵۆنیی هێنا و چووە وارشۆ، زیرەک زیرەکانە زەمالەیەکی ئوستورالیای بۆ خۆی پەیدا کرد و خۆی گەیاندە سیدنی، ئەوا داراش «کەس نازانێ بۆچی» تێی تەقاندە ئیسپانیا. بەشەرەفم لەوە دەچێ ئەم پاریسە بەختی نەبێ: هیچ کوردێکی تێدا نامێنێتەوە!

بێجان گوتی:

– دارا دەگەڕێتەوە.

– ناگەڕێتەوە.

– دەیبینی. هەر دوو هەفتەی دیکەیە!

خەلیل قسەی هەردووکیانی بڕی:

– بۆ بگەڕێتەوە؟ بۆ خۆی ژنێکی دەوڵەمەندی ئیسپانیی دۆزیوەتەوە کە کێڵگە و باغ و باغاتێکی هەیە تەنانەت تا حەوت پشتی داراش بەشیان دەکا.

– کێ وا دەڵێ؟

– لای گابریێل باسی کردبوو.

– کام گابریێل؟

– نیگارکێشە یۆنانییەکەی لای خۆمان.

دختۆر نووری ڕووی لە خەلیل کرد؛ حەزی دەکرد بزانێ:

– ژنەکە پیرە؟.. کەترەیە؟

– شازاد دەڵێ: بیست ساڵەیەکی بلۆندە، دڵت نایە تەماشای بکەی!

خەلیل بە گاڵتە پێکردنەوە ڕووی لە قسەکەی بێجان کرد:

– شازاد لە کوێ بینیویەتی؟

سیامەند پێکێکی دیکەی هەڵدا، دەیویست مەتەڵەکە هەڵبهێنێ:

– شازاد خۆی نەیبینیوە؛ دارا بۆی باس کردووە.

خەلیل گوتی:

– درۆیە. من باوەڕناکەم.

نەریمان گوتی:

– فیلیپ دەیگوت: «من پێم وابێ دارا ئەو کچە ئیسپانیایەی لە ماڵی ئێمە ناسی». دەیگوت: «شەوێک دەعوەتم کردبوو؛ وابزانم ئەو کچەی لەو دەعوەتەی ماڵی ئێمەدا ناسی».

خەلیل هەڵیدایە:

– یەعنی، دارا، عەیب نەبێ، ڕەدووی ژنان کەوت؟

سیامەند گوتی:

– سەیرە! لە نامەکەیدا باسی هیچیش ناکا.

«دختۆر نووری» دیاربوو دەستی لە خواردنەوە کشاندبۆوە، کەوتبووە سەر نانخواردن:

– ئیشێکی گەلەک باشی کردووە.

– ئیشی باشی چیی کردووە؟ خەلیل پرسی.

– کە ڕەدووی ژنان کەوتووە.

– بۆچی چما لێرە ژن نییە، هەی لە ئەو نەگبەتتر!

– ژنێک بەخێومان کات و کرێی خانوومان بدات و کێڵگە و ڕەز و باغاتی خۆمان بەناو بکات..

– نە وەڵڵا نییە.

– کوا؟ دەی بۆ منی بدۆزەوە تا بیخوازم!

– ئنجا خۆ بۆ تۆ، ئەگەر تۆ خۆشت بەخێوی بکەیت و کرێی خانووی بدەیت و کێڵگە و باغاتی خۆتی بەناو بکەیت.. هەر دەست ناکەوێت؛ هەی کەرە!

دختۆر نووری کەوتە بەرگریکردن لە خۆی:

– من ئەسڵەن ژنی ئێرە هەر ناهێنم.

خەلیل کەوتەوە قسە:

–وەک هەندێ لە کوردە پەناهەندەکانی ئەسکەندەنافیا بچۆرە پۆڵۆنیا! دەڵێن: کچە پۆڵۆنی هەرکە سەرڕەشێک یەک دۆلاریان نیشان دەدات؛ ئیتر یەکسەر فس دەبنەوە و بەدووات دەکەون بۆ هەر کوێیەکی خۆت حەزبکەی.

دختۆر نووری لوقمەی لە دەمدا بوو، بە خەلیلی گوت:

– تۆ جارێ بۆ خۆت ژنێکی شەریف بێنە؛ عەلاقەت لە خەڵکی تر نەبێ!

خەلیل، ڕووی لە بێجان، لمۆزی خوار، گاڵتەی بە عەقڵی دختۆر نووری کرد:

– جەنابی دختۆر هێشتا بۆ خۆی ژنێکی ناشەریفی پێ نەدۆزراوەتەوە، دەیەوێ ئێمە ژنێکی شەریف بدۆزینەوە!

نەریمان ناچار بوو بکەوێتە ناوبژییانەوە و فێڵێک بۆ پچڕاندنی ئەو گفتوگۆیە بدۆزێتەوە:

– کوڕینە، دەزانن: دەشتی سێ ڕۆژە لە بەندیخانە دەرچووە و تا ئێستا سەرێکمان لێی نەداوە!

– ئەرێ بەڕاست ئەوە چی بوو؟ لەسەر چی گیرابوو؟

بێجان وەڵامی سیامەندی دایەوە:

– لەسەر هێلکە.

– هێلکەی چی؟

خەلیل گرژییەکەی خاوببۆوە:

– ئەی! ئەویش هێلکەی قاچاغی لەڕێگەی ئەلزاسەوە دەبرد بۆ زووریخ؛ لەوێ بە پارەی شەش قات دەیفرۆشتەوە.

– یەعنی دەشتی لەسەر سنووری فەرەنسا و سویسرا قاچاغچێتیی هێلکەی دەکرد؟

– ئەدی چی؟ دەزانی چ پارەیەکی دەست دەکەوت!

– ئەرێ (پۆلا) چ دەکا؟

– چ دەکا!.. پشیلەکەیشی لەگەڵ خۆی ڕزاندۆتەوە.

– چۆن؟

– ئەی! ئەم خۆی لە کونی ژوورەوە ناوە و نەگبەت نایەتە دەرەوە؛ پشیلەکەیشی لەگەڵ خۆی سجن کردووە.

– ئنجا بۆ نایەتە دەرەوە؟

– دەڵێ: «ئاوها مەسرەفم سووکترە».

– مووچەی بەلەدییەکەی بەشی ناکا.

– ئنجا بەشی کێ دەکا!

– چاکتر وایە ئەویش ژنێکی کەترەی ئیسپانی بۆ خۆی بدۆزێتەوە و ئەویش بچێتە سانتیاگۆ..؟

خەلیل بەدووای ناوی شارەکەدا دەگەڕا.

–...دی کۆمپۆستێللا.

– سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێللا.

نەریمان بە ئاوازی ئامۆژگارییەوە ڕووی لە خەلیل کرد:

– خەلیل گیان، ئەگەر ئێستا شازاد لێرە بووایە، دیسان دەستەویەخەی یەکتر دەبوونەوە. ئەم دیعایە قۆڕانە بۆ دارا بلاومەکەوە. عەیبە!

– ئنجا دیعایەی چیم کردووە؟ من باسی پۆلای نەگبەت دەکەم. پارەی بەلەدییەکەی بەشی ناکا..

– ئنجا خۆ تەنیا ئەو حاڵی وا نییە!

دختۆر نووری ڕووی لە خەلیل کرد:

– بەخوا، تۆ، تەنیا شازاد دەرەقەتت دێ.

– ئاخر ئەمیش؛ پارەی بەلەدییەکەی، بەشی ناکا.

– ئەگەر ئێستا شازاد لێرە بووایە، پێتی دەگوت: تۆ بۆ خۆت بە هۆی پۆرترێت و بازرگانیکردن بە هونەرەوە لە مۆنماخت بوویتەتە ملیۆنێر، خەڵکی دیکەشت کردۆتە تیزەسارەی خۆت.

خەلیل بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی تووڕەبوون بە ئادگارییەوە دیار بێت، گوتی:

– دختۆر نووری، من با تەنیا یەک قسەی جیددی لە ژیانمدا بە تۆ بڵێم!

– فەرموو.

– ئێمەی پەناهەندە و دوورەوڵات، نەک تەنیا لە فەرەنسا بەڵکو لە هەموو ئەورووپا، تەنیا سێ ڕێگەچارەمان لەپێشدایە.

نووری بە گاڵتەکردنەوە بە خەلیل گوتی:

– یەکەم:

– تەسلیم ببینەوە بەعسی دکتاتۆر؛ حیزی و سەلامەتی، بچین عەسکەرییەکەی خۆمان بکەین.

– دووەم:

– ژنە پۆلۆنییەک یان پیرەژنێکی کەترەی ئەم ئەورووپایە بدۆزینەوە کە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و بەختەوەریمان؛ بەخێومان بکات و داڵدەمان بدات «یان هیچ نەبێ فێری زمانەکەمان بکات»... کە ئەمەش چارەسەرێکی وەختییە. ها!

– ئەدی سێیەم؟

– سێیەم ئەوەیە کە تۆ بتوانیت بنجی خۆت واقیعییانە لە ئەوروپا ڕەگاژۆ بکەیت، وەک ئەمان و لەگەڵ ئەمان بژیت، کاکی خۆم!

دختۆر نووری بیری دەکردەوە:

– وایە...

– ئنجا لەم کاتەشدایە کە تۆ فێر دەبیت چیتر باسی ژنی بەشەرەف و بێ شەرەف نەکەیت.

– ئنجا لەم کاتەشدایە کە تۆ فێر دەبیت وڵات و ئەخلاقی میللەتی خۆتت لەبیر بچێتەوە.

خەلیل کەوتەوە گاڵتەکردن بە دختۆر نووری:

– فەرموون، جەماعەت.. هاتەوە سەر یاسینی گۆلکێ! باشە، ئێستا تۆ، کام ڕێگەچارەت بە لاوە پەسەندە؛ هەی حافز ئەسەد!؟

– من دەڵێم: بەداخەوە..

– چی بەداخەوە؟

– ئێمە، هەموومان لە ئەورووپا چەند پڕۆژەیەکی تەئجیلکراوین.

نەریمان و بێجان و سیامەند، پێش هەمووشیان خەلیل، بەم قسەیەی دختۆر نووری، دایانە قاقای پێکەنین.

کە لە پێکەنینە ناکاوەکە کڕبوونەوە، بێجان پێش ئەوەی پێکی بۆژەلێکەی هەڵبدا، پرسی:

– دختۆر نووری؛ چۆن؟

– توو شەرەفتان مەگەر وا نییە؟ لێرە هەموومان ژیان و پڕۆژەکانی خۆمان تەئجیل کردووە بۆ ئەو کاتەی کە صەدام حسێن و خومەینی و ئەسەد و بوڵند ئەجەوید.. لەناودەچن!

دختۆر نووری لەبەر پێکەنینی ئەوان فریا نەدەکەوت بۆچوونەکەی خۆی ڕوونتر بکاتەوە:

– ئەوەتا شازاد دکتۆراکەی تەواو کردووە و چاوەڕێ دەکا صەدام بڕووخێت و

بگەڕێتەوە کوردستان و لە زانکۆ دەرس بڵێتەوە. نەریمان خۆی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببێت و گەلەرییەکی نەتەوەیی کوردی بە ناوی «گەلەریی کوردستان» لە مۆنپەرناس بکاتەوە و تەنیا تابلۆی هونەرمەندانی کورد لەو گەلەرییە بفرۆشێتەوە – خواش دەزانێ کەی دەوڵەمەند دەبێ!– ئەوەتا کامەرانیش، کامەرانی بەدبەخت، چاوەڕێ دەکا هیج نەبێ هاتوچۆ بکرێتەوە بۆئەوەی کچەمامە مارەکراوەکەی خۆی بگەیەنێتە لای خۆی. ئێ... ئەوەتا سوداد گەردی کتێبێکی فۆلکلۆریی دەشتی هەولێری کۆکردۆتەوە و دوو ساڵە هەر چاوەڕێ دەکا: نازانێ لەکوێ چاپی بکا!

– وەڵا ڕاست دەکا، شەماڵی شاعیری هاوڕێشمان لە بەرلینەوە نامەی ناردووە، دەڵێ «شیعر نانووسم تا ئەوکاتەی بەتەواوەتی فێری ئەڵمانی دەبم، بۆئەوەی بتوانم لەمەودووا یەکسەر شیعر بە ئەڵمانی بنووسم و شۆرەت پەیدا بکەم».

برادەرەکانی دختۆر نووری کولابوون لەناو پێکەنیندا. بێجان هەر پێدەکەنی، پچڕ پچڕ توانی قسەیەک بکات:

– دارا.. بۆ خۆی.. ڕۆ.. یشت... ها؟

ئنجا خەلیل مەبەستەکەی بۆ تەواوکرد:

– دارا.. تەحەممولی.. نەکرد.. چیتر.. خۆی.. تەئجیل.. بکات.

لەو دەمەدا بوو، شازاد وەژوور چێشتخانەکە کەوت و گەیشتە سەر مێزەکەی ئەوان:

– چیيە ئەوە! دیسان باس باسی دارایە؟

خەلیل پێکەنینی ڕانەدەوەستا، کورسییەکی بۆ شازاد ڕاکێشا:

– وەرە دانیشە شازاد! دارا...

– دارا چی؟

– دەزانی بۆچی دارا ئەو پاریسە خۆشەی بەجێ هێشت و سەری خۆی هەڵگرت؟

– بۆ؟

– چونکە...

خەلیل هەر پێدەکەنی. شازاد پرسی:

– چونکە چی؟

– دارا.. تەحەممولی نەکرد.. چیتر.. خۆی تەئجیل بکات.

9

لیباردۆ، باوکی کۆلۆمبی، دایکی پورتوگالی، لە پاریس لەدایک ببوو. چوار ساڵ بوو یەکترمان دەناسی. فۆتۆگرافێکی هونەرمەند بوو. هەموو ئێوارەیەک تا نیوەشەو، کامێرا لە شان، دەم بە جگەرەیەکی چرووتەوە، لە مۆنماخت دەمایەوە؛ بازاری هەمیشە

زۆر گەرم بوو: چونکە لەپاڵ ئەوەی کاری بۆ گەلەری و نیگارکێشەکانی مۆنماخت دەکرد، قازانجێکی باشیشی لەڕێگەی تووریستەکانی مۆنماختەوە دەست دەکەوت. دەستێکی جوانی نیگارکێشانی هەبوو، بەڵام هەرگیز حەزی نەدەکرد پیشانگا بکاتەوە و تابلۆکانی بداتە گەلەرییەکان. گەلێک ئێواران، دوای کار، لە باڕی «دێ فلۆر» کە باڕێکی بێدەنگ و خۆشی مەکسیکی بوو لە مۆنماخت، بەیەکەوە نانمان دەخوارد. ئێوارەیەک، دوای مشتومڕێکی زۆر، دەیویست دەرگای گفتوگۆکەمان کلیل بدات، گوتی:

– هەر چۆنێک بێ.. باشتر وایە ئێمە هەموومان سەری خۆمان بەرەو هیندستان هەڵگرین و بچین بەیەکجاری لە هیندستان بژین!

منیش، کە هەستم دەکرد هەمیشە شتێکی نامۆ و سەیرتر لەناو دەروونی لیباردۆدا حەشاردراوە، گوتم:

– بۆ بچینە هیندستان؟

لیباردۆ گوتی:

– لەبەرئەوەی ئەورووپا خوای نێدا نەماوە. لە ئەورووپا خوا مردووە... دەمێکە مردووە.

منیش کەمێک بە سەرسامییەوە، پرسیم:

– ئنجا ئەمە پەیوەندیی بە قسەکەمانەوە چییە؟

– هیندستان هێشتا پڕە لە خواکان! ئێمەی هونەرمەند هەموومان پێویستە بچینە ئەوێ و.. دوعا بکەین! لە خواکان بپاڕێینەوە کە بەختێکی باشمان پێ ببەخشن، لە خواکان بپاڕێینەوە کە مرۆڤ بەختەوەر بکەن و ئەم جیهانەمان پاک ببێتەوە!

بە لیباردۆم گوت:

– باشە، عیراق و ئێران.. خۆ ئەورووپا نین و پڕیشن لە خوا! ئەدی بۆچی ئەوە زیاتر بۆ حەوت ساڵ دەچێ بە گوللە و تۆپ و گازی کیمیاوی کەوتوونەتە گیانی ڕۆڵەکانی خۆیان؟

– من قسەم لەسەر واقیعەکە نییە، هیچ وڵاتێکی دنیا بێ گەندەڵی نییە. من قسەم لەسەر ئەوەیە کە هیندستان و ڕۆژهەڵات، بەختەوەرانە، هێشتا خوایان تێدا ماوە.

– باشە، ئاخر منیش هەر باسی ئەوە دەکەم. خەڵکی «ئەو هیندستان و ڕۆژهەڵاتەی تۆ باسی دەکەی» لەوەتەی هەن نوێژ دەکەن و لە خوا دەپاڕێنەوە؛ ئەدی بۆچی ژیان لەوێشدا هەر لە خراپەوە بۆ خراپترە؟

لیباردۆ پێدەچوو هەستی پێکرد بۆچوونەکەی بەتەواوەتی ڕاست نەبێ:

– ئێمەومانانی ئەورووپایی، ئەمڕۆ، پێمان وایە هیچ نەبێ تۆزقاڵێک ڕۆحانییەت و

سۆز لە ڕۆژهەڵاتدا هێشتا هەر ماوە.

– من وابزانم ئەم قسەیەی تۆ لەبارەی ڕۆژهەڵات، تەنیا لەبارەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕاستە: ئەو وەختەی ڕۆمانسییە ئەورووپاییەکان بەلێشاو ڕوویان دەکردە ڕۆژهەڵات.

– مەبەستت: ئێستا شتەکان تەواو بەپێچەوانەوەن؟

– من وا نالێم.

– ئەدی؟

– گرنگ ئەمەیە: هونەرمەند لە هەر کوێیەک بێت، لە هەر حاڵەتێکدا بێت، دەتوانێ «خوایەک» بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

– تەنانەت لە ئەورووپاش؟

– بێگومان.

– بەڵام نیتشە صەد ساڵ زیاترە ئێمەی ئەورووپاییی ئاگادار کردۆتەوە کە لە ئەورووپا «خوا مردووە..». تەواو.

– «ئەگەر خوا نەشبێت؛ تۆ خۆت دەبێ دروستی بکەی!».

لیباردۆ پەرداخی ریکاردەکەی دانایەوە و دەمی خۆی سڕییەوە:

– کەواتە، ئەمەی تۆ باسی دەکەی خوا نییە؛ بەڵکوو تەنیا وەهمێکە.

– ئەسڵەن هونەرمەند بەبێ وەهم ناژیت.

– چۆن؟

– هونەرمەند هەمیشە پێویستی بە وەهمێک هەیە؛ بەبێ وەهم ناتوانێ بژیت و داهێنان بکات.

– بۆ؟

– ئەم وەهمە دڵی دەداتەوە و ئومێدێکی پێ دەبەخشێ... وەهم زۆر جوانە، لیباردۆ! وەهم ڕزگارت دەکا.

– کەواتە، مەسەلەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کۆتایی پێ هات: هیچ گرنگ نییە هونەرمەند لەکوێ بێت؟

– بێگومان گرنگ نییە؛ چونکە هونەرمەند هەمیشە لەناو وەهمێکدایە. ئیتر ئەم وەهمە هەموو کەسێکی ئەوە؛ وەهم هەموو شوێنێک و هەموو کەسێکە بۆ ئەو.

لیباردۆ گوتی:

– یەک شت دەمێنێتەوە.

– چییە؟

– هەندێ شوێن هەن ڕێگەت لێ دەگرن کە بتوانیت وەهمێک بۆ خۆت دروست بکەیت.

لیباردۆ دامابوو، بیری دەکردەوە:

– ئەمە بەڕاستی کارێکی قورسە.

– چی؟

– کە بتوانیت وەهمێک بۆ خۆت دروست بکەیت و ڕزگارت بکا.

– بەڵێ، بێگومان. هونەرمەند لەو خەڵکە دەگمەنانەیە کە توانای ئەوەی هەیە وەهمێک بۆ خۆی دروست بکات. تەنیا ئەم وەهمە ڕزگاری دەکا. ئەم وەهمە بۆ هونەرمەند بەتەواوەتی بریتییە لە ئەڵتەرنەتیفێک.

– ئەڵتەرنەتیفی چی؟

– ئەڵتەرنەتیفی واقیعێک، بەهەشتێک، ئاسوودەییەک.. کە تۆ لەدەستت چووە یان کە هەست دەکەی هەرگیز ناتوانیت وەدەستی بهێنێت!

نازانم بۆچی، لەناو کافتیریای شەمەندەفەرەکەدا، بەدەم کێشانی سکێچێکەوە، ئەم گفتوگۆیەی خۆمم لەگەڵ لیباردۆ هاتبۆوە یاد!

پێنج سەعات زیاتر بوو لەناو شەمەندەفەرەکە بووم. تازە لە خەو هەڵسابووم، کورسی و فارگۆنەکەی خۆمم جێهێشتبوو؛ بۆ خواردنەوەی بیرەیەک و نانخواردنێک هاتبوومە کافتیریاکە. گۆشەگیر، لە سووچێکی کافتیریاکە دانیشتبووم و سەرگەرمی کێشانی سکێچێک بووم.

زۆر سەیرە! لەم ڕۆژانەدا هەرکە دەستم دەدایە پێنووسە فەحمییەکەم و دەمویست سکێچێک بکەم، دەمودەست دیمەنی حەوشەی ماڵەکەمان دەهاتە پێش چاو لە هەڵەبجە. هەوڵم دەدا لەدەست ئەو وێنەیە خۆم ڕزگار بکەم کە هەمیشە دەهاتەوە بەر دیدەم: خوشک و برا و سەرتاپای منداڵەکانیان، لەگەڵ دایکم و باوکم.. لەناو حەوشەی ماڵەوەدا، لەژێر تەپوتۆزێکی شینی کیمیاویدا کەڵەواژ ببوونەوە. لە نێزیک ئەواندا: سۆندەیەکی سووری درێژ، وەک لاشەی مارێکی ئەستووری زەبەللاح، لەناو حەوشەکەدا کوژراو؛ لەملاتریشەوە چەند تاکە نەعلێکی لەهۆشخۆچوو، لەگەڵ پەیژەیەک کە هەتا هەتایە هیچ کەسی تری بەرەو بانیژەکە پێ سەرناکەوێ...

ئەم دیمەنە، هەموو دەم، لەوکاتانەی دەستم دەدایە پێنووسە فەحمییەکەم دەهاتەوە پێش چاوم. بە خۆمم دەگوت: «چی بکەم»، «کێ وەک منە؟»؛ «سەرجەم خانەوادە و خۆشەویستانت لە ماوەی چاوترووکانێکدا لەناوبچن و خۆشت لە غەریبیدا..!».

– ئەمە بەڕاستی کارێکی قورسە.

– چی؟

– کە بتوانیت وەهمێک بۆ خۆت دروست بکەیت و ببێتە ئەڵتەرنەتیفێک.

لەناو کافتیریای شەمەندەفەرەکە دڵی خۆم تەنیا بەوە خۆش دەکرد کە چەند سەعاتێکی دیکەیە و ئیتر دەگەمە سانتیاگۆ.

– لە سەرەتادا خانوویەکی بچکۆڵەت بۆ بەکرێ دەگرم.

ڤینۆس ئەمەی پی دەگوتم. منیش دەمگوت:

– ئێواران جاربەجار بۆ خۆشم دەچم کاردەکەم: لە باخچە و مەیدان و شوێنە گشتییەکاندا ستاند و بۆردەکەم هەڵدەدەم و پۆرترێت بۆ خەڵک دروست دەکەم.

–بەڵام من بۆ خۆم دێم خانووەکەت بۆ دەڕازێنمەوە.

– دیوارەکانی هەمووی بە ڕەنگە جوانەکانی میهرەبانیی تۆ نەخش دەکەم.

– ژوورێکت بۆ جیادەکەمەوە بۆ ستۆدیۆکەت.

– منیش بۆ خۆم خواردنی کوردەوارییانەی خۆمانت بۆ لێ دەنێم.

ڤینۆس دەیگوت:

– نەء ؛ تۆ دانیشە. بۆ خۆت هەر ڕەسم بکە!

– ڤینۆس گیان، ڕەسمی من تەواو نابێ.

– لە سانتیاگۆ هەر ڕەسم بکە.. هەر ڕەسم بکە... هەتا ئیتر دەبینی: هەموو وەهمەکانت بوونەتە واقیع!

من بەبیرمە: کە لەگەڵ ڤینۆس دەبووم و لەگەڵی دەکەوتمە گفتوگۆ، هەمیشە چرپەچرپێکی دوورەدەست دەهاتە گوێم؛ لەوە دەچوو لە شوێنێکی نزیک منەوە باڵندەیەک خەون ببینێ یان چەند تاڵە گیایەک لە دوورەوە بیانەوێ بڕوێن و سەر دەربکەن.

لە پەنجەرەی کافتیریاکەوە، دەمدیت: بەپێچەوانەی ئاپارتمان و بازاڕی ئاپوورە و جمەی ئوتومبیلەکانی پاریس؛ مێرگ و کەژ و دەشتی سەوز، ئەسپ و باڵندە و مێگەلی مەڕ.. وردە وردە وەدیاردەکەوتن. ئەگەرچی من نەمدەزانی ئاخۆ ئێستا لە کوێم و ناوی ئەم مەڵبەندەی پێیدا تێپەڕ دەبین چییە، بەڵام ڕەنگی ئەم دیمەنە تازە سروشتییانە، وەک ئاوازێکی خۆش دادەڕژایە کانگامەوە، مێشکی ماندوومی هێمن دەکردەوە. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد تا دەگەمە سانتیاگۆ، هەرگیز ئەو پەنجەرەیە جێ نەهێڵم و هەر تەماشای ئەم سروشتە پاکە ئارامبەخشە بکەم.

لەناکاو زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوم، بە خۆمم گوت: «ئەو شوێنەی بۆشی دەچم، سەیرە؛ نازانم کوێیە. هەرگیز نەمدیوە!».

ڤینۆس پێی دەگوتم:

– مەڵبەندێکی تا بڵێی قەشەنگ و دڵگیرە. هەرکە لێی نزیک دەبیتەوە، هەر کەژ و چیای ڕەنگاوڕەنگە، هەر ڕووبار و ڕەز و باغاتە دێنە پێشوازیت. ئاسمانەکەی پەڵکەزێڕینەی لێ نابڕێت. هەوایەکی تا بڵێی خۆش و سازگاری هەیە.

دەیگوت:

– ئەگەر بێی، بەڕاستی، سەرت لەو جوانییە ئەفسووناوییە سوڕ دەمێنێ.

منیش دەمویست لە هاتنی خۆم ئەرخاینی بکەمەوە:

– سروشت، بەڕاستی، گیانێکی دیکەم بەبەردا دەکاتەوە.

– بە تۆ بێ: هەرگیز ئەوێ بەجێ نەهێڵی!

بە ڤینۆسم گوت: ڤینۆس..

– بەڵێ.

– من ماوەیەکی زۆری ژیانم لە پاریس، هەر بۆ خانوو دەگەڕام و هیچ خانوویەکم دەست نەدەکەوت. هەندێ شەو دەچوومە ماڵە هاوڕێکانم، هەندێ شەوانیش تا بەرەبەیان لە بارەکان دەمامەوە، زۆربەی شەوانیش هەر لە دەرەوە لە قاوەخانەکاندا یان بەدەم پیاسە ڕۆژم دەکردەوە. شەوێک لەو شەوانەی بێکەسی و بێ ماڵیی خۆم، لەسەر شەقامێکەوە سەرم هەڵبڕی تەماشای بالکۆنێکم کرد. سەگێکم بینی، هەر دوو دەستی بەسەر شیشەکانی شوورەی بالکۆنەکەوە گرتبوو و تەماشامی دەکرد. من بێ ماڵ لەوکاتەدا زۆر بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە، لە دڵی خۆمدا پێکەنیم، بە خۆمم گوت: «هەیهات! کە لە کوردستان بووم، من لە بالکۆنەوە تەماشای سەگم دەکرد؛ ئێستاش لە ئەورووپا سەگ لە بالکۆنەوە تەماشای من دەکات».

ڤینۆس بەم قسەیەم زۆر پێکەنی. پاشان وتی:

– وەیش... قوربانت بم.

منیش گوتم:

– ئەوا زیاتر لە حەوت ساڵە لەناو ئەو پاریسە ئاپوورەیەدا پیشام؛ هەمیشە «مێترۆ، بوولۆ، دۆدۆ».

ڤینۆس گوتی:

– وەرە.. وەرە بۆ لای من.. دارا!

گوتم: بەڵام هەتا کەی؟ هەتا کەی؟

ڤینۆس پەنجەکانی هەر دوو دەستی ڕۆکردە نێو قژم. سەرمی بە سنگی خۆیەوە نا؛ هەستم بە گەرمایی هەناسەی دەکرد، گوتی:

– تا ئەو کاتەی خۆت حەزدەکەی.. تا هەتایە.

ڤینۆس پەنجەکانی بەناو قژمدا دەگەڕاند و دەیلاواندمەوە:

– لەوێ، چوار پێنج بێستانی گەورەمان هەیە، لەگەڵ کێڵگەیەکی تا چاو هەتەردەکا هەراو. لەوێ، باوەشی ئەو سروشتە بەهرەی جوانترین تابلۆکانی ژیانت دەداتێ. هونەرەکەشت گیانێکی تازە و خوێنێکی تازەیان بەبەردا دەکرێتەوە. لەوێ، لەمەودووا، نە جیهان بۆ من چیتر ئەو گوندە بچووکە دەبێت و نە بۆ تۆش چیتر ئەو زیندانە گەورەیە!

بەدەم بیرهاتنەوەی ئەم قسانەی ڤینۆس، لەناو شەمەندەفەرەکەدا، خەیاڵ بردبوومیەوە؛ شارۆچکە خنجیلانە وێرانکراوەکەی خۆمانم وەبیردەهاتەوە: هەڵەبجە، کەژ و کێوە ڕەنگینەکانی، چیا سەرکەشەکانی، ڕەز و بێستانە پاراوەکانی، دوو ئاوانە میهرەبانەکانی «ئەحمەد ئاوا»، نسێ و دارستانەکانی «گولان». یەکە یەکە دەهاتنەوە پێش چاوم و دەمدین: لەگەڵ ڤینۆس دە دووازدە ساڵ گەنجتر ببوومەوە؛ لە کێڵگەکاندا بەیەکەوە زرعاتمان دەکرد؛ لە پێدەشتێکی سەوزەڵاندا یاریمان دەکرد و یەکتریمان ڕاودەنا؛ لەناو گیاوگوڵێکی فێنکدا، لەپاڵ زنارێکی قەوزاویدا ڕاکشابووین و وەک دوو ماری عاشقەوماشقە لەیەکتر ئاڵابووین..

ڤینۆس دەیگوت:

– داپیرەم هەشت مانگێک لەمەوبەر سەری نایەوە، خانوویەکی گەورە و جوانی لەدووای خۆیەوە بۆ من بەجێ هێشتووە. ئەگەر بێی، قەناعەت بە باوکم دێنم، دەچین پێکەوە لەو خانووە دەژین.

– من لە چاوی تۆ زیاتر هیچی دیکەم ناوێ، ڤینۆس. تۆ خۆت ماڵی منی. ئەرێ بەڕاست، من پێش ئەوەی بێم، دەبێ خانووەکەی ئێرەم بفرۆشم!

– خانووەکەت هی خۆتە؟

– ساڵێک نابێ کڕیومە.

– ئنجا بۆ دەیفرۆشی؟

– بۆئەوەی لەوێ خانووی خۆمان هەبێت و کرێی خانوو نەدەین.

– لە خانووەکەی داپیرەگەورەمدا دەژین.

– کەواتە، پارەی ئەم خانووەی پاریسم دەخەینە پرۆژە و کارێکەوە.

– تۆ دەزانی؛ ئێستا باوانم دڵیان چەند خۆش دەبێ، دارا!

– بە چی؟

– بەوەی ئەگەر بزانن «هونەرمەندێک» دێ داوای دەستم دەکا...

– پێیان بڵێ «ئەو پیاوە لەپێناو من پاریس بەجێ دێڵێت و دێ لە گوندەکەی ئێمە دەژی».

– لەوانەیە لە سەرەتادا باوەڕم پێ نەکەن، دەزانی!

– باوەڕ بە چی نەکەن؟

– بەوەی کە پیاوێک لەپێناو من ئەم پاریسە خۆشە بەجێ دەهێڵێ و دێ لە سانتیاگۆ دەژی.

– بڵێ «شێتە».

– نا. ڕاستییەکان پێ دەڵێم. دەڵێم: شەیدای من بووە.

– پێیان بڵێ «ئەو پیاوە، کۆنە جوتیارێکی کوردە، غەریبیی کێڵگە و بێستانەکانی وڵاتی خۆی دەکا».

– نا. دەڵێم: هەر لەبەر من ئیسپانیاشی لەلا شیرین بووە و دێ لە سانتیاگۆ دەژی.

– پێیان بڵێ: «ئەم پیاوە هیچ کەسوکارێکی نەماوە. کەسی نییە خۆشی بوێت و بەخێوی بکا. من لە ڕاهی ئەو خوایە ئیتر دەیگرمە خۆم».

– نا..! ڕاستییەکەیان پێ دەڵێم. دەڵێم: «نیگارکێشێکی دەوڵەمەندە؛ گەلەرییەکانی پاریس خوا خوایانە تابلۆ جوانەکانی لێ بکڕن».

– پێیان بڵێ «لادێییە.. غەریبیی چیا و گوند و ڕەشماڵان دەکا»!

– وایان پێ ناڵێم.

– ئەی دەڵێی چی؟

– دەڵێم «هونەرمەندە، حەز لە سروشت و هێمنی و جوانی دەکا».

– باشە، ئەدی ئەگەر لێتیان پرسی «بۆچی دێتە ئێرە»؟

– پێیان دەڵێم «بۆ من»، «لەبەر من دێ».

– بەڕاست؟

– هەر ڕاست و ڕەوان وایان پێ دەڵێم. دەڵێم «یەکترمان خۆش دەوێ». دەڵێم «دێ بۆئەوەی پێکەوە بژین».

– پێیان خۆش دەبێ!

– زۆر.

– دڵنیای؟

– دەڵێم: ماوەیەکی زۆرە کە یەکتری دەناسین.

– ئینجا خۆ هەر وایشە!

– منیش واهەست دەکەم، دارا گیان.

بە خۆشەویستی و نیگایەکی میهرەبانەوە، سەیری چاویم دەکرد:

– بەڵام پێم بڵێ، ڤینۆس، تۆ ئەو هەموو ماوەیە لەکوێ بووی؟

ڤینۆس، چاوەکانی پڕ باری شەرم، دەتگوت دوو فینجانی پڕ قاوەی سەوزن:

– چاوەڕێم دەکردی.

– لە کوێ؟

– لە سانتیاگۆ.

سانتیاگۆ!

لەناو فارگۆنی شەمەندەفەرەکە دانیشتبووم و ئەم وشە بە دەمی ئەو زۆر شیرینەی «سانتیاگۆ» بە نەغمەیەکی خرۆشێن و دڵگیرەوە لە مێشکمدا دەزرنگایەوە. لەناو ئاسوودەیی خۆمدا دەخنامەوە و لەبەر خۆمەوە پێ دەکەنیم.

10

دەنگە دەنگێکی نامۆ لە خەوێکی قووڵ بێداری کردمەوە. کە چاوم کردەوە دیتم خێزانە جوتیارێک بوون. دایک و باوک و کوڕ و کچۆڵەیەک. هەستم بە نامۆیی و سەرسامییەک کرد، تەنانەت کەمێک سڵەماشمەوە.

دایک و باوکەکە لەنێو خۆیاندا بە زمانێک قسەیان دەکرد کە تێیان نەدەگەیشتم. بە چاوی خەواڵووەوە تەماشای پیاوەکەم کرد، لە دڵی خۆمدا گوتم: «لەوانەیە کەتەلان بن». باوکەکە یەکسەر تەماشای کردم و بە زمانی ئیسپانی پێی وتم:

– ئێوارە باش.

منیش هەر بە ئیسپانی وەڵامم دایەوە:

– ئێوارە باش.

پاشان لە باوکەکەم پرسی:

– سەعات چەندە؟

سەیرێکی سەعاتەکەی مەچەکی کرد:

– یەک و دە دەقیقە!

بەڵامەوە سەیر بوو! نزیکەی حەوت سەعاتێک دەبوو خەوم لێ کەوتبوو، ترسام، لە دڵی خۆمدا گوتم: «لەوانەیە شەمەندەفەرەکە لە سانتیاگۆش تێپەڕی کردبێ!»، «چ بکەم؟» بەپەلە سەیرێکی پەنجەرەکەم کرد: هەر زنجیرە شاخی سەوز و سەخت و

گەردنکەش بوون، وێڕای قەدپاڵی سەوز و کەپر و ساباتی و دەشتەلانێکی ڕەنگین، لەگەڵ رووبارێکی پێچاوپێچی ئارام کە قەت کۆتایی نەدەهات.. تێپەڕ دەبوون.

باوکەکە زانی کە غەریب و نابەڵەدم، هەستیشی پێ کرد کە بەم وەڵامەی ئەو شڵەژام، یەکسەر پرسی:

– بۆ کوێ دەچی؟

– سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێللا.

ئارام بۆوە، وتی:

– جارێ ماویەتی.

پرسیم:

– ئێمە لە کوێین؟

وتی: وێستگەی پێشوو ئۆرێنسە Orense بوو. دووای بیست دەقیقەی تر دەگەینە سانتیاگۆ.

– سوپاس.

ئەمەم وت و چاوم لە سروشتی ڕەنگینی ئەودیو پەنجەرەکە درووی.

ڤینۆس ڕاستی دەکرد! مەڵبەندێکی چەنێک ڕەنگین و دڵڕفێنە!

لە گۆشەی دەستە چەپی پەنجەرەکەوە، بە قەدپاڵی شاخێکی بەرزی سەرکەشەوە، کلکی شەمەندەفەرەکەی خۆمانم دەدیت، لەسەرەخۆ دەسووڕایەوە و بەدووامانەوە دەهات. ئەم دیمەنە زۆر سەرسامی کردم، لەهەمان کاتدا دڵخۆشیش، شاگەشکەبووم، وتم: «تۆ بڵێی چیا سەخت و سەرکەشەکانی کوردستانیش ڕۆژێک دابێ ئاوها شەمەندەفەریان تێ بگەڕێ! ئەم مەڵبەندە شاخاوی و سەرکەش و ڕەنگینە، بەتەواوەتی هەڵەبجە و شاخە سەوز و گەردەنکەشەکانی هەورەمانی بیر دەخستمەوە. لەبەر ئەوەی ساڵانێکی یەکجار زۆریش بوو چاوم بە هیچ چیا و چۆم و ڕەز و پێدەشتێکی هێندە ڕەنگین و سیحراوی نەکەوتبوو، بینینی ئەم سروشتە کێویلە و سازگار و دڵڕفێنە وای لێم دەکرد هەست بکەم لە باوەش وڵاتەکەی خۆمدا بم، لەوەش زیاتر وای لێ دەکردم هەست بە ئارامی و هۆگری و ئۆخژن بکەم. وەک ئەوەی لە خەونێکی خۆش راست بێتەوە، زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانم، بەخۆم گوت: «تەواو»، «دێم لێرە دەژیم».

گیان ڤینۆس! ئەو شەوە لێم پرسی:

– لە سانتیاگۆ هیچ شوێنێک هەیە وەک ئەوەی مۆنماختی پاریس کە نیگارکێشەکان تێیدا کۆببنەوە و پۆرترێت بۆ خەڵک دروست بکەن؟

وتی: نازانم. هەرگیز شوێنێکی ئاوهام نەدیوە.

ئنجا گوتی:

– پاشان، ژمارەی دانیشتووانی خەڵکەکەی زۆر کەمە؛ بە هەمووی تەنیا هەشت هەزار کەسێکی لێیە.

– بەڕاست؟

– بەڵام گەڕەکی کاتێدراڵەکە لە سانتیاگۆ هەمیشە پڕە لە تووریست، بەتایبەتی هاوینان، بە هەزاران خەڵک لە هەموو ئەورووپاوە ڕووی تێ دەکەن. ئەورووپییەکان بە سانتیاگۆ دەڵێن «قەعدەی ئەورووپا». دەزانی؟

– بۆ؟

– چونکە بارانی زۆر لێ دەبارێ.

من زۆر حەزم دەکرد ڤینۆس باسی گوندەکەی خۆیم بۆ بکا. گوێم شل کردبوو، پاشان وەک ئەوەی بیەوێ سوعبەتێکم لەگەڵ بکا، پێکەنی:

– ئەگەر بێی لەوێ ستاندەکەت لە بەردەم کاتێدراڵەکە هەڵدەیت و پۆرترێت بۆ ئەو هەموو خەڵکەی ئەوێ دروست بکەی، لە ماوەی مانگێکدا، ئیتر بۆ خۆت دەبیتە «ملیۆنێر»!

وتم: هەوڵدەدەم وردە وردە خۆم لەو ئیشە بازرگانییە دوور بخەمەوە.

وتی: دەتوانی بشچیتە «ڤیلا گارسیا» لە قەراغ ئەتلەنتیک؛ پۆرترێت بۆ خەڵک دروست بکەی.

– ئەتلەنتیک لەوێوە دوورە؟

– هێندە دوور نییە، بەپێ نیو سەعاتێک لە ماڵەکەی ئێمەوە دوورە.

– لەوانەیە هاوینان خەڵک زیاتر بێن بۆ ئەوێ!

– بەهارانیش، هەمیشە پڕە لە تووریست.

ئنجا زەردەخەنەیەک تەواوی ڕوخساری گەشاندەوە:

– وەرە! دەتبەم ئەو شوێنانەت هەموو پیشان دەدەم. پێکەوە دەچینە قەراغ رووبارەکەی شاری «لاکۆرۆنیە»، شوێنێکی هەتا بڵێیی دڵڕفێنە. دەچین پێکەوە سەر لە مۆزەخانەکە دەدەین. (باغی فریشتان)، (گەڕەکی مامزان)... هەوارگە و دیمەنی هێندە دڵگیری تێدایە، قەت لە تەماشاکردنیان تێر نابی!

پیاوەکەی بەرامبەرم، تەماشای زەردەخەنەی ئاسوودەی سەر ڕوومی دەکرد. سەرم بەرز کردەوە (هەر بۆ ئەوەی بیدوێنم) لەو پیاوەم پرسی:

– کاتێدڕاڵی سانتیاگۆ لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە دوورە؟

– نەخێر. هەرکە لە شەمەندەفەر دادەبەزیت و دەکەویتە سەر شەقامەکە، بەدەستە

چەپا تەنیا دە دەقیقەیەک دەبێ بە پێ.

پاشان، وتی:

– سانتیاگۆ شارێکی بچووکە.

زەردەخەنەیەکی خۆشحاڵیم کرد، وتم:

– بەڵێ.

پیاوەکە پرسی:

– جەنابت کاستیلانیت؟

– نەخێر. تووریستم.

ڕووم لە پەنجەرەکە کردەوە، گوێم لێ بوو پیاوەکە وتی:

– هاتووی سەر لە کاتێدراڵەکە بدەی؟

وتم: نەخێر؛ هەندێ هاوڕێم لێرە هەن. حەز دەکەم بچم سەریان لێ بدەم.

– سێ سبەی (پاپا) دێتە ئەم مەڵبەندە، خوا ڕۆحی بپارێزێ، دێ سەر لە کاتێدراڵەکە دەدا.

ئەم هەواڵە هێندە سەرنجی منی ڕانەکێشا، بەڵام هەر بۆ ئەوەی ڕووخۆشی دەربڕم، وتم:

– بیستوومە دەڵێن: ئەمە کاتێدراڵێکی هەتا بڵێیی قەشەنگ و سەنگینە!

– بەڵێ. ساڵی بە هەزاران خەڵک لە هەموو ئەورووپاوە دێن سەری لێ دەدەن. لە سەدەی دووازدەهەم دروست کراوە.

لەناکاو، لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە، وێستگەی شەمەندەفەری سانتیاگۆم لێ وەدەرکەوت. لە کەیفخۆشییان شاگەشکە بووم. لەسەر شۆستەی هێڵی شەمەندەفەرەکە، بەدەستە چەپ، لەسەر تەختەیەکی گەورەی سپی، بە خەتێکی درشت نووسرابوو:

«Santiago De Compostella».

خەریک بووم لە شەمەندەفەرەکە دادەبەزیم، لەناو دەرگای شەمەندەفەرەکەوە تەماشای سەر شۆستەکەم کرد: خەڵک، بەکۆمەڵ، تاک تاک، جووت جووت، لەسەر شۆستەی هێڵی شەمەندەفەرەکە ڕاوەستابوون. هەر یەکەیان بە چاوەڕوانی و بە پەرۆشییەوە چاویان دەگێڕا. هەر یەکەیان پێشوازییان لە خۆشەویستێکی، لە هاوڕێیەکی، یان لە دایکی، یان لە خوشکی، یان لە باوکی، خۆیان دەکرد. من لەو دەمەدا هەستی غەمگینی و فیگارییەکی قووڵ نیشتە سەر ڕۆحم. من ساڵانێکی یەکجار زۆرە لە هیچ سەفەرێکمدا، لە هیچ گەشتێکمدا، دایکم، باوکم، برام، یان خوشکم؛ هیچ کەسێکم نەهاتوونەتە پێشوازیم! هەستم دەکرد بەدرێژایی تەمەنم، من هەمیشە تەنیا بوویم؛

هەمیشە نامۆ و بێکەس و بێ پێشوازی!

لەسەر شۆستەی شەمەندەفەرەکە، دەمویست بەناو خەڵکەکەدا، بەرەو لای دەرگای چوونە دەرەوە برۆم. لەناکاو کچێکی کۆک، دەفتەرێکی درێژی لەژێر هەنگڵ بوو، لێم نزیک بۆوە، بە پێشوازییەکی گەرمەوە، وتی:

– ببوورە، بەرێزت ڤالێری ڤانسێنیت؟

منیش زەردەخەنەیەک گرتمی:

– بۆچی؟

وتی: رایانسپاردووم کە پێشوازیتان بکەم و بتانگەیەنمە هۆتێلی (پانسیۆن).

– بۆچی؟

– لەوێ شوێنیان بۆ گرتووی.

پێکەنیم:

– نەخێر، من ئەو نیم.

کە لە دەرگای چوونە دەرەوە نزیک کەوتمەوە، دیتم دوو پیاو، وەک دوو زۆرانباز، ئەملا و ئەولای دەرگایان گرتبوو. هەر دووکیان بەشێوەیەکی زۆر سەیر تەماشایان دەکردم. منیش کەمێک سڵەمامەوە، جەنتاکەم لەسەر شانم هەڵتەکاند و خۆم لێیان کەرکرد و رۆیشتم. خەریک بووم بەناو دەرگاکە تێپەڕ دەبووم، یەکێکیان وتی:

– شەوی بە ١٧٠٠ پەسێنت، دەڵێی چی؟

منیش گوێم نەدانێ، رۆیشتم. لە دڵی خۆمدا گوتم «دیارە گەوادن».

کە گەیشتمە ناو دالانەکە، دیتم لە دەستە چەپمەوە، دوو پیاوی دیکە، بە هەمان شێوە راوەستابوون. یەکێکیان هەنگاوی نا، ویستی لێم بێتە پێشەوە؛ بەڵام ژنێک لەلای دەستە راستمەوە، کە لە تەنیشت دوو ژنی دیکە راوەستابوو، زووتر دەسپێشخەریی کرد و پێش پیاوەکە گەیشتە لام، بە زەردەخەنەیەکەوە پێشوازیی لێم کرد:

– ئێوارە باش!

منیش تەماشایەکی ژنەکەم کرد، ژنێکی سەر و قژ کەمێک ماش و برنجی، خاوەن روخسارێکی دایکانە، بە هیچ شێوەیەک رێی تێ نەدەچوو ژنێکی خراپ و دەغەڵکار بێ:

– ئێوارە باش!

بەپەلە وتی:

– شەوی بە ١٥٠٠ پەسێنت!

وتم: چی؟

وتی: جەنابت لە باسکەوە هاتووی؟

وتم: نەخێر.

ئەم جارە وایزانی ئیسپانی نازانم، هەر دوو دەستی لەژێر بناگوێی چەپی دانا و هێمای نوستنی بۆ کردم، پاشان هەر بەدەم هێما کردنەوە، بۆی روون کردمەوە:

– یەک شەو بە ١٥٠٠ پەسێنت.

وتم: خانوو؟

وتی: بەڵێ.

وتم: لەکوێ؟

دڵی خۆش داهات کە دیتی ئیسپانی قسە دەکەم، وتی:

– لە گەرەکی کاتێدراڵەکە.

– بە ١٥٠٠ پەسێنت؟!

وتی: لە سانتیاگۆ خانووت لەوە هەرزانتر دەست ناکەوێ!

وتم: گرانە.

– گرانە؟ ژوورێک لە هوتێلێکی تەنانەت دوو ئەستێرەشدا ئەمرۆ بە ١٩٠٠ پەسێنت دەست ناکەوێ!

لەو دەمەدا تەماشایەکی ژن و پیاوەکانی دەوروبەری خۆم کرد، راوەستابوون و گوێیان راگرتبوو. ژنەکە درێژەی پێ دا:

– بۆ بەرژەوەندیی خۆت پێت دەڵێم، ژوور لە هوتێلەکان نەماوە. هەموو هوتێلەکان لە دوو رۆژ لەمەوبەرەوە هەموویان حجز کراون.

لەوکاتەدا، یەکێک لەو دوو پیاوەی کە پێشتر لەناو دەرگای هاتنە دەرەوەدا سەیریان دەکردم، لەگەڵ ژن و پیاوێکی رێکپۆش (دیار بوو توورێست بوون) بە تەنشتماندا تێپەڕ بوون، بەرەو پێپیلکەی شەقامەکە دەرۆیشتن. من لە پیاوە توورێستەکەم پرسی:

– ئەرێ، ببوورە! ئەم هەرایە چییە؟

– چما نازانی؟

– نەخێر.

– پاپا؛ پاپای پیرۆز سەردانی سانتیاگۆ دەکات.

ژنەکە هەر لە غەمی بەکرێدانی خانووەکەیدا بوو:

– دەڵێی چی؟

من بیرم دەکردەوە: تووریستێکی زۆر لەبەر سەردانی پاپا هاتوونەتە سانتیاگۆ. هوتێلەکان هەموو گیراون، کرێی خانوو گران بووە.

– نا، زۆر سوپاس.

ڕۆیشتم. بەدەم ڕۆیشتنەوە، لەگەڵ خۆمدا گوتم: «ئەوا ئەگەر ئەمشەو ڤینۆس خۆی لە ماڵەوە نەبێ؟»، «یان ئەگەر سەفەرێکی بۆ لایەک کردبێ!»، «چ بکەم؟». «هەرچۆنێک بێ، باشتر وایە ئەم شەو جارێ بچمە هوتێلێک!».

یەکسەر گەڕامەوە، بەرەو لای ژنەکە چووم. ژنەکە هاتەوە پێشوازیم، وتی:

– ها؟

وتم: من تەنیا بۆ یەک شەومە!

– تەنیا ئەم شەو؟

– بەڵێ.

– باشە. با بڕۆین.

تۆپەڵە کلیلێکی بەدەستەوە بوو، بەپێشم کەوت.

کە کەوتینە ڕێ، لە دوورەوە، بەسەر دیواری ئەملا و ئەولای هەردوو پێپیلکە بەرزە بلۆک چنەکەی بەرامبەرم، ئەفیشێکی ڕەنگینی گەورەم کەوتە بەرچاو، وێنەی پاپای لەسەر بوو، بە خەتێکی درشت لێی نووسرابوو: (١٩ و ٢٠ ی مانگی ئووت: سەردانی پیرۆزی پاپا بۆ سانتیاگۆ).

لە ژنەکەم پرسی:

– ئەمڕۆ چەندی مانگە؟

ژنەکە لە پێشەوە دەڕۆیشت، بێ ئەوەی ڕابوەستێ:

– حەڤدەی مانگە.

کە بەسەر پێپیلکەکاندا دەکەوتین، تەماشای بەرپێی خۆم دەکرد و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «ئەوەتا، ئەمە پێپیلکەیەکی بەرزی بلۆک چن»، «ئێستا دەمانخاتە سەر شەقامێک کە چ بە دەستە ڕاستا و چ بە دەستە چەپا هەر دەڕوا و درێژ دەبێتەوە».

پێپیلکەکانمان بری، کەوتینە سەر شۆستەی شەقامەکە، ژنەکە ڕاوەستا، وتی:

– بەم شەقامەی دەستە چەپەوە.

وتم: نەء، تکایە!

وتی: چی؟

وتم: ئەگەر قبووڵ بکەن، من پارەی کرێی ئەم شەوتان هەر لە ئێستاوە دەدەمێ.

ئێستا دەچمە لای هەڤاڵێکم و دووای سەعاتێک یان دوو سەعاتی تر دەگەڕێمەوە.

وتی: ئارەزووی خۆتە.

– کلیلی ماڵەکەم بدەرێ، لەگەڵ ناونیشانەکەی؛ خۆم دێم دەیدۆزمەوە.

– ئێمە لە هەمان ئاپارتمانەکەی تۆدا دەژین.

– باشتر.

– ژوورەکەی تۆ لە نهۆمی سێیەمە. هەمان نهۆمی ماڵەکەی ئێمە.

– زۆر باشە.

دەستم بۆ باخەڵم درێژکرد، ١٥٠٠ پەسێنتم دایە. ئەویش کارتێکی بچکۆڵەی سپیی دامێ:

– ئەمە ئادرێسی ماڵەکەمانە، لە گەڕەکی کاتێدراڵەکە. ئەمەش کلیلی ژوورەکەتان لە نهۆمی سێیەم، ژمارە (٣).

– نهۆمی سێیەم، ژمارە (٣).

– سوپاس.

دەستی بۆ کارتە بچکۆڵە سپییەکەی دەستم درێژکرد:

– ناوی خاوەنماڵەکە لەسەر ئادرێسەکەدا نووسراوە: (مەدام کارلۆس).

– مەدام کارلۆس ناوی بەڕێزتانە؟

– ئەدی ناوی جەنابت؟

– دارا.

– چ کار دەکەن؟

– نیگارکێشم.

– ئاه، زۆر باشە! ئەمە یەکەمجارە نیگارکێشێک ژوورمان لێ بەکرێ بگرێ. دیمانەت بەخێر.

– سوپاس، لوتفتان هەیە.

– چاوەڕێتین.

ژنەکە ڕۆیشت. من سەیرێکی ئەملاو ئەولای شەقامە درێژە، بە دوو لا کشاوەکەی دەستە ڕاست و دەستە چەپی خۆمم کرد، ڕووم کردەوە بەرامبەری خۆم: «شەقامێکی باریک و بچکۆلانەی هەوراز»، دەقاودەق، خۆیەتی! بەتەواوەتی بەپێی وەسفکردنەکەی ڤینۆس دەڕۆیشتم. یەکسەر پەڕیمەوە، شەقامە باریک و هەورازەکەی بەرامبەر خۆم گرتەبەر، سەرکەوتم. هەر سەرکەوتم. جانتایەک بەشانەوە، جانتایەکی دیکەش

بەدەستمەوە، هەستم بە کەمێک تەنگەنەفەسی دەکرد.

هێندەی پێ نەچوو، هەورازی شەقامەکە بۆوە ڕاستە ڕێ. ڤینۆس دەیگوت:

– کە شەقامە هەورازەکە دەبێتەوە ڕاستەڕێ، نریکەی سەد مەترێکی دیکەش هەر ڕاستەوڕاست دەڕۆی، ئیدی لەو ناوە، بەدەستە ڕاست، لووتکەی کەنیسەیەکت لێ وەدیار دەکەوێ: کەنیسەی سانت ژاک!

ئاوڕێکم بە لای دەستەڕاستی خۆم دایەوە و بەرز ڕووانیم، دیتم بەڕاستی: لووتکەی کەنیسەیەک، بە نەخش و نیگاری ڕازاوەی جوانی شێوازی گۆتیک، لێم وەدیار کەوت. «ئەمە کەنیسەکەیە، کە باسی دەکرد: کەنیسەی سانت ژاک».

لە خۆشییان پێم زەویی نەدەگرت. هەنگاوم بەرزتر هەڵنا. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «خوای گەورە، ئێستا کە دەگەمە بەردەم ماڵەکەیان و لە دەرگا دەدەم؛ کاتێ ڤینۆس دێت و دەرگام لێ دەکاتەوە، دەبێ هەست بە چی بکا!». «لەوانەیە لە سەرەتادا باوەڕ بە چاوی خۆی نەکا!»؛ «بەڵام نا، دەزانێ!»، «لە پاریسەوە، پێش چەند ڕۆژ؟ پێش حەوت ڕۆژ، نامەم بۆی نارد، بۆم نووسیبوو: لە دەوروبەری ١٨ و ١٩ی مانگ دێمە لات، چاوەڕێم بە! ئێستا نامەکەمی پێ گەیشتووە، دەزانێ. دەزانێ کە دێم دەیبینم. ئێستا چاوەڕێم دەکا. ناشێ سەفەری بۆ هیچ لایەک کردبێ! تۆ بڵێی! ئەوەتا ئەمە کۆڵانی کەنیسەکەیە! ڤینۆس دەیگوت:

– پێچ ناکەیتەوە، تا دەگەیتە کۆڵانی کەنیسەکە!

ئەوەتا، با بێرەوە پێچ بکەمەوە. ئیتر ئەمە کۆڵانی کەنیسەکەیە. خۆیەتی.

لە ئەورووپا، ئەمەی خۆشە کە ناونیشان زۆر بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە: فلان شار، فلان گەڕەک، فلان کۆڵان، فلان کۆد، فلان ڕێگا، فلان ژمارەی خانوو، ئیدی تەواو دەگەیتە جێ.

ئیتر لەم کۆڵانەوە، پێویستە بەدووای ڕێگای خانوەکەیاندا بگەڕێم. پێویست ناکا لە کەس بپرسم. ئاشکرایە: شەقامی پەرەدیس paradis، خانووی ژمارە (٩).

کۆڵانەکە: چۆڵ. خامۆش، لەملا و لەولاوە، درەخت سێبەریان بەسەردا کردبوو. بۆنێکی خۆش لە کۆڵانەکە دەهات، لە بۆنی مووورتک و هەڵاڵان دەچوو. هێور هێور هەنگاوم هەڵدەنا، زۆر بە وردبینییەوە تەماشای تابلۆی یەکەیەکەی ناوی شەقامەکانم دەکرد و دەمخوێندەوە. چاوەڕێم دەکرد هەرکە ناوی (شەقامی پەرەدیس)م بکەوتایەتە بەرچاو، یەکسەر خۆمی پێدا بکەم و خانووی ژمارە (٩) بدۆزمەوە.

سەرتاسەری ڕێگاوبان و شەقامەکانی کۆڵانەکە گەڕام، ناوی (شەقامی پەرەدیس)م نەکەوتە بەرچاو! ناچاربووم کە دیسان، لەوسەری کۆڵانەکەوە بە هەمان کۆڵاندا بگەڕێمەوە و سەرلەنوێ، ئەمجارەیان زۆر وردبینانەتر، چاو بە تابلۆی ناوی ڕێگاکاندا بخشێنمەوە.

کاتێ گەیشتمە بەردەم کەنیسەکە، کوڕێکی گەنج بە بەردەم کەنیسەکەدا ڕەت دەبوو، ڕامگرت، وتم:

– ئەرێ زەحمەت نەبێ، ببوورە! شەقامی (پەرەدیس) پێ نازانی؟

– شەقامی «چی»؟

– شەقامی پەرەدیس؟

پێکەنی، وتی:

– من تەنیا شەقامی (ئەنفێرنۆ) پێ دەزانم.. ئەوەتا لەم تەنیشتەوە، یەکەم کۆڵان، بەدەستە ڕاست!

لە دڵی خۆمدا وتم: «ماقووڵ نییە! چۆن!»

بەردەم کەنیسەکەم جێ هێشت، کەوتمەوە ڕێگا. هەر چاوم دەگێڕا و دەگەڕام، هیچ ڕێگایەکم بە ناوی شەقامی پەرەدیس نەدۆزییەوە.

لەسەری کۆڵانەکە چاش مابووم. بە سەرسامییەوە تەماشای پیاوێکی پیرم دەکرد کە خەریک بوو لە ماڵەکەیان دەردەهات، لێی نزیک کەوتمەوە، لێم پرسی:

– ببوورە، خاڵە، شەقامی پەرەدیس پێ نازانی؟

تەماشایەکی جانتاکانی کۆڵمی کرد:

– نازانم!

پاشان وتی:

– دڵنیای لەم گەڕەکەیە؟

– بەڵێ، دڵنیام.

– پێیان نەوتی لە نزیک کوێیە؟

– وتیان لە کۆڵانی کەنیسەکەیە، تەنیشت کەنیسەی سانت ژاک.

– ئێ ئەمە کەنیسەی سانت ژاکە!

– بەڵێ.

– بەڵام هیچ شەقامێک بەم ناوە لێرە نییە.

– سەیرە!

– منیش پێم سەیرە!

– من حەوت ساڵە لەم کۆڵانە دەژیم، هیچ شەقامێکم بەم ناوە، تەنانەت لە هەموو گەڕەکەکەشماندا، نەبیستووە!

دەمویست بڕۆم، پیاوەکە وتی:

- بەڵام تەنیشت کەنیسەکە، شەقامێکی لێیە بە ناوی شەقامی ئەنفێرنۆ.

پاشان پێکەنی، وتی:

- نازانم!

پیاوەکە ڕۆیی، پێم وت «سوپاس».

بەپەلە بەرەو لای کەنیسەکە گەڕامەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «سەیرە!»، «شەقامی تەنیشت کەنیسەکەیە!» «باشە»، «ئێ ئەوەتا، ئەمە شەقامی تەنیشت کەنیسەکەیە! بەڵام ناوەکەی، شەقامی پەرەدیس نییە»، «ناوێکی ترە: شەقامی ئەنفێرنۆ».

یەکسەر پێچم کردەوە، ملم نایە شەقامی تەنیشت کەنیسەکە (شەقامی ئەنفێرنۆ)، وتم «ئەگەر لەم ڕێگایەدا خانووی ژمارە ۹ خانوویەکی سپیی بەرز بێت و دەرگایەکی سەوزی دوودەریی هەبێت و وێنەی تاووسێکی بەسەرەوە بێت، ئەوا مانای وایە خۆیەتی و من ناوی ڕێگاکەم بەهەڵە نووسیوە!».

بەکونجکۆڵییەوە چاوم بە ژمارەی خانووەکاندا دەگێڕا. لەناکاو، لە ڕیزی خانووەکانی دەستەچەپەوە، چاوم بە خانوویەکی گەورەی دوونهۆمیی بەرزی سپی کەوت. خەنی بووم. وتم «ئەوەتا، خۆیەتی!». دەرگایەکی سەوزی دوودەریی هەبوو، وێنەی تاووسێکی لەسەر نەخشێنرابوو. «تەواو، ئەم خانووە خۆیەتی!»

ژمارەی خانووەکەم خوێندەوە: ژمارە (۹). «کەواتە هەبێ و نەبێ من ناوی ڕێگاکەم لای خۆم بە هەڵە نووسیبوو». «ئا وایە؛ بەڵام بۆچی؟ هەبێ و نەبێ، ئەو شەوەی کە ڤینۆس ناونیشانەکەمی دایە، سەرخۆش بووم: من واتای پەرەدیس و ئەنفێرنۆم لەلا تێکەڵ بووە».

ئەوەتا، ئەم خانووە خۆیەتی: «خانوویەکی سپیی بەرز، دەرگایەکی سەوزی دوودەری، ژمارە (۹). وێنەی تاووسێکی لەسەرە».

گورج لە بەردەرگاکە ڕاوەستام و پەنجەم نایە سەر زەنگی دەرگاکە. گوێم لێ بوو، دەم ودەست، زەنگی دەرگاکە لە ژوورەوە، لەناو ساڵۆنەکەدا دەنگی دایەوە .

کەمێک کشامەوە، لە بەردەم ماڵەکەیاندا تەماشای نهۆمی سەرەوەی خانووەکەیان و پەنجەرە کوژاوە بەرزەکانیانم دەکرد، کە بە پەردەیەکی مەخمەڵیی ئەستوور، تاریک، دادرابوونەوە. چلوپۆپی درەختێکی سەرکەش، لەودیو دیواری ماڵەکەیانەوە (دیار بوو باخچەیەک بوو) بەسەر شان وملی پەنجەرەکانەوە دەشنایەوە.

چووم دیسانەوە، پەنجەم نا بەزەنگی دەرگاکە. وەک ئەوەی لە چۆڵەوانیەکدا زەنگ بداتەوە، زەنگی دایەوە.

ماوەیەکی زۆر لە بەردەرگا چاوەڕێم کرد، کەس نەهات دەرگام لێ بکاتەوە. لەناکاو

ئاوڕم بە لای دەستە ڕاستی خۆم دایەوە، لە هەمان ڕیزە خانووەکەی ئەواندا دیتم ژنێک، لە دوورەوە، سەری لە دەرگای خانووەکەی خۆیانەوە دەرهێنابوو، بە حەپەساوی و کونجکۆلییەوە تەماشای دەکردم. کە چاوی بە من کەوت؛ بەپەلە، وەک ئەوەی بترسێ، سەری کشاندەوە ژوورەوە، دەرگاکەی داخست.

من لە بەردەم دەرگاکە، هەر ڕاوەستابووم، بیرم دەکردەوە. پێم جوان نەبوو کە بۆ جاری سێهەم بچم لە زەنگی دەرگاکە بدەمەوە. وتم: «دیارە لەوێ نین!»، «تۆ بڵێی سەفەریان کردبێت!».

کۆڵانەکە خامۆش، بەم ئێوارە درەنگ وەختە، جگە لە لەرینەوەی گەڵا و چڵوپۆپی درەختەکان، دەنگی هیچ شتێکی دیکە نەدەهات. هەستم بە کەمێک غەمگینی دەکرد. «نا»، «لەوانەیە چووبێتنە میوانی».

پشتم کردە دەرگاکە. بە خۆمم گوت: «سبەینێ دێمەوە». جانتایەک بە کۆڵەوە، جانتایەکیش بەدەستمەوە، تەماشای بەرپێی خۆمم دەکرد و بە غەمگینییەوە بە خۆمم گوت: «باش بوو ئەو ژوورەم لە گەڕەکی کاتێدراڵەکە بەکرێ گرت».

لە پێش دەرگاکە، پێش ئەوەی ماڵی ڤینۆس بەجێ بهێڵم؛ کاتێ سەرم بەرز کردەوە، دیتم: پیرەژنێک، لە نهۆمی سەرەوەی ماڵێکی دەستە چەپمەوە، لە پەنجەرەوە، پەردەی لادابوو، بە دزە نیگاوە، بەکونجکۆڵییەوە، دیاربوو ماوەیەکی زۆر بوو تەماشامی دەکرد. کاتێ بینیمی من تەماشای دەکەم، یەکسەر بە پەلە پەردەکەی دادایەوە. بە خۆمم گوت: سەیرە! ئەم خەڵکە بۆچی وا تەماشام دەکەن؟»

11

ئەو ژوورەی بەکرێم گرتبوو: لە چینی سێهەمی ئاپارتمانەکەدا، ژوورێکی گەورەی ڕێک و پێک، ڕازاوە، قەرەوێڵەیەکی دوو نەفەری، کانتۆرێکی گەورەی جل و بەرگ، مێزێکی بازنەیی بریقاوە کە لە تەختەی دارگوێز دروستکرابوو، دوو پەنجەرەی بچووکی پەردە ئاوریشمینی شین لەملاو لەولاوە کە یەکێکیان دەیڕوانییە سەر شەقامێک، ئەوی تریشیان دەیڕوانیە ناو باخچەیەکی گشتی.

دیار بوو ژنێکی خانەدان و میوانپەروەر و پاک و تەمیز سەرپەرشتیی ئەم خانووە دەکا. وا پێدەچوو مادام کارلۆس هەر خۆی، ڕۆژانە، ئەم ژوورەی من و ژوورەکانی دیکەی ئاپارتمانەکەش پاک بکاتەوە.

لە یەکتربینینەوەی دوێنێ ئێوارەدا، مەدام کارلۆس پێی گوتم:

- من بە ئەسڵ پۆرتوگاڵیم.

کە وای گوت، من یەکسەر ژنە دەرگەوانەکانی پاریسم بیرکەوتەوە: ئەوانەی لە

پۆرتووگـالّەوە دەهاتنە پاریس و بەدووای کـاردا دەگـەڕێن. زۆر سـەیرە، زۆربەی ژنە دەرگەوان و خزمـەتکاری ئاپارتمانەکـانی پاریس بە ئەسڵ پۆرتـوگـالّین! لە دڵی خـۆمـدا گوتم: «جیاوازیی مەدام کارلۆس لەگەڵ ژنە دەرگەوانە پۆرتوگالّییەکانی پاریس ئەوەیە کە ئەم خۆی خاوەنی ئاپارتمانەکەیە». لێم پرسی:

– چەند سالّە هاتوونەتە سانتیاگۆ؟

– من باوکی خـۆم نەدیوە، لە سـالّی **١٩٣٩** لە جـەنگی ناوخـۆی ئیـسـپـانیـا شەهیدکراوە.

– دوو مـانگ دووای شەهیدبوونی باوکم، دایکم ناچاربووە بۆ کار بێتە ئێرە. ئیتر من لێرە لەدایک بووم و ئێستـا خۆم بە ئیسپـانی دەزانم. ئەی تۆ، چۆنە تا ئێستـا ڕەگەزنامەی فەرەنسیت وەرنەگرتووە؛ هێندە سالّەشە لە فەرەنسا دەژیت.

– من ڕەگەزنامەی فەرەنسیم وەرگرتووە؛ بەڵام خۆم هەر بە کورد دەزانم.

مـەدام کـارلۆس ژنێکی لاواز، قژ مـاش و برنجی؛ بسکە سوورە پانەکـانی، لەملاو لەولای لاجانگییەوە شۆڕ ببوونەوە. پاشماوەی ناخۆشی و ماندووبوونێکی زۆری ژیان بەسەر ئادگار و دەستەکانیەوە دیاربوو، گوتی:

– کـوڕم، بە ڕای من: ئینسـان لە هەر جـێگەیەک لوقـمـەنانێکی دەست بکەوێت، خەڵکی ئەوێیە.

من کە دەمویست ڕێزی ئەم ژنە و بۆچوونەکەی بگرم، گوتم:

– بەڵێ.

– ئەمە یەکەم جارە دێیتە سانتیاگۆ؟

– بەڵێ.

– تۆ مەسیحیت؟ مەبەستم لەپێناو سەردانەکەی پاپا هاتوویتەتە ئێرە؟

– ڕاستییەکەی؛ نەخێر. هەر نەشمدەزانی کە پاپا لەم ڕۆژانەدا سەردانی ئێرە دەکا. من هاتووم سەر لە هاوەڵێکی خۆشەویستی خۆم بدەم؛ لێرە دەژیت.

مەدام کارلۆس، ئەو ئێوارەیە، وەک نەریتی هەر ئەورووپییەکی دیکە، لێی نەپرسیم: ئەو هاوەڵەت کێیە؟ خەڵکی کوێیە، لەکوێ دەژی، چ کارەیە؟

ڕاستییەکەی، من حەزم دەکرد لێم بپرسێت؛ بەڵکو منیش بمتوانیایە ئاسانتر و زووتر ڤینۆس ببینمەوە. مەدام کارلۆس تەنیا ئەمەندەی وت:

– خێری پێوەیە.

منیش پێم جوان نەبوو هیچی لێ بپرسم، گوتم:

– دەچمە دەرەوە، بەڵکو ئەو هاوەڵەم دەدۆزمەوە.

بەیانی کـە لە خـەو هەڵسـام کـاتژمـێـر نۆ بوو. یەکـسـەر بەپەلە قـاوەڵتـیـەکم کـرد و قـاوەیەکم خـواردەوە. دەرگـاکـەم کلیل دا، بە ئاسـانسـۆر دابەزیمە خـوارەوە، چوومـە لای مەدام کارلۆس، بە حورمەتەوە ڕۆژ باشم لێی کرد و پێم وت:

– مەدام، لەوانەیە ئەمشەویش هەر لێرە بمێنمەوە. جارێ نازانم!

لەناو دەرگاکەوە وەڵامی دامەوە:

– هاوەڵەکەی خۆتت دۆزییەوە؟

– نەخێر. ئێستا وا دەمەوێ بچم بۆ لای.

– هەرچۆنێک بێ، پێویستە پێش کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ پێم بڵێی...

– زۆر باشە.

– ئاخۆ ئەمشەویش دەمێنیتەوە یان نا؟

لێم پرسی: ئەگەر نیوەڕۆ نەمتوانی بێمەوە، دەتوانم تەلەفۆنتان بۆ بکەم؟

– بەڵێ، بەڵام پێش کاتژمێر دوو.

– زۆر باشە! تەلەفۆنەکەتان لەلامە.

بە قسەکردنێکی هەندێک منەتبار و ناڕازییەوە، وتی:

– چونکە خەڵکی تر دێن، داوای ژوورەکە دەکەن.

مـەدام کـارلۆس هەقـیـشی بـوو. دوێنێ شـەو، لەسـەر شـەقـامـەکـاندا دەمـبـینی: سەرتاسەری شار خۆی بۆ پێشوازیکردنی سەردانەکەی پاپا ئامادە کردبوو، دەیان لافیتە و ئەفیشی ڕەنگینی جۆراوجۆر لەسەریان نووسرابوو (بەخێرهاتنی سەردانە پیرۆزەکەی پاپا دەکەین)، (سەردانی پاپا شارەکەمان پیرۆز دەکا)، (بەخێر بێن بۆ سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێللا). هەر بابا بوو خەڵکی تووریست؛ گەنج، پیر.. تاک تاک، دەستەدەستە، جانتـا لەسەر شان، ژن تێیان وەردەهاتن و مـامەڵەی کـرێی خانوویان لەگـەڵ دەکردن، پاشـانیش وەپێـشـیـان دەکـەوتن بۆ ئەوەی بۆ شـەوێک یا دوو شـەو یا چەند شـەوێک خـانووکـانیـان بەکـرێ بدەنێ. دیار بوو تووریسـتێکی زۆر، لەبەر ئەو سـەردانەی پاپا، ڕژابوونە ناو شارەکە. سبەینێ، کە نۆزدەی مـانگ بوو، پاپا دەگـەیشـتە سـانتیاگۆ؛ لە بەردەم کاتێدڕاڵەکە وتاری بۆ خەڵک دەخوێندەوە.

مەدام کارلۆس هێشتا دەرگای دانەخستبوو، پرسی:

– پێم بڵێ؛ هیچ خانووی دیکەت دۆزیوەتەوە؟

ئاوڕم دایەوە، وتم:

– نەخێر.

– ئەدی بۆچی دوودڵیت لە مانەوەت؟

– راستییەکەی؛ ئەگەر ئەو هاوەڵەی خۆم بدۆزمەوە، لەوانەیە بچم بۆ لای ئەو.

مەدام کارلۆس دەرگاکەی داخست:

– باشە کەواتە تا کاتژمێر دوو چاوەڕێتین.

کە کەوتمە سەرشەقامەکە: هەستم کرد شەقامەکە لەچاو دوێنێ یەکجار زۆر قەرەباڵغترە! هەستم بەوە نەدەکرد لە گوندێک یا لە شارۆچکەیەکی بچکۆڵەدام: شەقامەکە بە هاتوچۆی خەڵک و ئۆتومبیل زرمەی دەهات. ئەوەم بیر کەوتەوە کە دوێنێ، لە ساتی گەیشتنم بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، لە بەردەم وێستگەکە پێیان گوتم: «لەبەر خاتری ئەو سەردانەی پاپا، خەڵک لە هەر چوار قوڕنەی ئەورووپاوە دەڕژێنە سانتیاگۆ». قەیرێک لە شوێنی خۆمدا وەستام. چۆن بتوانم ڤینۆس ببینمەوە؟ دەمزانی گەڕەکەکەی ماڵی ڤینۆس دەکەوتە بەرامبەرمەوە. ئیتر یەکسەر بەرەو لای کەنیسەکەی سانت ژاک کەوتمەڕێ.

لەسەر ڕێگای ماڵی ڤینۆس، کە خەریک بووم لە کۆڵانێک پێچ بکەمەوە، لەناکاو کابینەیەکی تەلەفۆنم بەرچاو کەوت. لە دڵی خۆمدا گوتم: «ئەگەر تەلەفۆنیان هەبووایە، ئێستا تەلەفۆنێکم بۆی دەکرد».

من وێنەی لەیلانی کۆنە دەزگیرانم لە ئەودا دیت، تەنانەت وێنەی دایکم، خوشکەکانم، وێنەی هەموو کەسێک و هەموو خۆشەویستێکی لەدەستم چووبوون. واتێ دەگەیشتم کە ڤینۆس وڵاتمە. پێم گوت:

– ڤینۆس، تۆ شێوەی سەیرکردن و نیگات لە نیگای ئەورووپییان ناچێ.

وتی: چۆن؟

– نیگای تۆ گەرمە، پەرۆشیی تێدایە؛ بانگت دەکا.

پێکەنی، گوتی:

– دارا گیان، کێ ناڵێ منیش بە بنەچە ناگەڕێمەوە سەر گیایەک لە کوردستان!

ئەو نیوەڕۆیە لە پاریس پێکەوە چووینە پیاسە، بەرەو پێدەشت و سەوزەڵانە فێنکەکانی قەراغی پاریس. لەناو گەنمەڵانێک، لەژێر دەرەختێکدا، سفرەیەک و نیوە فەرشێکمان ڕاخست و بەیەکەوە نیوە ڕووت پاڵ کەوتین. تاو تاو کە برسیمان دەبوو، هەڵدەستاینەوە سەندەویچێکی چکۆڵانەی پەنیری کۆمێمبێرت و تەماتە و خەیارمان دەخوارد. بەجووتە ڕادەکشاینەوە، خۆمان دەدایە بەر هەتاو. هەڵدەستاینەوە دەچووین لە قەراغ شینکاوەکەدا ڕادەکشاین، لە ڕووتیی لەشی یەکتر و ڕووتیی ڕووبار و شەپۆڵەکانی ورد دەبووینەوە.

شەویش بە پاسکیل چووینە مەڵبەندە سەوزەڵانەکەی نزیک فڕۆکەخانەکەی شارڵ دووگۆل، لەوێ لەسەر شۆستەیەک، لەناو گیا و گۆڵێکی پاراودا، بەدەم بیرە خواردنەوە،

ڤینۆس گۆرانییە ئیسپانییە میللییەکانی سانتیاگۆی بۆم دەچڕی. کە ماندووش دەبووین، هەر لەناو گیا و گۆڵەکەدا لەسەر پشت ڕادەکشاین، تەماشای فڕۆکە بەرزەکانی ئاسمانمان دەکرد کە لەتوێی تاریکییەکەوە، وەک ئەستێرەی گەورەی درەوشاوە، لە فڕۆکەخانەکەوە هەڵدەستان و بەسەر سەرماندا تێپەڕ دەبوون.

ڤینۆس!

ئێستا لەوانەیە لە ماڵەوە بەتەنیا بێت. بەڵێ، بەیانییە و بەتەنیایە. ئێستا دووشێکی گەرمی وەرگرتووە و خۆی لە ڕۆبێکی پەمبەی نەرم پێچاوەتەوە و دانیشتووە؛ سەروقژی بە ڕەفتەیەکی تەنک بەستووە و چاوەڕێ دەکا، چاوەڕێی زرنگەی دەرگایە: بۆ ئەوەی بە پەلە بێت دەرگاکەم لێ بکاتەوە. کە دەرگاشم لێ دەکاتەوە و چاوی پێم دەکەوێ، یەکسەر، شاگەشکە، بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە کەیفخۆشییەوە، هەر لەناو دەرگا باوەشم بۆ دەکاتەوە و دەپرووشێنێ:

– هاتی!

منیش ئیتر، پێی دەڵێم:

– بەڵێنم پێ دابووی.

– کەی گەیشتی؟

– لە دوێنێوە گەیشتووم، بەڵام لەبەرئەوەی تەلەفۆنتان نەبوو، نەمتوانی لە گەیشتنی خۆم ئاگادارت بکەمەوە.

– بەئاسانی ئێرەت دۆزییەوە؟

– کاتێ گەیشتمە وێستگەی شەمەندەفەر، یەکسەر سەرکەوتم بەرەو گەڕەکەکەتان و هاتم بۆ ماڵەکەتان. چەندی لە زەنگی دەرگاکەم دا، کەس دەرگای لێ نەکردمەوە.

– ئەدی شەو، لەکوێ خەوتی؟

– ژوورێکم لە ناوەڕاستی شار، لە نزیک کاتێدراڵەکە بەکرێ گرتووە، لەوێ خەوتم.

دووای ئەم گفتوگۆ بەپەلە و کورتە، لەگەڵ ڤینۆس لەوانەیە یەکسەر پێکەوە هەڵبستین و بە پیاسە بڕۆین بەرەو ئاپارتمانەکەی مەدام کارلۆس؛ هەموو جانتا و کەلوپەلەکانم لە ژوورەکەم هەڵبگرین و بگەڕێینەوە ماڵەکەی ئەوان؛ نانی نیوەڕۆش لە ماڵی ئەوان پێکەوە بخۆین و ئنجا پاشان، پاش نیوەڕۆ، پێکەوە بچین پیاسەیەکی دەرەوە بکەین و ئیتر یەکسەر دەست بکەینە قسە.

کە گەیشتمە بەردەم کەنیسەکەی سانت ژاک ئێستێکم کرد و تەماشایەکی کۆڵانەکەم کرد. پیاوێک کە بەتەنیشتمدا تێپەڕ دەبوو، لە کونجکۆڵیی خۆمدا دەمویست بەتەواوەتی لە ناوی کەنیسەکە دڵنیا ببم بۆئەوەی سەرچیغ نەچم، لەو پیاوەم پرسی:

– زەحمەت نەبێ، ئەمەیە کەنیسەی سانت ژاک؟

- بەڵێ.

- باشە، زەحمەت نەبێ، شەقامی پەرەدیس لەم ناوە نییە؟

پیاوەکە ئێستێکی کرد، پاشان وتی:

- بەداخەوە، پێ نازانم.

من ویستم باش جەختی لەسەر ناوەکە بکەمەوە:

- شەقامی پەرەدیس.

پیاوەکە هەر وەستابوو، تەماشای منی دەکرد و بیری لە «شەقامی پەرەدیس» دەکردەوە:

- سەیرە!

پیاوەکە ڕاوەستا بوو، هەر بیری دەکردەوە. وتم:

- چی؟

- من زۆر جاران ناوی ئەو شەقامەم لێ دەپرسن. چەند مانگێک پێش ئێستا پیاوێکی عەرەبیش، ئەگەر باش بەبیرم مابێ دەیگوت مۆسیقاژەنم؛ ناوی هەمان شەقامی لێ پرسیم.

-.. نییە؟

- نەخێر. من پێنج ساڵە لەم گەڕەکە دەژیم. هیچ شەقامێک بەم ناوە پێ نازانم.

لەو دەمەدا من بیرم لەو قسەیەی پێشووی کابرا کردەوە، پێم وت:

- زۆر کەس ناوی ئەو شەقامەت لێ دەپرسن؟

وتی: بەڵێ. تەنانەت جارێکیان شێتێکیش لێمی پرسی.

من لە ئاست وەڵامەکانی ئەو پیاوە واقم وڕما بوو. تەماشایەکی کردم؛ دیار بوو کەمێک تەریق ببۆوە:

- داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

ڕۆیشت.

ئیتر منیش دیسان ڕووم کردەوە هەمان خانووەکەی دوێنێ: خانووی ژمارە (٩). لە دڵی خۆمدا وتم: «تەواو. پێی ناوێ، ئێستا هەموو شتێک ساغ دەبێتەوە».

بەدەم ڕێگاوە تەماشای دەوروبەری خۆمم دەکرد: کۆڵانێکی چۆڵ و خامۆش، تەنیا یەک دوو منداڵ لە دوورەوە، لەوسەری کۆڵانەکەدا گەمەیان دەکرد. گەیشتمە بەردەم خانووی ژمارە (٩).

توند پەنجەم بە زەنگی دەرگاکەوە نا. گوێم لێ بوو دیسان زەنگەکە لەودیو

دەرگاکەوە، وەک ئەوەی لە حەوشەیەکی چۆڵ و هۆڵدا بزرینگێتەوە، زرنگایەوە. لە بەردەرگاکە، بە لای دەستە ڕاستەوە، ئاوڕێکم دایەوە ناو کۆڵانەکە، دیتم: دیسان، پیرەژنێک، لەو سەری کۆڵانەکەدا، سەری خۆی لە دەرگایەک هێنا دەرەوە و بە کونجکۆڵیەوە تەماشایەکی منی کرد کە لەپێش دەرگاکەی ماڵی ڤینۆس ڕاوەستابووم، هەمان پیرەژنەکەی دوێنێ ئێوارە بوو. گوێم نەدایە ئەو پیرەژنە، سەرلەنوێ لە زەنگی دەرگاکەم دایەوە.

هێندەی پێ نەچوو لە بەردەم دەرگاکە گوێم لە جووڵەیەک بوو کە لەودیو دەرگاکەوە هات. وتم «ئۆخەی». پاشان خشەخشی سۆلێکم کەوتە بەرگوێ، لە قووڵایی حەوشەکەوە، لە دوورەوە دەهات. بە نا ئارامی و لە هەمان کاتدا بە دڵخۆشییەوە گوێم لە دەنگی خشەخشی سۆلەکە ڕاگرتبوو: زۆر بێ هێز، زۆر خامۆش، زۆر ماندوو دیار بوو، لە دەنگی هەنگاوانی مردوویەک دەچوو. لەناکاو، دەنگی خشەخشی سۆلەکە لەپشت دەرگاکە ڕاوەستا، دەنگی نەما. پاشان دیتم دەرگاکە، بەئاستەم، درزێکی تێ کەوت. ئینجا وردە وردە، بە جیڕە جیڕ، وەک ئەوەی ساڵانێکی یەکجار زۆر بێ نەکرابێتەوە، کرایەوە.

من هەر ڕاوەستابووم و چاوەڕێ بووم. دەرگاکە وردە وردە بەتەواوەتی کرایەوە، بەڵام هیچ کەسێک لەناو دەرگاکە وەدیار نەکەوت. ترسام. ویستم بکشێمەوە. پاشان دیتم لەناکاو «دەستێکی چرچی ڕەشهەڵگەڕاو» کەوتە سەر قەراغی دەرگاکە. وردە وردە دەرگاکەی کردەوە. خەریک بوو تارماییەک لەودیو دەرگاکەوە وەدیار دەکەوت. دیتم «پیرەژنێک» بوو.

پیرەژنەکە ڕەفتەیەکی مۆری ئەستووری لە سەروپۆتەڵاکی خۆی بەستبوو. کاژەڵاک سپی. لەملا و لەولای لاجانگییەوە دوو بسکی سووری درێژی بەردابۆوە. دیاربوو دان لە دەمی نەمابوو. سەرتاپای جلوبەرگ ڕەشپۆش، پەڵەی پیسی ڕشانەوە و شۆربا بەسەر دامێنییەوە بوو. دەست بە گۆچانێکی خواری گرێ گرێ، لەناو دەرگا ڕاوەستابوو.

کاتێ ئادگار و ڕوخساری پیرەژنەکەم چاو پێ کەوت، یەکسەر هەستێکی تەڵزماویی ئاڵۆز لە ناخمدا بڵاچەی سەند. هەستم دەکرد ئەو پیرەژنەم چەند ساڵێک پێش ئێستا، یان پێش ماوەیەک لە شوێنێکی دیکەدا، یا «لە خەونێکمدا» دیوە، یانیش لەوانەیە لە سەردەمی منداڵیمدا. بەڵام من لەتاو شڵەژان و نائومێدیی خۆمدا، چەندی دەمکرد و دەمکرد: نەمدەتوانی وەبیرخۆمی بهێنمەوە. هەرچۆنێک بێ، بەرامبەر ئادگاری ئەو پیرەژنە، هەستم بە کۆنە ئاشنایەتیەکی «تایبەتی» دەکرد.

پیرەژن، سەروقژ تاڵ تاڵ سپی؛ کۆنە برینێکی قووڵ وەک پاشماوەی گوللەیەک سەر ڕوومەتی ڕاستی چاڵ کردبوو. گۆچانێکی سووری گرێ گرێی بە دەستی ڕاستییەوە گرتبوو، دەستی چەپیشی بە دەرگاکەوە.

هێواش هێواش لەناو دەرگاکە سەری هەڵبڕی. لە توێی چرچی و لۆچیی چاوە کزەکانییەوە، قەیرێک هەر تەماشای کردم. تەماشای دەکردم و بیری دەکردەوە، بێ ئەوەی هیچ هەستێکی پێشوازی پیشان بدا.

لەوەدەمەی کە من لەناو قوولاییی چاوەکانیدا هەوڵم دەدا بیرم بکەوێتەوە ئاخۆ من ئەم پیرەژنەم لەکوێ دیوە؛ پیرەژن یەکسەر بە دەنگێکی گازاندەبارەوە وتی:

– دارا!

دەنگی ئەو پیرەژنە زۆر لە ڕوخساری ئاشناتر، ڕایچڵەکاندم:

– ئەوە تۆی؟

من، داتۆقیو، سلۆک، بەڵام زیاتر حەپەساو، گوتم:

– بەڵێ، دارام.

پیرەژن لە کانگای دڵییەوە بە قسە هات:

– ئەو هەمموو ماوەیە لەکوێ بووی، ها؟

زۆر بە تووڕەبییەوە ئەم پرسیارەی لێ کردم، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی ئەو سۆز و خۆشەویستییەی کە لەوانەیە هەر بە زگماک هەیبوو، لەسەر ڕوخساری تووڕەبووی خۆی بیشارێتەوە.

من لە ئاست ئەم پرسیارەی ئەوەدا دۆش دامام، نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە، لەئاکامدا گوتم:

– ببوورە ئەگەر سەغڵەتم کردبن!

هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو، بە دەنگێکی توند و تووڕە یەکسەر گوتی:

– ئێستا چیت دەوێ؟

وتم: ئێرە ماڵی خاتوو ڤینۆسە؟

وتی: چیت لە ڤینۆس دەوێ؟

کە ئەمەی وت، لە خۆشیان شاگەشکە بووم. لە دڵی خۆمدا گوتم «کەواتە، خۆیەتی؛ ئەمە ماڵی ڤینۆسە». وتم:

– حەزم دەکرد چاوم پێی بکەوێ.

پیرەژن کەمێک داما، پاشان لەناکاو یەکسەڵەف لە پرمەی گریانی دا. بە هەموو بوون و هەست و نەستی خۆیەوە، بێ ئەوەی هیچ وەڵامێک بداتەوە؛ گریان لە ناخەوە دایچڵەکاند. هەموو ئەندامەکانی لەشی لەگەڵ ئەم گریانە کەوتنە لەرزین.

من لەو دەمەدا هەستم دەکرد کە ئەو پیرەژنە دەیەوێ شتێکم تێ بگەیەنێ بەڵام نەیدەتوانی، منیش لە هەمان کاتدا دەمویست شتێکی تێ بگەیەنم بەڵام نەمدەتوانی.

وا هەستم دەکرد کە زمانێکی هاوبەشمان هەبووە و هەردووکمان ئەو زمانەمان بیرچۆتەوە، یان وەک بڵێی جیاوازییەکی زۆر کەوتبێتە نێوانمانەوە. دەیویست تێم بگەیەنێ و دەمویست تێی بگەم؛ نەماندەتوانی. دەمویست تێی بگەیەنم و دەیویست تێم بگات؛ نەماندەتوانی.

من ڕاوەستابووم و بەزەییم بەو پیرەژنەدا دەهاتەوە. لە هەمان کاتدا دەشترسام، بەڵام لە هەمووی زیاتر حەپەسابووم. لەسەر سەکۆی بەر دەرگاکەوە هەنگاوێکم هەڵنا، ویستم بچمە دیوی ژوورەوە و بیلاوێنمەوە: تێی بگەم بزانم مەسەلە چییە و چی ڕووی داوە. کەچی ئەم، لەناکاو، سەر و قژ شێواو، وەک شێت؛ پڕ بە دەنگ بەسەرما قیژاندی:

– نا!

من هەترەشم چوو. پێم تێک ئاڵا. یەکسەر کشامەوە.

– نەیەیتە ژوورەوە!

کەوتمە سەرسەکۆی دەرگاکە.

پیرەژن، گۆچانە سوورە خوارەکەی ڕووەو سنگم، بەدەم گریانەوە، هەر دەیقیژاند:

– نەیەیتە ژوورەوە...

من لەسەر سەکۆکە، لە شوێنی خۆمدا، چاو ئەبلەق ماو، خەریک بوو لەنێوان شەپۆلەکانی هەستی نیگەرانی و سامناکیی خۆمدا، ببوورێمەوە؛ نەمدەزانی چی بڵێم. بەپەشۆکاوییەوە وتم:

– ڤینۆس لێرە نییە؟

دەمی کەفی کردبوو. ئەم جارە زۆر توندتر زریکاندی:

– نەخێر!

پاشان (هەستم کرد کە هیلاک بووە) هەر بەدەم هەستی تووڕەیی و هەنسکدانی خۆیەوە، پچڕ پچڕ، کەوتەوە گازاندە:

– دووای ئەو هەمموو ساڵە، دەتەوێ هێشتا هەر چاوەڕێت بکا؟

هەر دوو دەستی لەرزۆکی بەسەر گۆچانەکە داگرتبوو، هۆن هۆن فرمێسکی دادەباراند.

من تێ نەدەگەیشتم ئەو پیرەژنە بۆچی دەگریێ؟ ئایا ئەو پیرەژنە چیی ڤینۆس بوو؟ دایکی، داپیری؟ نازانم. پاشان، ئاخۆ ڤینۆس چیی بەسەر هاتووە؟ سەیرە! چما چەند وەخت بەسەر دووایین یەکتر بینینی من و ڤینۆس تیپەڕیبوو؟ بە هەمووی مانگێک نابێ. کەواتە، نابێ ئەو ڤینۆسەی ئەو باسی دەکا هەمان ڤینۆسی من بێ! سەیرە! پاشان ئەگەر پەیوەندییەک لەنێوان ئەم پیرەژن و ڤینۆس نەبێ، چۆن ئەو پیرەژنە ناوی من دەزانێ؟ سەیرە! چۆن من دەناسێ؟

پێم گوت:

– ببووره.. من دەمەوێ تەنیا لەوە تێ بگەم: تۆ بۆچی دەگریت؟

دیسانەوە گۆچانە خوارە گرێ گرێیەکەی بەرەو ڕووم بەرز کردەوە، قیژاندی بەسەرما:

– بچۆ لە دایکت بپرسە، لە خوشکەکانت بپرسە..

کە وای گوت، من بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئەو پیرەژنە شێت بێت، بەڵام نەمدەتوانی خۆم دڵنیا بکەم، گوتم:

–.. چی؟ چۆن!

– با ئەوان پێت بڵێن!

ئینجا دەرگاکەی گرت و قیژاندی بەسەرما:

– تەواو.

بەدەم دەرگا داخستنەوەی بە ڕووما، تفێکی لێ کردم:

– جارێکی دیکە ڕوو نەکەیتەوە ئێرە!

توند دەرگاکەی لە ڕووم داخست. منیش لە بەردەم دەرگا، شانم دایە پاڵ دیوارە ساردەکە. خەریک بوو هەرەس بێنم. هەستم دەکرد چۆکەکانم دەلەرزین. شانم وردە وردە بە دیوارەکەدا داخزایە خوارەوە، لەسەر ئەژنۆی چەپمدا خەریک بوو چۆک دابدەم. وەک ئەوەی لە خەونێکی سامناک بێدار بووبێتمەوە، بە هەر دوو دەستم کەپۆڵی خۆمم ڕاگرتبوو؛ حەپەساو، سەرسام، نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە: تەنیا ڤینۆس نەبێ...

12

نیوەڕۆ، دڵ پڕ لە حەژمەت و نسکۆ، سەرگەردان، وەک ئەسپی قەرەج کە خاوەنەکەی خۆی بزر کردبێ، لەناو بازاڕی شاری سانتیاگۆ - کە خۆی بۆ سەردان و وتارە مێژووییەکەی پاپا ڕازاندبۆوە- من بە تاقی تەنیا، بێکەس، دەستم لەناو گیرفانی پاڵتۆ، غەریب، غەمگین، دەڕۆیشتم و چاوم بە خەڵک و دەوروبەری خۆمدا دەگێڕا.. بیرم دەکردەوە: چی بکەم! بۆ کوێ بچم؟ لە کێ بپرسم؟ لەکوێ بگەڕێم؟

هەرکە بیرم لە ڤینۆس دەکردەوە، یەکسەر دیمەنی پیرەژنەکە دەهاتەوە پێش چاوم و زاڵ دەبوو بەسەر مێشکمدا. هەر کاتێکیش دیمەنی بەر دەرگا و پیرەژنەکەم دەهاتەوە پێش چاو، لە خۆمەوە هەستم دەکرد: من دەبێ سیحرێکم لێ کرابێ؛ خۆم وا دەهاتە پێش چاو کە لەناو خەونێکی خۆمدا بم.

من بەتەواوەتی دڵنیا بووم کە ئەو ماڵە ماڵی ڤینۆس بوو، بەڵام سەیرە، ئەو پیرەژنە

چییە؟ بۆچی ڤینۆس خۆی نەهات دەرگام لێ بکاتەوە، یان بەلای کەمییەوە بێت وەڵامم بداتەوە! ئەو پیرێژنە کێ بوو! چیی ئەو بوو؟ بۆچی نەیهێشت چاوم بە ڤینۆس بکەوێ؟ تۆ بڵێیی دایکی بێت، داپیری؟ نازانم! بەڵام هەرکێیەک بێت، هەر چییەکی ئەو بێت، بۆچی نەیهێشت بیبینم؟ لە هەمووی سەیرتر، بۆچی پێی وتم «ئەو هەموو ماوەیە لەکوێ بووی؟ سەیرە! بەڵام بەڕاستیش، ئەو پیرەژنە زۆر لەوە دەچوو شێت بێ. بە ئادگار و دیمەنی خۆیەوە بەتەواوەتی لە شێتێک دەچوو. ئاخر پیرەژنێکی شێت لە ماڵی ئەوان چ دەکا؟ ڤینۆس هەرگیز باسی ئەوەی بۆ نەدەکردم کە پیرێژنێکی شێت لە ماڵەکەیاندا هەبێ!». هەر چۆنێک بێ، ئەو پیرەژنە تاقە کەسێکە کە بزانێ ڤینۆس لەکوێیە و بتوانێ پێم بڵێ چارەنووسی ڤینۆس چییە؟

نائومێدییەکی کوشندە دڵی ڕنەک دەدام. پرسیار لە کێ بکەم؟ لەکوێ بگەڕێم! چۆن بتوانم ڤینۆس، ئەو فریشتە نازەنین و خۆشەویستەی خۆم بدۆزمەوە؟ چۆن!

پارەی خواردنی چێشتخانەکەم دا و هەڵسام، چوومە دەرەوە. لەپێش دەرگای چێشتخانەکە ئێستێکم کرد و چاوم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕا؛ نەمدەزانی لەکوێی شارەکەم! دیسان چوومەوە ژوورەوە، لە خاوەنی چێشتخانەکەم پرسی:

– زەحمەت نەبێ؛ من لە کوێم؟

پێش ئەوەی بهێڵم کابرای خاوەن چێشتخانەکە هەست بە ناماقووڵیی پرسیارەکەم بکات؛ پرسیارەکەی خۆمم ڕاست کردەوە:

– ببوورە، مەبەستم: من لەکوێی سانتیاگۆم؟

– یەعنی چۆن؟

– کاتێدڕاڵی سانتیاگۆ لەکوێیە؟

دەستی بۆ لای ڕاست درێژ کرد، وتی:

– سێیەم جادە بەدەستە ڕاست بسووڕێوە..

– بەڵێ..

– پاشان ڕێک برۆ، ئیتر لەوێ لووتکەی کاتێدڕاڵەکە بەدەستە چەپ دەردەکەوێ.

لە نیوەی ڕێگا بووم، ئاوڕم دایەوە: بە دەستە ڕاستما، لە دوورەوە، باغێکی گەورەم کەوتە بەرچاو. باغێکی تابڵێیی قەشەنگ و خۆش دیاربوو. پەشیمان بوومەوە لەوەی بچمە لای کاتێدڕاڵەکە. لە دڵی خۆمدا گوتم «لەوانەیە ڤینۆس بەڕێکەوت هاتبێتە ئەو باغە و لەوێ بیبینم!». «بۆ نا؟».

هەنگاوم هەڵنا بەرەو باغەکە چووم. لێی نووسرابوو (باغی فریشتان) هەمان ئەو باغەی ڤینۆس باسی دەکرد.

باغەکە، جگە لەو دەرگایەی کە من دەمویست لێیەوە بچمە ژوورەوە، دەرگایەکی

دیکەشی لەوبەرەوە هەبوو کە دەیڕوانییە نیوە مەیدانێکی ڕازاوەی بە گوڵ و گوڵزار، کە لەوێشەوە شەقامێکی ئاپوورەی پڕ لە خەڵکی لێوە هەڵدەکشا بەرەو سەرەوە.

ئەملا و ئەولای شەقامەکە، هەمووی هەر قاوەخانە و باڕ بوون، بەردەرگاکانیان وێڕای سەر شۆستە، کورسی و مێزیان تێدا ریز کرابوو. خەڵکی ئەو ناوە، کە دیار بوو زۆربەی زۆریان تووریست و گەڕیدە بوون، جووت جووت، کۆمەڵ کۆمەڵ، لەبەر هەتاوی سەر شۆستە، بەدیار بوتڵی خواردنەوەی جۆراوجۆرەوە دانیشتبوون. دەنگە دەنگێکی زۆر لەو ناوە دەهات، بەتەواوەتی لە جەژنێکی بچووک دەچوو.

لە بەردەرگای باغەکە ڕاوەستابووم، تەماشای ئەو ئاپوورە ڕەنگینەی بەردەم باڕ و قاوەخانەکانم دەکرد، پاشان ئاوڕێکم بۆ لای باغەکە دایەوە، وتم «با جارێ بچمە ناو ئەم باغە، پاشانیش دەچم پیاسەیەک بەناو ئەو شەقامە ئاپوورەی ئەوێدا دەکەم»، «بەڵکو ئەو ئێوارەیە بە ڕێکەوت تووشی بێم و بیبینم!». «هەبێ و نەبێ، ئەگەر ئەم ئێوارەیە بۆ پیاسە هاتبێتە ناو ئەم باغە یانیش چووبێتە شەقامەکەی ئەوبەر، دەیبینم. لەوەش دەچێ ئیتر ئەم ناوە تاقە ناوەندی قەرەباڵغی شارەکە بێ!».

لەناو باغەکە چاوم دەگێڕا و ئەم قسانەم بەخۆم دەگوت.

ماوەیەک خوار و ژووری باغەکە گەڕام. بەدەم پیاسەوە چاوم بە هەر کچێکی باڵا بەرزی قژ ڕەشی تۆخ، چاو سەوز، ناو قەد باریک بکەوتایە، دادەچڵەکام و لێی ورد دەبوومەوە. لەکۆتاییدا، دووای گەڕان و چاوگێڕانێکی زۆر، هیلاک بووم، دڵسارد، لەسەر نزیکترین کورسیی لای خۆم دانیشتم. ئاهێکی ماندووی حەسرەتاویم هەڵکێشا، وتم:

– دەترسم هەفتەیەکی دیکەش هەر ئاوها لەم شارە نامۆ و نائاشنایەدا هەر بگەڕێم و چاو بگێڕم، بێ هیچ ئەنجامێک!

لەناکاو بڕیارم دا یەکسەر بچمەماڵەوە، بچم پرسیار لە مادام کارلۆس بکەم. پاشان، هەر لە شوێنی خۆم لەسەر کورسیەکە بیرم کردەوە وتم «بەڵام چیی پێ بڵێم؟»، «سۆراغی کێی لێ بکەم! چۆن؟ خۆ من لە ناوی ڤینۆس – خۆی و باوکی زیاتر لەگەڵ ناونیشانەکەی، هیچی دیکە لەبارەی ڤینۆس نازانم! چی بە مەدام کارلۆس بڵێم؟».

لەوانەیە ئەوکاتە مەدام کارلۆس، کونجکۆڵانە یەکسەر گومانێکی لەلا دروست بێت. ئەو ڕۆژە لێمی پرسی: «تۆ بۆچی لە پاریسەوە هاتوویتەتە ئێرە؟ ئاخۆ ئەم جارەیان ئایا باشتر وا نییە ڕاست و ڕەوان پێیی بڵێم کە بۆ لای کچێک هاتووم! بۆ لای ئەو کچەی کە تا ئێستاش هەر نەمدۆزیوەتەوە و هێشتا لە ناونیشانەکەی دەگەڕێم؟ نەء. وای پێ ناڵێم، چونکە ئیتر ئەوکاتە دەبێ لە نووکەوە ئەو چیرۆکەشی بۆ بگێڕمەوە کە لە بەردەرگای ماڵەکەیاندا لەگەڵ پیرەژنەکە بەسەرم هات، پێویستە باسی ئەوەشی بۆ بکەم کە تاکو ئێستا دوو جاران چوومەتە ماڵەکەیان و ئاوهای پێ وتووم. نەء. وا باشترە

پێیی بڵێم کە من نیگارکێشم و لە پاریس دەژیم؛ زانیومە کە پاپا دێتە ئەم شارە و ئیتر شارەکە گەڕیدە و تووریستێکی زۆری تێ دەڕژێ، هاتووم بۆ ئێرە: هەم بە سەفەر و هەم بۆئەوەی پۆرترێت بۆ خەڵکی تووریست دروست بکەم و کەمێک پارەم دەست بکەوێت. یانیش دەڵێم: کاتێ لە پاریس بووم زانیم کە پاپا لە ١٨ و ١٩ی ئەم مانگەدا سەر لە سانتیاگۆ دەدات، ئیتر منیش وەک ئەو هەموو خەڵکە، کە لە سەرتاسەری وڵاتانی ئەورووپاوە هاتوون، هاتووم بۆئەوەی لە کاتێدراڵەکەی سانتیاگۆ گوێ لە قسە و فەرمایشتە ئاینییەکانی پاپا ڕابگرم. وا باشترە قسەکانی خۆم ڕاست بکەمەوە. ئا. پێویستە هەر ئاوها بە مەدام کارلۆس بڵێم. بەڵێ. دووای ئەوەش ئیتر یەکسەر ستاند و بۆرد و کەلوپەلەکانی نیگارکێشان بە پشتم دادەم و دێمە دەرەوە، دەچمە بەردەم کاتێدراڵەکە: ستاند و بۆردەکەم لەوێ، لە بەردەم کاتێدڕاڵەکە هەڵدەدەم و پۆرترێت بۆ خەڵک، بۆ تووریست و گەڕیدەکان دروست دەکەم. ئیتر لەوێ، تا خۆر کەوتنان، بەدەم پۆرترێت دروستکردنەوە کات بەسەر دەبەم و چاوەڕێ دەکەم، بەشکو ئیتر لەناکاو ڤینۆس بەرێکەوت بەوێدا تێپەڕ ببێت و ببینێ! دڵنیام هەر سەر لەوێ دەدات و دەیبینم. خۆ ئەگەر ئەم ئێوارەیەش نەیبینم، ئەوا شەو دیسان دەچمەوە بەردەرگاکەیان، لە زەنگی دەرگاکەیان دەدەمەوە. ناشێ دیسان پیرەژنەکە بێت دەرگاکەم لێ بکاتەوە! خۆ ئەگەر دیسان هەر لەوێ نەبوو، ئەوا ئیتر بەدەم پیاسەکردنەوە دەچم هەرچی باڕ و مەیخانە و دیسکۆتیک و مەیخانە هەیە، یەک یەک هەمووی دەگەڕێم، چاو بە هەموویاندا دەگێڕم.. ئەمشەو، سبەی، دوو سبەی.. هەر دەگەڕێم؛ تا دەیدۆزمەوە!

خەریک بوو خۆشی و ئومێدێکم بە دڵدا دەگەڕایەوە. هەڵسامەوە سەر پێ: بە نیازی ئەوەی کە لەسەرەتادا بچمەوە ماڵەوە و مەدام کارڵۆس ببینم. لە دڵی خۆمدا گوتم:

– سانتیاگۆ جێ ناهێڵم. هەر دەبێ ڤینۆس بدۆزمەوە.

13

– ئەم خانووە.. شوومە.

لالۆ، پیاوێکی ڕدێن ماش و برنجی؛ ئێوارە درەنگ، لە مەیدانی بەردەم کاتێدڕاڵەکە یەکترمان ناسی. من دانیشتبووم پۆرترێتم بۆ ئافرەتێک دروست دەکرد؛ هات داوای لێم کرد پۆرترێتێک بۆ ئەویش دروست بکەم. بەدەم پۆرترێت دروستکردنەوە کەوتینە قسەکردن و وردە وردە لەوە دەچوو بتوانین لەگەڵ یەکتر ببینە برادەر. لەکۆتاییدا من دەسهەقی پۆرترێتەکەم لێیی نەسەند، ئەویش داخوازیی لێم کرد کە ئەم ئێوارەیە بمباتە بارێکی خۆشی سانتیاگۆ و دەعوەتی ئەو بم! پێم خۆش بوو. چووم.

لالۆ ئادگارێکی شێوەی هیندییە سوورەکانی هەبوو، بەڵام بە بنەچە (ئەندەلووسی) بوو. دەیگوت «دوکانێکی ئەنتیکفرۆشیم هەیە لەلای خەستەخانە کۆنەکەی شار.

نەخشەی جوگرافی و پۆستکارت و تابلۆی دێرین و وێنەی کۆن و شتی ئەنتیک.. بە هەرزان دەکڕم و بە پارەیەکی باش دەیانفرۆشمەوە تووریست و پسپۆڕەکان».

– کەواتە، سەبارەت بە کارەکەت، دەبێ سەفەر و هاتوچۆ زۆر بکەی؟

– بەڵێ. ئەمسەر تا ئەوسەری ئەورووپا بۆ کارەکەی خۆم تەی دەکەم. جاری وا هەیە وێنەیەک یان نەخشەیەکی جوگرافی کە لە ڤاتیگان دەیکڕم، لە هەمان ڕۆژدا هەر لە ئەوێش دەیفرۆشمەوە؛ هەندێ جاریش پۆستکارتێک یان تابلۆیەکی کۆنی لویسی چواردەهەم لە لشبۆنە دەکڕم، بە پارەیەکی زۆر باش بە شەیدایەکی ئەو پاشا فەرەنسییە لە ڕۆتردام دەیفرۆشمەوە. ئیدی ئاوها... دەگەڕێم.

– تووریست زۆر دێنە سانتیاگۆ؟

– خراپ نییە.

– زۆرتر لەوانەیە بۆ بینینی کاتێدراڵەکە بێن؟

– هەروەها بۆ بینینی خەستەخانە شاهانەکەی ئێگاس و ئەو زانکۆیەش کە لە سەدەی شازدەهەمەوە لێرە دروستکراوە. پاشان کەنارە جوانەکانی ئەتلەنتیک و ڤیگۆ و لاکۆرۆنیاش لێرەوە دوور نین.

– کەرەستەی ئەنتیک زۆرتر لەکوێ پەیدا دەکەی؟

– لە هەموو شوێنێک. بەڵام بۆ کڕین و پەیداکردن زۆرتر دەچمە پۆرتوگاڵ و هۆڵەندا. پێرێ لە ئەمستردام گەڕاومەتەوە.

– کەرەستەی ئەنتیک و کۆنیان زۆر لێیە؟

– بەڵێ، چونکە پۆرتوگالی و هۆڵەندییەکان هەر لە کۆنەوە بە دنیادا زۆر گەڕاون. ئێستاش ناوماڵ و زانکۆ و تەنانەت دوکانە توحفەفرۆشەکانیشیان ئەنتیکەخانەیەکن بۆ خۆیان.

من ئەو ڕۆحە سەرکێش و گەڕیدەییەی لالۆم خۆش دەویست؛ بە زەردەخەنەیەکەوە پێم گوت:

– لە کۆتاییشدا هەر دەگەڕێیتەوە ئێرە.

لالۆ، کڵاوێکی شێوەی کڵاوی ڤیکینگەکانی لەسەر بوو. لەو وەختەوەی بینیبووم و پێکەوە بووین، ئەو کڵاوەی هەر دانەکەندبوو. کە ئەم قسەیەم کرد، یەکسەر پێکەنی و کڵاوە ڤیکینگییەکەی داکەند، لەسەر مێزەکەی بەردەم خۆی دانا و گوتی:

– بەڵێ. هەموو ئێوارەیەک دێم لێرە، لەم بارە تاریکە سەری خۆم گەرم دەکەم.

بارێکی جوانی خۆش بوو، لە ژێرزەمینێکدا.

لەو کاتەی لالۆ گارسۆنەکەی بانگ کرد و دووەم بوتڵە شەرابی بۆ هەردووکمان داوا

کرد، من پێشتر هەموو چیرۆکەکەم بۆ لالۆ گێڕابۆوە. لالۆ دیسان جەختیی لەسەر قسەکەی خۆی کردەوە:

– ئەم خانووە، شوومە.. شووم!

ئنجا درێژەی پێدا گوتی:

– بە گوێی مامی خۆت دەکەی، جارێکی دیکە هەرگیز لە زەنگی ئەو دەرگایە نادەیتەوە!

من وەک منداڵێک لە دایکی خۆی بزر بووبێ، سەرگەردان، خەریک بوو بگریم. لالۆش بە ئاوازێکی پڕ لاواندنەوە، ئامۆژگاریی دەکردم:

– ناوبانگی شوومیی ئەم خانووە نەک هەر تەنیا لە گەڕەکی ئێمە، بەڵکو لە هەموو سانتیاگۆ ئاشکرایە.

بێ ئەوەی بمەوێ، لە لالۆم پرسی:

– تۆ چەند ساڵە لەم شارە دەژیت؟

– پەنجا و یەک ساڵە. هەموو خەڵکی ئێرە چیرۆکی ئەفسووناویی ئەم خانووە دەزانن. تەنانەت وای لێ هاتووە کە خەڵک، کاتێ گەنجی وەکو تۆ دێن و دەپرسن «ئەرێ فلان ماڵ بۆ لەوێ نین و فلان کەس لەکوێیە؟» ئیتر وەڵامیان نادەنەوە؛ چونکە دەزانن ئیتر ئەو گەنجە خۆی لەکۆتاییدا ماندوو دەبێت و دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێوە هاتووە.

لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

– بەڵام من لە خۆمەوە نەهاتووم. ڤینۆس پێی گوتووم بێم بۆ ئێرە. پەیوەندیی من بەم حەکایەتەوە چییە؟

– زۆر کەس واتێدەگەن کە ئەم خانووە ئەجندەی لێ بێت، یان هیچ نەبێ سیحری لێ کرابێ!

من کاتی خۆی کە لە هەڵەبجە مێردمنداڵ بووم، زۆر لەم جۆرە قسانەم لە پیر و پیرەژنەکانی لای خۆمان بیستبوو کە فلانە شوێن ئەجندەی لێیە و فیسارە ماڵ سیحری لێ کراوە؛ ئەمە یەکەم جار بوو – لەوەتەی لە ئەورووپا بووم – ئەم جۆرە قسانە ببیستمەوە؛ زۆرم لەلا سەیر بوو!

– هەندێ کەسی دیکەش پێیان وایە کە ئەم پیرەژنە – خۆی، سیحرباز بێ.

من واقم وڕمابوو؛ بیرم دەکردەوە:

– سەیرە!

لالۆ زۆر بە بایەخەوە بۆ دڵ و عەقڵم دەدووا:

– پێم بڵێ، ئەمە چەندەمین جارە تۆ دەچیتە بەردەرگای ئەو ماڵە؟

من فریای تێگەیشتن لە قسەکانی لالۆ نەدەکەوتم، وتم:

–دووەمین جارە.

– خەڵک دەڵێن تەنیا لە سێیەمین جاری لە دەرگاداندا رێگات دەدا بچیتە ژوورەوە.

– بۆ؟

– کە دەشچیتە ژوورەوە، ئیتر نایەیتەوە دەرەوە.

– نایەیتە دەرەوە؟

– خەڵک وا دەڵێن.

من سەرم سوڕما بوو، نەمدەتوانی باوەڕ بەم قسانە بێنم:

–ئەمە خورافاتە. چۆن؟

لالۆ، هەر لە سەرەتای ئەم باسەوە، هەستم دەکرد دەیەوێ ئامۆژگاریم بکا:

– من خۆم دیومە: نیوەشەوان، سیسارک و داڵی برسی، پۆل پۆل هاتوون، ماوەیەک بەسەر خانووەکەدا سووڕاونەتەوە، پاشان بە قیرەقیرێ سامناکی خۆیانەوە دابەزیونەتە ناو حەوشەکە؛ کەلاکی بۆگەنبووی ناو ماڵەکەیان هەڵگرتووە و لە ئاسمانەوە فڕێیان داوەتەوە ناو حەوشەکە!

– تۆ خۆت ئەمەت دیوە؟

– بەڵێ. من خۆم ئەمەم دیوە.

– بە شەو؟

– بەڵێ بە شەو. نیوەشەوێک درەنگ لەم بارەوە هەستابووم و بەوێدا تێپەڕبووم، بە چاوی خۆم ئەمەم بینی.

– پۆلیس قەت نەچۆتە ئەم ماڵە و سۆراغی ئەم دیاردەیە بکا؟

– پۆلیس گاڵتەیان بەم قسانە دێت!

– بۆچی؟

– پۆلیس دەڵێن «خورافاتە»!

– چۆن خورافاتە.

– باوەڕناکەن؛ دەڵێن خورافاتە.

– هیچ قسەیان لەگەڵ ئەم پیرەژنە نەکردووە؟

– کێ؟

– پۆلیس.

– با، چۆن! پۆلیس دەڵێ: پیرەژنێکی بەستەزمانە و لە ماڵی خۆی دانیشتووە...

– من پێم گوتیت: «تفی لە من کرد». بە منی گوت: «جارێکی دیکە نەیەیتەوە بەر ئەم دەرگایە».

– پۆلیس دەڵێ: پیرەژنێکی بەستەزمانە و خەڵک وازی لێ ناهێنن. ئاوها وەکو تۆ و ئێستا...

– من جیام، لالۆ.. من جیام.

– ئێستا تۆ بۆچی وازی لێ ناهێنیێ؟

– من بانگ کراوم. من کەسێک دەعوەتی ئەوێی کردووم و ناونیشانی ئەوێی پێ داوم.

لالۆ لاسمێڵی خۆی بادەدا و پێدەکەنی:

– هەموو ئەوانەی لە دەرگای ئەو پیرەژنە دەدەن؛ هەمان ئەم قسانەی تۆ دەکەن.

– پاشان من چ پەیوەندییەکم بەم پیرەژنەوە هەیە؟

– با!

– چۆن؟

– تۆ گەنجی. جگە لەمەش تۆ هونەرمەندیت. پیاوێکی دڵناسک و عاشقیت..

– یەعنی چی؟

– یەعنی، وەکو پێم گوتی: دەڵێن «ئەم پیرەژنە.. سیحربازە»، «دێتە خەونت». گەنج و هونەرمەند و عاشقی وەکو تۆ، هەمیشە، ئاسانتر و زووتر دەکەونە داوی وەهم و سیحر و جوانییەوە.

لالۆ هەر دەتگوت کۆنە سیحرباز و جادووگەرێکە لەگەڵم دەدوێ، لێمی پرسی:

– پێم بڵێ: تۆ، حەشیشە دەکێشی؟

– جار بە جار.

– تەنیا یەک جاریش حەشیشەت کێشابێت بەسە بۆ ئەوەی تووشی وەهمێک هاتبیت کە واتێبگەی عاشق بوویتە.

ئەم قسانەی لالۆ، لەناکاو، خستمیە گومانێکی قووڵەوە. وای لێکردم بە هەموو ئەو ساتە خۆشانەدا بچمەوە کە لە پاریس، لەگەڵ ڤینۆس، لە دەعوەتەکەی فیلیپ و پاشان لە بارەکەی مەیدانی مادلێن بەیەکەوە بەسەرمان برد! بەڵام ماقووڵ نییە: چۆن دەکرێ ئەو ساتە خۆشە جوانانە خەیاڵ بن؟ چۆن دەکرێ ئەو نەرماییە گەرمەی ڕان و بازووەکانی.. خەیاڵ بن؟ چۆن دەکرێ ئەو هەموو سەوزاییە ڕەنگینەی چاوەکانی، کە لە کاتی جودابوونەوەدا، تنۆک تنۆک بۆ من دەتکا.. تەنیا وەهمێک بن! ئەو هەموو قسە

خۆش و دڵنەوازانە!

بە خۆمم گوت: پاشان ناونیشانەکەی، کە ئێستاش، بە دەستی خۆم نووسیم و لە دەفتەرەکەمدا هێشتاش ماوە. ناکرێ. نەخێر.

لالۆ پرسی:

– بیر لە چی دەکەیتەوە؟

گوتم: یەعنی تۆ وای دەبینی کە من بەدەم حەشیشەکێشانەوە ئەو کچەم دیبێ؟

– بە دووری نازانم.

– بەڵام من لە هەموو ژیانمدا، هیچ ساتێکی ژیانم، هێندەی ئەو چەند ساتانەی لەگەڵ ڤینۆس بووم، هەستم بە هێزی واقیع و جوانیی واقیع نەکردووە.

لالۆ بە زەردەخەنەیەک، زۆر بە دڵنیاییەوە گوتی:

– هەموو حەشیشەکێشێک، دووای خەوبینین، یەکسەر ئەم قسەیەی تۆ دەکا.

بە لالۆم گوت:

– باشە، ئەدی کەواتە ئەم پیرەژنە چۆن ناوی منی زانی؟ چۆن من دەناسێ؟

– لە بەردەم دەرگاکە ناوی خۆتی هێنا؟

– بەڵێ. وتی: «دارا... تۆی؟».

لالۆ یەکسەر وتی:

– دەبینی: ئەو پیرەژنە زۆر باش تۆی ناسیوەتەوە!

– مەبەستت چییە؟

لالۆ قەیرێک بێدەنگ ما، بیری دەکردەوە. پاشان کونجکۆڵانە لێمی پرسی:

– تۆ لە ژیانی خۆتدا هیچ ئەوت دیوە؛ ئەوت ناسیوە؟

– نەخێر. بەڵام ڕاستییەکەی، من دوواتر بیرم لێکردەوە: شێوە و ئادگاری ئەم پیرەژنە زۆر لە شێوە و ئادگاری ڤینۆس دەچێ. ئەم پیرەژنە هەر دەتگوت ڤینۆسە و پیر بووە!

لالۆ پەنجەی شایەتمانی بەرز کردەوە و وەک ئەوەی نهێنییەکی دۆزیبێتەوە:

– ئێستا تێگەیشتیت؟ ئەم پیرەژنە هاتۆتە خەونت و خۆی لە شێوەی ڤینۆسدا بە تۆ پیشان داوە.

من خەریک بوو مێشکم ڕادەوەستا، بە لالۆم گوت:

– خەونی چی؟

– ئەم پیرەژنە.. سیحربازە و دەیەوێ لۆژیکێکی ژیانت لەلا ئاوەژوو بکاتەوە و

نهێنییەکی خۆیت پێ بڵێ.

– نهێنیی چی؟

– نهێنییەک کە ئەو لە ژیانی خۆیدا ئازارێکی زۆری بەدەستییەوە چەشتووە.

لە دڵی خۆمدا گوتم: «لالۆ کە ئەم هەموو دنیایە گەڕاوە، تۆ بڵێی لە دنیای سیحر و سیحربازیشدا شارەزا بێت!». لالۆ گوتی:

– ئەم پیرەژنە جادووگەرە دەیەوێ پێت بسەلمێنێ کە ئەمەیە چارەنووسی گەنجێتی: پیر دەبێ. دەیەوێ پێت بسەلمێنێ کە ئەمەیە چارەنووسی جوانی: ناشیرین دەبێ.. بەسەردەچێ.

پاشان گوتی: دەیەوێ وات لێ بکا باوەڕ بەوە بهێنی کە واقیعی جوانی و ئاسوودەیی تەنیا وەهمێکە.

– بەڵام من ڤینۆسم لە باوەش گرت، ماچم کرد. قسەم لەگەڵی دەکرد. زیاتر لە هەژدە سەعات پێکەوە بووین...

– تەواو. تەواو بوو... ناگەڕێتەوە. ئەو ئاسوودەییە ناگەڕێتەوە؛ ئەو جوانییە نایەتەوە دەست.

من دەمویست ئەو ساتانەی لەگەڵ ڤینۆس بەسەرم بردبوون، بۆ لالۆ زندوویان پیشان بدەم:

– بەڵام ڤینۆس بەڵێنی پێدام کە یەکتر ببینینەوە، دەعوەتی ئێرەی کردم. بە هەمووی، دوو هەفتەیەک نابێ. لە پاریس بەڵێنی ئەوەی پێدام کە ئەگەر بێمە سانتیاگۆ؛ پێکەوە بژین...

لالۆ کونجکۆڵانە دیسان لێمی پرسی:

– ئەمە ئەو شەوە بوو کە حەشیشەت کێشابوو؟

– ئنجا حەشیشەکێشان پەیوەندیی بەمەوە چییە؟

– با.

– چییە؟

– تۆ خەونت دیوە.

من لە نیگەرانی و شڵەژانی خۆمدا بە لالۆم گوت:

– تۆ دەڵێی سەرخۆشیت، لالۆ!

– بۆچی؟

– من پێت دەڵێم: من ڤینۆسم لە باوەش گرت، ماچم کرد، قسەم لەگەڵی دەکرد.. زیاتر لە هەژدە سەعات پێکەوە بووین...

– هەموو ئەو ساتە خۆشانەی باسی دەکەی کە لەگەڵ ڤینۆس بەسەرت بردوون؛ لەناو وەهمێکدا بووی. بە وەهم و خەیاڵ ئەو ساتە خۆشانەی خۆتت بەسەر بردووە. لە کاتی حەشیشەکێشانەکەدا خەونت دیوە.

– یەعنی ڤینۆس وەهمە.

– بەڵێ، ڤینۆس وەهمێکە و هیچی تر.

– ئەگەر وەهم بێت، ئەم پیرەژنە چۆن دەزانێ کە پەیوەندییەک لەنێوان من و ڤینۆسدا هەبووە؟ منی چۆن ناسییەوە؟ ناوی منی چۆن دەزانی؟

لالۆ گوتی:

–ئەدی ئەگەر وەهم نەبێت، کوانێ ڤینۆس؟ ئەم پیرەژنە بۆچی نەیهێشت کە تۆ ڤینۆس ببینیتەوە؟

ڕاستییەکەی، منیش دەمویست وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزمەوە. گوتم:

– ئەم پیرەژنە لەوانەیە پێی ناخۆش بێت کە من ببیبنم، یان لەوانەیە غیرە بکات.

لەو دەمەدا لالۆ قاقایەکی زۆر سەیری لێ هەستا. ئەمە یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا ببینم پیاوێکی بەناوساڵکەوتوو بەم شێوەیە پێ بکەنێ. لالۆ، لەنێوان پێکەنینەکەی خۆی و پێکی شەرابەکەی دەستی، پچڕ پچڕ، دەیویست بڵێ:

– چ.. ۆ.. ن؟

بارەکە هێندە پڕ غەوغا و ئاپوورە بوو، کەس ئاوڕی بۆ پێکەنینەکەی لالۆ نەدایەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەمەش من دەمویست مەبەستی خۆم بەشێوەیەکی باشتر بۆ لالۆ ڕوون بکەمەوە. لەناو دوودڵیدا گوتم:

– لەوانەیە ئەم پیرەژنە دایکی بێت، یان خوشکی گەورەی بێت. یان داپیری! چوزانم. هەر چۆنێک بێت، دەبێ ڤینۆس خۆی لەم ماوەیەدا باسی منی بۆ ئەو کردبێ. چونکە، تۆ سەیرکە؛ ئەگەر پەیوەندییەک لەنێوان ئەم پیرەژنە و ڤینۆسدا نەبێ، ئەو پیرەژنە چۆن ناوی من دەزانێ؟ چۆن من دەناسێ؟

لالۆ فرمێسکی پێکەنینە درێژخایەنەکەی خۆی سڕییەوە، تەبای هاوڕێیەک کە ساڵانێکی زۆر دڵسۆزی یەکتر بین، گوتی:

– هاوڕێی ئازیزم؛ من قسەی خۆمم کرد. تەواو.

ئنجا ویستی کلیل لە قسەکانی خۆی بدا، گوتی:

– شتێکی دیکەش هەیە.

وتم: چییە؟

لالۆ گوتی:

– پیرەژن خودی ڤینۆسە و پیر بووە...

– تۆ شێتم دەکەی! یەعنی چی؟

لالۆ گوتی:

– یەعنی: جوانی و ئاسوودەیی و گەنجێتی هەرگیز هەتا سەر نامێنێنەوە؛ لەناودەچن...

14

لەسەر سیسەمەکەم، وڕ و کاسی دووای خواردنەوەیەکی زۆر – کە هەرگیز ئاوها پێی ڕانەهاتبووم–، مەست و ماندووی دووای جگەرەیەکی خەستی حەشیشە؛ لەسەر پشتم ڕاکشا بووم، بەبێ ئومێدییەوە تەماشای نوقتەیەکی بچووکی بنمیچەکەم دەکرد. لەناکاو، لەودیو دیواری ژوورەکەمەوە، گوێم لە چرپە چرپێک بوو کە هەر دەتگوت لەتەنیشتمەوە قسە دەکەن:

– چاوت لێیە؟ دەنگی نەما!

ئەمە دەنگی مەدام کارلۆس بوو، کە لە هەمان نهۆمی ژوورەکەی مندا دەژیا؛ بە (مەدام تاردیۆ)ی دراوسێکەیانی دەگوت:

– ماوەیەک پێش ئێستا دەگریا. لالانەوەی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت.

من بەبیرم نەدەهاتەوە ئاخۆ کەی بوو لە باڕی (بوورگۆس) لەلای لالۆی تاقە هاوڕێمەوە گەڕابوومەوە ژوورەکەی خۆم. نەمدەزانی چەندی مانگە. نەمدەزانی چەند شەممەیە. نەمدەزانی کاتژمێر چەندە. نەشمدەزانی کەی بووە گریاوم؛ بەڵام ئەوەم بەباشی بەبیر دەهاتەوە کە خەڵک «گەورە و گچکەی خەڵکی سانتیاگۆ» بە چەپڵە و هوتاف و خۆشەویستییەکی زۆرەوە پاپایان بەڕێ دەکرد.

– سێ چوار ڕۆژێکە نەهاتۆتە دەرەوە.

ئەمە دەنگی مەدام کارلۆس بوو.

– یەعنی هەر نەهاتۆتە دەرەوە؟

ئەمە دەنگی مەدام تاردیۆ بوو.

– خۆی لە کونی ژوورەوە ناوە و نایەتە دەرەوە. قەت نەمدیوە بێتە دەرەوە.

– لە دەرگات نەداوە.

– بێ فایدەیە.

– چۆن؟

– تەنیا یەک جار؛ بەستر پێرێ بوو.

– گوتی چی؟

– سەری لە دەرگاکە هێنا دەرەوە و چل و پێنج هەزار پەسێنتی دامێ و گوتی: «بۆ مانگێکی تر لێرە دەمێنمەوە. ئەمەش کرێی ژوورەکە».

– دایناوە هەر لێرە بژی؟

– ئەمەی گوت و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستەوە. نازانم.

بەبیرم دەهاتەوە، ڕاستە: ڕۆژێک من وام بە مەدام کارلۆس گوت.

– ڕۆژێک جاسووسێکم لەسەری دانا.

مەدام کارلۆس وای گوت.

– ئێ!

– کوڕە پارچەڵەکەی مەدام لۆرەنس، ژێرێمی؛ پێم گوت: «ژێرێمی؛ ئەم پیاوە بۆ هەر چی شوێنێک ڕۆیشت و هەر چی شتێکی کرد، بۆمی بگێڕەوە!».

– ئێ؟

– ژێرێمی هاتەوە گوتی: هیچی نەکرد. پێکەنیم، گوتم: چۆن ژێرێمی؟ گوتی: کە لە ماڵ دەرچووە دەرەوە، بەدووایدا ڕۆیشتم؛ چوو ستاند و بۆردەکەی لە بەردەم کاتێدراڵەکە دانا. تا ئێوارە درەنگ هەر لەوێ مایەوە. هەر خەڵک دەهاتن و پۆرترێتی بۆ دەکردن. پاشانیش کە دنیا مەیلەوتاریک داهات، ستاند و بۆردەکەی پێچایەوە و بە بەردەم کەنیسەی سانت ژاکەوە چووە بارێک لە شەقامی (پۆنتێ ڤێدرا)، بارەکە ناوی (بوورگۆس) بوو. لێم پرسی گوتم: ژێرێمی، کەسی لەگەڵ نەبوو؟ ژێرێمی گوتی: نەخێر، بەڵام لەناو بارەکە، لەگەڵ پیاوێکی ڕدێن ماش و برنجیی کڵاو بەسەر دانیشت، دەستیان کردە شەراب خواردنەوە.

«ژێرێمی» ڕاستی بۆ مەدام کارلۆس گێڕاوەتەوە: چەندین شەو بوو، تەنانەت دوێنێ و پێرێش، خووم بەم بارەوە گرتبوو؛ هەموو شەوێک، هەر لە کاتژمێر نۆی شەوەوە، کاتێ لە گەڕان بە دووای ڤینۆسدا ماندوو و بێهوودە و دڵسارد دەبووم، دەچوومە ئەو بارە؛ بەدەم خواردنەوەی چەند پێکێکی (مارتینی) و جارجار حەشیشە کێشانەوە لەگەڵ لالۆ دادەنیشتم، تا کاتژمێر یەک و دووی شەو؛ پاشانیش ئیتر هەڵدەستام، تەنیا، بێ ئومێد، بێکەس، دەگەڕامەوە ژوورەکەم.

بەبیرم دێ، دووایین جاری لالۆم بینی، لالۆ پێی گوتم:

– دارا؛ هاوڕێیەکی خۆم، کە پیاوێکی خەڵکی گەڕەکەکەیە، تەمەنی شەست ساڵێک دەبێ، دەیگوت: «دەڵێن: گۆڕستانێکی بچکۆڵە لەناو ماڵی ئەم پیرەژنە هەیە. هەر گۆڕێکی ئەو گۆڕستانە دارێکی عەنتیکەی لەسەر شین بووە. هەر دارێکیش جۆرە میوەیەکی سەیری پێوەیە». دەیگوت: «دەڵێن: هەر کەسێک ئەگەر بچێتە ناو ئەم ماڵە

و لەو میوانە بخوا، یەکسەر شێت دەبێ. هەر میوەیەکیش لەو میوانە، جۆرە شێتییەکی تایبەتی هەیە».

بە لالۆم گوت: هەموو ئەم شتانە خورافات و قسەی خەڵکن.

لالۆ بە تانووتەوە گوتی:

– بەڵێ؛ بۆ ئەوە دروستکراون کە هونەرمەند و گەنجی عاشقی وەک تۆ چیتر توخنی «جوانی» نەکەون. وا نییە؟

لالۆ کە هەمیشە دەیویست ئامۆژگاریم بکا. پێم گوت:

– هەر چۆنێک بێ، سوپاست دەکەم، لالۆ. تۆ هەمیشە دەتەوێ ئامۆژگاریم بکەیت و دڵنیاشم تۆ دەتەوێ من بەختەوەر بم؛ بەڵام من پێم وا نییە ئەو ڤینۆسەی من و ڤینۆسی پیرەژن دوو ڤینۆسی جیا بن. تەنیا یەک ڤینۆس هەیە.

– کام ڤینۆس؟

– ئەو ڤینۆسەی من بەدووایدا دەگەڕێم.

– لالۆ کە هەمیشە بە ئاواز و متمانەی سیحربازێک قسەی دەکرد، گوتی:

– ئەگەر ئەم قسەیەی تۆ چەوتیش بێت، با بڵێم: ڕاستە، قبووڵمە؛ بەڵام تۆ هەرگیزاوهەرگیز ئەم ڤینۆسەت نادۆزیتەوە.

– بۆچی؟

– چونکە تۆ ناتوانی بە ڤینۆس بگەی.

– ئەی؟

– دروستی بکە!

بە گازاندەوە بە لالۆم گوت:

– تۆ هەمیشە تانووتم لێدەدەیت کە من تەنیا بە وەهم دەتوانم بگەمە ڤینۆس.

– نەخێر، من مەبەستم ئەوەیە کە تۆ هونەرمەندیت. تەنیاش هونەرمەند دەتوانێ «ڤینۆس» دروست بکات. دروستی بکە! تۆ ناتوانی بە ڤینۆس بگەیت و بیکەیتە هی خۆت؛ تۆ تەنیا دەتوانی دروستی بکەی!

لالۆ پێکی شەرابە سوورەکەی بە دڵخۆشییەوە هەڵدا:

– من ئەم ماوەیە لەگەڵ تۆ بوومە فەیلەسووف هێندەی باسی ئەم مەسەلەیە بکەم. من ئێستا زۆر باش دەتناسم: کوڕی خۆم؛ ئەوەی تۆ بەدووایدا دەگەڕێی، تەنیا جوانییە، جوانییەکی هونەرمەندانەیە. تۆ کە هونەرمەندیت تۆ خۆت ئەو جوانییە دروست بکە!

– «ناتوانم. ناتوانم». یەک بە دەنگی خۆی هاواری دەکرد «ناتوانم. ناتوانم.

ناتوانم».

دەنگی مەدام کارلۆس بوو، بۆ مەدام تاردیۆی باس دەکرد.

– ناتوانم چی؟

دەنگی مەدام تاردیۆ بوو لە مەدام کارلۆسی پرسی.

– دەیگوت: «ناتوانم وێنەی جوانی بکێشم. ناتوانم وێنەی جوانی بکێشم»؛ «بەدەم گریانەوە هەر هاواری دەکرد».

مەدام کارلۆس ڕاستی دەکرد: من ئەو ماوەیە، پێنج شەش ڕۆژێک بوو خۆم لە ژوورەوە نابوو، نەدەچوومە دەرەوە: تەنیا ڕەسمم دەکرد. دەمویست ڕەسمی ڤینۆس بکەم، دەمویست ڕەسمی ئەو ڤینۆسە بکەم کە منی لە پاریسەوە هێنابووە سانتیاگۆ و لالۆ پێی دەگوتم «تەنیا وەهمێکی خۆتە و هیچی تر»، ئەو ڤینۆسەی کە هەستم دەکرد لە منداڵییەوە دەیناسم و خۆشیم ویستووە. ڕەسمم دەکرد و دەمدڕاندن. ڕەسمم دەکرد و دەمدڕاندن. هیچ تابلۆیەک، هیچ نیگارێک لەو نیگار و تابلۆیانەم تەنانەت ملیمەترێکیش ئەو جوانییە مەزنەیان پیشان نەدەدا کە لە خەیاڵی خۆمدا هەبوو. من چەندی دەمکرد و دەمکرد، نەمدەتوانی ئەو جوانییە دەرببڕم کە دەمەویست. هەستم دەکرد تەنانەت نیگارکێشان و هونەرەکەشم هەر فریام ناکەون. کاتێ فڵچە و ستاندەکەم بەجێ دەهێشت و تابلۆکانم هەپڕوون بە هەپڕوون دەکرد، ئیتر تا سێبارەی نیوەشەوان لە باڕی بووڕگۆس یان لە قاوەخانە و شەقامەکانی سانتیاگۆ دەمامەوە؛ پاشان سەرلەنوێ دەگەڕامەوە ماڵ و دیسان دەکەوتمە سەر نیگارکێشان، تا ئەوکاتەی کە ئیتر دیسان بڕستم لێ دەبڕا و بە تەواوی شل و کوت دەبووم؛ پاشان دیسان دەمدڕاندن و سەر لەنوێ دەستم پێ دەکردەوە. بە تەواوەتی وەک شێتم لێ هاتبوو. بە ڕەسمکردنیش نەبووایە هەرگیز خەوم لێ نەدەکەوت. تاقە سەبووری و ئومێدێکیشم، کە هەمیشە ئۆقرەیەکی پێ دەبەخشیم و سیچەنی پێ دەگرتم: تەنیا نیگارکێشان بوو، نیگارکێشان و بەس؛ کە ئەویش لە دڕاندن و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەیەکی دیکە زیاتر، هیچ ئاکامێکی دیکەی نەبوو.

– نیوەشەوێک بە هاوار هاوار و گریانی، لە خەو ڕاچڵەکیم. چووم لە پەنجەرەکەی ئەودیوەوە، بەدزییەوە تەماشایەکیم کرد، گوتم بزانم ئەو هاوار هاوارەی لە چییە و چی دەکات؟.. لەناکاو، چی ببینم!؟

مەدام کارلۆس بۆ مەدام تاردیۆی دەگێڕایەوە.

– چی دەکرد؟

– ئەوکاتەی من گەیشتمە بەر پەنجەرەکەی، دیتم یەکسەر سەتڵێکی پڕ لە بۆیەی سووری، بە هەر دوو دەستی خۆی هەڵگرت و کردی بە سەروگوێلاکی خۆیدا.. پاشان سەتڵێکی دیکەی زەرد و سەتڵێکی دیکەی شین.. هەر هاواریشی دەکرد «من ناتوانم،

من ناتوانم، من ناتوانم». ئنجا لەکۆتاییدا چووە بەر ئاوێنەی ژوورەکەی خۆی و، لەسەر یەک چۆک هەرەسی هێنا، سەروقژی خۆی دەڕنییەوە و دەیکێشا بە سەری خۆیدا. دەگریا. گاڵتەی بە خۆی دەکرد. بەدەم چەمۆڵە لەخۆ گرتنەوە بۆیە ڕژاوەکانی سەر لەشی خۆی لە خۆی هەڵدەسوو. خۆی ڕەسم دەکرد.

مەدام کارلۆس ڕاستی دەکرد. من پێم سەیر بوو: ئەو ژنە چۆن تاقەتی هەبووە لەو هەموو ساتە جۆراوجۆرانە و بەم هەموو وردبینییەوە خۆی لە من مات بدا!

– شەوێکی دیکە دیسان بە دەنگی گریانێکی لەناکاوی هەستامەوە. زەندەقم چوو.

– بەستەزمانە خەونی دیوە. کوێرایی دایکت دایە؛ غەریبە؛ بەدەم خەونەوە هاواری کردووە.

دەنگی مەدام تاردیۆ بوو؛ دیار بوو بەزەیی پێمدا دەهاتەوە.

من ئەو شەوە، بە بیرمە: خەونم نەدیبوو، بەپێچەوانەوە لەو کاتەدا لە گەرمەی هوشیاری و هەستپێکردندا بووم؛ بەڵام لە گەرمەی نائومێدی و هەستی بێ توانایی خۆمدا تووشی فیگارییەکی کوشندە هاتم! قوماشی تابلۆکەم، بە چڕنووک، بە ددان، بە گاز، بە چەقۆ.. جیڕ بە جیڕ کرد و هاوارم دەکرد: چونکە دیسان بینیم ئەو تابلۆیەی کردوومە هەرگیز نەیتوانیوە تەعبیر لەو جوانییە مەزن و پایەدارەی ناو خەیاڵی خۆم بکات؛ تەنانەت سانتیمەترێکیش جوانیی ئەو ڤینۆسەی دەرنەبڕیبوو کە من دیبووم.

هەر چۆنێک بێ، سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لەو کاتانەدا، باوەڕ و خواستی هونەرمەندانەم هێندە بەهێز بوو؛ واتێدەگەیشتم ئەگەر خودی ڤینۆس لە سانتیاگۆ نەشبینمەوە، بەڵام لەئاکامدا هەر دەتوانم تابلۆیەکی ئەوتۆ دروست بکەم کە جوانیی ڤینۆس بەرجەستە بکات. ئەم باوەڕ و متمانەیە دڵی خۆش دەکردم و سەبووریمی دەدایەوە.

– ئەگەر ئاوها بڕوا ئەم پیاوە ڕۆژێک شێت دەبێ.

– من شەوێک بینیم.

ئەمە دەنگی مەدام تاردیۆ بوو، درێژەی پی دا:

– من لەناو دەرگای خۆمان بووم: کاتێ دەرگاکەی کردەوە، بە بەردەم شوقەکەی ئێمەدا تێپەڕ بوو، بەسەر قاڵدرمەکاندا سەرکەوت: هێندە سەرخۆش بوو، قاچەکانی زەویی نەدەگرت. پیاوێکی کۆک و جوانیشە؛ دەزانی؟

– پیاوێکی کەشخەیە. بەڵێ.

ئێوارەیەک لالۆ گوتی: وەرە ناولەپت بخوێنمەوە!

گوتم: دەی.

لالۆ تەماشای ناولەپی منی دەکرد، گوتی:

– تۆ، خودی جوانیی خۆت تووشی نامۆیی و مەرگەساتی کردووی؛ دەزانی؟

وتم: چۆن، لالۆ؟

وتی: تۆ لە جوانیی پیاوانەی خۆت و کەشخەیی خۆت زۆر دڵنیایت..

– ئێ؟

– ئەمە وای لێکردووی هەست بکەیت کە هەر ئافرەتێک ئەگەر ماچێکتی پێ بەخشی، ئیتر ئەم ئافرەتە دەشێت هەموو قوربانییەکت لەپێناو بدات و تا هەتایە هەر شەیدا و دڵسۆزت بێت و تاکە ئایدیاڵت بمێنێتەوە.

– باش..

– کەچی لەکۆتاییدا دەبینی: لە چۆڵی قوڵفەدا بەجێماویت، تەنیا و کەساس! ئەو ئافرەتە بەجێت دێڵێ و جارێکی دیکە نایەتەوە بە لاتا. تۆ تەماشا دەکەی: ئەو جوانی و خۆشەویستییە زووگوزەرە لە وەهمێک زیاتر هیچی دیکە نەبووە!

– من تێبینم کردووە، مەدام کارلۆس؛ هونەرمەند زۆربەیان جوانن. دەڵێی هەر جوانییەکەیانە دەیانکاتە هونەرمەند.

ئەمە دەنگی مەدام تاردیۆ بوو.

دیار بوو مەدام تاردیۆ هاتبووە نهۆمی سێیەم، بۆلای مەدام کارلۆس.

پێم سەیر بوو: دیوارێکی ئەستوور لە نێوان ژوورەکەی من و ژوورەکەی مەدام کارلۆسدا هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش چرپە چرپی ئەم دوو ژنە بەناوسالّکەوتووە، لەو دیوەوە، لەتوێی دیوارە ئەستوورەکەوە، ئەو شەوە، زۆر ئاشکرا، زۆر بەهێز لە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە.

– مەدام سیمۆن دەیگوت: مەدام کارلۆس، سوێند بە ئینجیل دەخۆم، ئەم پیاوە کرێچییە تازەیەی تۆ شێتە!

– چۆن؟

– منیش وام پێ گوت. گوتم: چۆن؟ بۆچی شێتە؟ دەیگوت: ئەو ڕۆژە بینیومە: منداڵێکی کۆڵانەکەمانی ڕاگرتبوو، لێی دەپرسی «تۆ ماڵی ڤینۆس پێ نازانی؟»، منداڵەکەش دەیگوت «ڤینۆس کێ؟»؛ گوێم لێ بوو ئەویش گوتی «ڤینۆس، کچی دکتۆر گۆرباشۆ ئێستێبان. ماڵی لەلای کەنیسەی سانت ژاکە». شێتە. تەواو نییە. منداڵەکە هەر ڕایکرد. وابزانم ترسا.

– ئەرێ بەڕاست، لە تۆشی نەپرسیوە؟

مەدام تاردیۆ ئەم پرسیارەی لە مەدام کارلۆس کرد.

– من پێم گوت. گوتم: لە زەمانی پێش جەنگی ناوخۆدا، باوکم دەیگێڕایەوە

دەیگوت: ئەو وەختەی من گەنج بووم، لە هەمان ئەو گەڕەک و لە هەمان ئەو کۆڵانەی باسی دەکەیت، دەیانگوت کچێک هەبوو، فیعلەن، ناوی «ڤینۆس» بوو؛ کچی دکتۆر ئیستێبان؛ زۆر جوان بوو.. خەڵکی گەڕەک هەمووی باسی جوانیی ئەو ڤینۆسەیان دەکرد. بەڵام زیاتر لە حەفتا ساڵ پێش ئێستا؛ نەک ئەمڕۆ.

– من بەبیرم نایە، نازانم؛ بەڵام مەدام سیمۆنیش هەر ئەم قسەیەی تۆی دەکرد. دەیگوت: حەفتا ساڵێک پێش ئێستا؛ ڕاستە: کچی دکتۆر ئیستێبان ناوێک، ناوی ڤینۆس بووە و زۆر جوان بووە؛ ماڵیان لەلای کەنیسەکەی سانت ژاک بووە. هەموو خەڵکی سانتیاگۆ باسی جوانیی ئەو ڤینۆسەیان کردووە. خەڵکی پیر لەبیریانە. حەفتا ساڵێک پێش ئێستا، نەک ئەمڕۆ.

مەدام تاردیۆ توومەز دووای پرسیارکردنەی من، چووە پرسیاری لە مەدام سیمۆن کردووە، ئەویش وەڵامی داوەتەوە و پاشان نەشهاتووە وەڵامەکە بۆ من بگێڕێتەوە؛ کەچی ئیستا هاتووە بۆ مەدام کارلۆسی باس دەکا!

حەفتا ساڵێک پێش ئێستا، نەک ئەمڕۆ!

من لەودەمەدا بیرم لە قسەکانی مەدام کارلۆس و مەدام سیمۆن دەکردەوە. ئەم دوو ژنە لە زمانی خەڵکەوە و بەپێی بیرەوەریی باوانی خۆیان پێیان وابوو کە حەفتا ساڵێک پێش ئێستا (نەک ئەمڕۆ) کچێکی زۆر جوان بە ناوی ڤینۆس هەبووە و کچی دکتۆر ئێستیبان بووە! سەیرە، لالۆش، ئەو شەوە کە سەرخۆش ببوو، هەمان شتی پێ گوتم:

– پیرەژن خودی ڤینۆسە و پیر بووە.

هەر چەند بیرم لەم قسانەی مەدام کارلۆس و مەدام سیمۆن و لالۆ دەکردەوە و ئەو ساتە خۆش و پڕ ئاسوودەییانەم دەهێنایەوە پێش چاوی خۆم کە لەگەڵ ڤینۆس بەسەرم بردبوو؛ بۆم وەدیار دەکەوت کە ئەو ژیانە خۆشەی ڕابردووم لەگەڵ ڤینۆس (ئەگەرچی وەهم و خەیاڵێکی ئەفیوونیش بووبێت بە ڕای ئەوان) سەدان جار واقیعیتر و لۆژیکتر و ماقووڵتر بۆ باوەڕکردن دەهاتە بەرچاو، لەچاو ئەو هەموو قسە ناماقووڵ و نالۆژیک و ناواقیعییانەی ئەوان دەیانکرد. چونکە ئەم قسانەی ئەوان دەیانکرد، بە هیچ شێوەیەک نەدەچووە عەقڵەوە و لۆژیک نەبوو. ئەمە شتێکی ناماقووڵە و ناچێتە عەقڵەوە کە ڤینۆس لە ماوەیەکی هێندە کورت و کەمخایەندا ئەو هەموو گەنجێتی و جوانییەی وێران بووبێت و ئاوها پیر و پەژموردە پێشوازیم بکات! گەنجێتی و جوانی، چۆن دەبێ ئاوها زوو بەسەربچێ؟

باشە، ئەدی پیرەژنەکەی بەردەرگای ماڵی ڤینۆس، ئەدی ئەو – خۆی؛ بۆچی پێمی گوت: «ئەو هەموو ماوەیە لە کوێ بووی؟». پیرەژنەکە زۆر بە تووڕەییەوە ئەم پرسیارەی لێ کردم. بە دەنگێکی توند و تووڕەوە گوتی:

– ئێستا چیت دەوێ؟!

پیرەژن، گۆچانە سوورە خوارەکەی ڕووەو سنگم، بەدەم گریانەوە، هەر دەیقیژاند:

– دووای ئەو هەموو ساڵە، دەتەوێ هێشتا هەر چاوەڕێت بکا؟!

ئەم قسانەی پیرەژن، لە هەموو جارێکی بیرکردنەوەی پێشووم زیاتر دڵی ڕنەک دەدام؛ خەریک بوو عەقڵی لەدەست دەدام. وردە وردە دەگەیشتمە ئەو باوەڕەی کە بە خۆم بڵێم:

–لالۆ ڕاست دەکا: پیرەژن خودی ڤینۆسە و پیر بووە..

لالۆ دەیگوت:

– چونکە جوانی و ئاسوودەیی و گەنجێتی هەرگیز هەتا سەر نامێنێننەوە؛ لەناودەچن...

15

– ئنجا بەڕاستی ئەمە سەیر نییە؟

ئەمە دەنگی مەدام تاردیۆ بوو.

– چی؟

– تۆ لە پاریسەوە بێیت سۆراغی کچێک بکەیت کە حەفتا ساڵ پێش ئەمڕۆ ماڵیان لەلای کەنیسەکەی سانت ژاک بووبێت!؟ ئەمە شێتی نیە؟ ئەمە یەعنی چی؟ وەڵا مەدام سیمۆن هەقیەتی کە دەڵێ: ئەم کرێچییە تازەیەت شێتە.

من لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا، لەنێوان بەرداشی قسەکانی لالۆ و قسەکانی ئەم ژنانە و قسەی خەڵکی تر، هەروەها لەناو ئەو گێژاوەی نێوان وەهم و واقیعدا کە تێیدا بووم؛ وردە وردە هەستم بە شتێک دەکرد کە لە دەماغ و مێشکمدا تێک دەچوو. هەستم بە «کەمێک شێتبوون» دەکرد.

لالۆ ئەو شەوە پێی گوتم:

– کوڕی خۆم، بە گوێی من بکە! واز لەم عەشقە وەهمییەت بێنە!

من نەمدەتوانی جوانیی ڤینۆس، بەڵێنی ڤینۆس، ئەو هەموو میهرەبانی و خۆشەویستییەی کە من بینیبووم لەبیر خۆمیان ببەمەوە. دڵم توند ببوو. حەزم دەکرد وەک منداڵێک بگریم و بڵێم:

– ناتوانم.

لالۆ هەندێک لێم تووڕە بوو:

– کەواتە پۆلیس ناهەقی نییە کە دەڵێ: خەڵک خۆی واز لەم ماڵە و لەم پیرەژنە

ناهێنێ!

– بەڵام من، سەیرە؛ لالۆ، ناونیشانیم پێیە... ناونیشان.

– کێ پێی داوی؟ کێ تۆی تووشی ئەم شوێنە نەفرەتلێکراوە کردووە؟ ئەوە کێیە تۆی ڕەوانەی ئەم چڵپاوە ڕەشە کردووە؟

– فریشتەیەکە..

لالۆ دیسان تووڕە، گوتی:

– نەخێر.. ئەهریمەنێکە!

من لەو دەمەدا دڵم لە هەموو کاتێک غەمگینتر، گوتم:

– ئەگەر فریشتە بێت یان ئەهریمەن، لالۆ؛ تەنیا ئەو دەتوانێ ژیانم ئاسوودە و ڕۆحم ڕزگار و دنیام ڕووناک بکاتەوە..

هەستم کرد لالۆ دەیویست وەک باوکێک قسەم لەگەڵ بکات:

– کوڕی خۆم، تۆ ئەسڵەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتیت.. پێم ناڵێی چی تۆی گەیاندۆتە ئەم بنی دنیایە؟ ئەمە ئەورووپایە، ڕۆڵەکەم.

هەستم دەکرد لالۆ باسی ڤینۆس یان پیرەژنەکەم بۆ دەکات:

– ئەم ئەورووپایە هەزاری وەک تۆی قووت داوە! ئەم شوێنە نەفرەتلێکراوە شێتت دەکا؛ دەتکوژێ. وازی لێ بێنە و بگەڕێوە وڵاتی خۆت!

گوتم: ئەم ماڵە! ماڵی ئەم پیرەژنە! ماڵی ڤینۆس! شێتی کردم!

لالۆ گوتی:

– ماڵی ڤینۆسی چی و ماڵی پیرەژنی چی، کوڕم؟ ئەمە ئەورووپایە! تۆ چ کارت بە نهێنی و سیحر و خەراباتەکانی ئێرەوە هەیە؟ ئەمە ئەورووپایە!

– ئەوەی ناونیشانی ئێرەی پێ داوم، خۆشی دەوێم، بەڵێنی داومەتێ...

– ئەمە ئەورووپایە، کوڕم...

– «ئێرە ئەورووپایە. چڵپاوە. درۆیە. وەهمە. ئێرە تەنیا وەهمێکە». وەک پڵنگێک لە ژوورێکدا بەسترابێتەوە و هاوار بکا، ئاوا یەک بە دەنگی خۆی هاواری دەکرد. ئیتر شێت بوون لەوە زیاتر چیی تری دەوێ، مەدام کارلۆس؟!

دەنگی مەدام کارلۆس بوو، بە مەدام تاردیۆی دەگوت.

– جنێوی بە ئەورووپا دەدا؟

– ڕۆژ لەدووای ڕۆژ زیاتر عەقڵ و هەستی خۆی لەدەست دەدا. من وا هەست دەکەم. بەتایبەتی لەم دوو ڕۆژەی دووایییدا هیچ ڕەفتارێکی بە ڕەفتاری مرۆڤێکی ئاسایی

ناچێ. دەترسم لەکۆتاییدا شێت ببێ. چەندیش خۆمی لێ مات دەدەم، قەت نەشمدیوە بێتە دەرەوە. نازانم چ وەختێک دەچێتە دەرەوە!

گوێم هەڵخستبوو بزانم مەدام تاردیۆ چی وەڵام دەداتەوە. هیچی نەوت. ئنجا مەدام کارلۆس گوتی:

– من یەکەم ڕۆژ کاتێ لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە بینیم و کلیلی ژوورەکەم دایە، ئاوها نەبوو: پیاوێکی زۆر هێمن و ماقووڵ دیار بوو.

– منیش وا هەست دەکەم. تەنیا لەم هەفتەیەی دواییدا وای بەسەر هاتووە.

– داینابوو هەر شەوێک و دوو شەو لێرە بمێنێتەوە، ها؟

– ئاخر، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووەم تەلەفۆنی بۆکردم. وتی: «مەدام کارلۆس، دوو سێ شەوی دیکەش هەر لای ئێوە دەمێنمەوە. وتم: باشە، تەلەفۆنەکەی داخست، سێ چوار سەعاتی پێ چوو، دیتم ئەمجارەیان هاتە ماڵەوە، یەکسەر بێ سێ و دوو خۆی کردە ژوورەوە، وتی: «ببوورە مەدام کارلۆس، پرسیارێکم هەیە». من شڵەژام، بەحەپەساوییەوە سەیریم دەکرد، ڕەنگی وەک پەڵکە پیاز زەرد هەڵگەڕابوو، زۆر نائارام و ماندوو دیار بوو، وتم: «فەرموو، خێرە!؟». دەفتەرێکی چکۆلانەی، بە پەلەپرووزێ لە باخەڵی خۆی دەرهێنا و لاپەڕەیەکی عەنتیکەی لەناو دەفتەرەکەی خۆیدا بۆم کردەوە پێی نیشان دام. لاپەڕەکە نازانم بە چ زمانێک نووسرابوو! ئەو پیاوە فەڕەنسی نییە، تۆ دەزانی؟

– بەڕاست؟

– فەڕەنسی نییە! نەء.

– بە قسەی خۆی، بە منی دەگوت کە لە پاریسەوە هاتووە.

– درۆ دەکا، لە پاریسەوە نەهاتووە، لە وڵاتێکی دیکەوە هاتووە.

– چۆن دەزانی؟

– خەت و نووسینەکەی، خەت و نووسینی فەڕەنسی نەبوو. نازانم چ خەتێک بوو؟ لە خەتی عارەبی دەچوو.

– لەوانەیە عارەب بێ.

– نەء، سەر و سەکوتی بە عارەبان ناچێ. ئیدی ئەو لاپەڕە عەنتیکەیەی خستە بەردەمم. پەنجەی خستە سەر ناونیشانێک کە تەنیا هەر ئەو بە لاتینی نووسرابوو، ئەویش بە خەتێکی شەڕە پشیلەی زۆر ناخۆش، زۆر بە زەحمەت بۆم دەخوێندرایەوە.

– ناونیشانی کێ بوو؟

– منیش نازانم. پێم دەڵێ: ئەم ناونیشانە پێ نازانی؟ منیش لە ناونیشانەکە ورد بوومەوە (شەقامی پەرەدیس. خانووی ژمارە ٩). پێم وت «پێ نازانم، بەڵام ڕاوەستە،

لەوانەیە بیدۆزمەوە». چووم ڕێبەری ناونیشان و ناوی شەقامەکانی سانتیاگۆم بۆی هێنا، هێندەی گەڕام و گەڕام ئەو ناونیشانەم نەدۆزییەوە. ماوەیەک داما، پاشان لەبەر خۆیەوە ئیستێکی کرد، وتی: «نازانی ئەم ماڵە کێن؟». وتم: «کام ماڵ؟». وتی: «ئەم ماڵەی کە لەم ناونیشانەدا نووسیومە»: منیش تەماشای ناوی خاوەنماڵەکەم کرد (دکتۆر گۆرباشۆ ئێستێبان). وتم: «نەء، نایانناسم». وتی: «هەر قەت ناوت نەبیستوون؟».

– لێت نەپرسی «ئەو ماڵە کێن؟ چن؟».

– با.

– وتی: چی؟

– وتی «منیش نایانناسم».

لەو دەمەدا مەدام کارلۆس و مەدام تاردیۆ پێکەوە بە دەنگێکی زۆر بەرز دایانە قاقای پێکەنین، ئینجا مەدام کارلۆس، بەدەم پێکەنینەوە درێژەی پێدا، وتی:

– پێم دەڵێ «من تەنیا کچەکەیان دەناسم». وتم: «کام کچ»؟ وتی: «ڤینۆس». پێکەنیم، وتم: «نایناسم».

– لێت نەپرسی ئەو کچەیان چۆن دەناسی؟

مەدام تاردیۆ ئەم پرسیارەی لە مەدام کارلۆس کرد.

– با. لە سەرەتادا وتی «دەزگیرانمە» پاشان شڵەژا، وتی «نەء، تەنیا هاوڕێمە». دەڵێ «لە پاریس ناسیومە».

– لەوانەیە درۆ بکا، مەبەستی دیکەی بەو ماڵە هەبێ.

– ئینجا تۆ ڕاوەستە! لێم پرسی «ئەو کچە خۆی ئەم ناونیشانەی پێ داوی؟». وتی «ئا». وتم «ئەی چۆن نایدۆزیتەوە؟!» وتی «نایدۆزمەوە». پاشان ئیتر، هەستم پێی کرد، یەکجار شپرزە و نیگەران دیار بوو، لەناکاو دەفتەرەکەی خستەوە باخەڵی خۆی و لەبەرخۆیەوە وتی «دەچمەوە لای پیرەژنەکە». منیش چیتر نەمتوانی خۆم لەبەر ئەو دیمەنە سەیر و سەمەرەیە ڕابگرم، لە قاقای پێکەنینم دا، وتم «کام پیرەژن؟». وەڵامی نەدامەوە، وەک شێت، بەپەلە پرووزێ ڕۆیشتە دەرەوە.

– سەیرە!

– تەواو نییە، نەء.

– بە منی دەگوت «هاتووم لێرە سەر لە هەڤاڵێکم بدەم».

– کەچی بە منیشی دەگوت «هاتووم لێرە پۆرترێت بۆ خەڵک دروست بکەم و پارەیەکم دەست بکەوێ».

– ژوورەکەی پڕ کردووە لە بۆرد و ستاند و پاستیل و ڕەنگ و کارتۆن و قوماش و زەیت و تابلۆی پارچە پارچە کراو. عەینەن ژووری شێتانە.

– بەڵام درۆ دەکا: بۆ پۆرتریت و پارە پەیداکردن نەهاتووە بۆ ئێرە، هەر بۆ ئەو کچە هاتووە. عاشقە.

مەدام کارلۆس ئەمەی گوت.

پاشان گوێم لە مەدام تاردیۆ بوو، گوتی:

– مەدام کارلۆس، من پێم وابێ: هونەرمەند و نیگارکێش و ئەم جۆرە پیاوانە.. هەموویان هەروا شێت و پێتن.

– ئەو ڕۆژە دەیگوت: شەو لە باڕی کۆڵۆمبیەکاندا جانتای پارەیان لێ دزیوم.

– بەڕاست!

– بەڵێ. دەیگوت (٤٠٠٠٠) پەسێنتی تێدا بووە.

– لەوانەیە ڕاست بکا. پیاوێکی هەندێک خۆنەویست دیارە.

– نەء، سەرخۆش بووە، ئاگای لە خۆی نەماوە و ونی کردووە.

– بێگومان. پیاو ئەگەر سەرخۆش نەبێ، چۆن جانتای پارەی خۆی لێ ون دەبێ؟

– ڕاستیەکەت دەوێ، مەدام کارلۆس، ئەم جۆرە پیاوانە زیاتر جێگای بەزەیی هاتنەوەن نەک ڕق لێ بوونەوە.

پاشان مەدام کارلۆس گوتی:

– من وابزانم سبەینێ پێی دەڵێم کە چیتر رازی نابم ئاوها بمێنێتەوە. ئەو هەموو ناڵە و فیغان و دەنگە دەنگ و هەرایە..

– کچێ، ئاخر گوناحیشە دەری بکەی..!

– ژوورەکەی پڕ کردووە لە بۆیاغ و پارچە پەڕۆک و ڕەنگ و پارچە کارتۆنی دڕاو! هەر پارچە تابلۆیەکی دڕاو لە شوێنێک کەوتووە. ئەو ژوورەی کە بۆیم ڕێک خستبوو، کردوویەتیە شێتخانەیەکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ. زبڵخانەیەکە بۆ خۆی! کێ هەموو ئەمانەی لێ قبوول دەکا؟ سەرەڕای هەموو ئەمانەش، تاکو ئێستا من نازانم تا کەی هەر لێرە دەمێنێتەوە؟ ئەتواری عەنتیکە و سەیربشی هەیە؛ ئەو ڕۆژە هاتووە دەڵێ: مەدام کارلۆس، تکات لێ دەکەم، «خەریک بوو دەستم ماچ بکا» توخوا ژنێکی فاڵگرەوەم پیشان بدە! پێکەنینم پێی دەهات و بەزەییشم پێیدا دەهاتەوە: بەڕاستی گوناح دەهاتە پێش چاوم. کچێ ئاخر گەنجە و تووشی دەردی خۆی هاتووە. خۆ دیارە. وتم: چی؟! وتی: دەڵێن: «سانتیاگۆ پڕە لە ژنە قەرەجی فاڵچی و بەختگرەوە. دەمەوێ بەختی خۆم بخوێنمەوە». چی بکەم! ناردمە لای مەدام مێلاگا.

مەدام کارلۆس ڕاستی دەکرد: هەناردمی بۆ لای مەدام مێلاگای فاڵگرەوە. مەدام مێلاگا، ژنێکی ئەسمەری جوان، گۆشتن، سەری کەپووی زۆر درشت کوترابوو؛ چل و چوار کەزیەی درێژی زۆر وردی زەردی سیحربازانەی بەردابۆوە. تەشک و دامەنێکی تەواو قەرەجانەی هەبوو. ئەو جلە ڕەنگینە پەلکەزێڕینەییەی، زۆری لێ دەهات. لە هەمووی سیحراویتر چاوەکانی بوون کە وەک چاوانی هەڵۆ بەردەوام لێم ورد دەبوونەوە.

لە مەدام مێلاگام پرسی:

– من دەمەوێ ئەوە بزانم: ئایا جگە لەو پیرەژنە کەسی دیکە ئەمڕۆ لەو خانووە دەژی؟

– من پێشتر پێم وتی: نەخێر. بەڵام دەڵێن: حەفتا هەشتا ساڵێک پێش ئەمڕۆ کچێکی زۆر جوان، کچێکی زۆر بەدەو لەوێ دەژیا، دەڵێن ناوی (ڤینۆس) بووە. ئەمڕۆ ئەم کچە لەوێ نەماوە، کەس نازانێ چی بەسەر هاتووە و بۆ کوێ چووە! تەنانەت دەڵێن کە ئەم پیرەژنە بۆ خۆیشی نازانێ.

– ناڵێن ئەو پیرەژنە چیی ئەو کچە بووە؟

– هەندێ کەس دەڵێن دایکی بووە، هەندێ خەڵکی تریش دەڵێن «نا»، ئەو پیرەژنە هەمان کچەکەی هەشتا ساڵ پێش ئێستەیە.

– ئەمە چۆن دەبێ!؟

مەدام مێلاگا، داوێکی ڕەشی درێژی بە دەمەوە گرتبوو. دەستی چەپی گرتبووم و تەماشای ناولەپی دەکردم، لێمی پرسی:

– تۆ کاتێ بۆ یەکەمین جار چاوت بەم پیرەژنە کەوت، هەستت کرد کە دەیناسیت، یان پێشتر دیوتە؟ تەماشای ناو چاوم بکە!

لەو دەمەدا مەدام مێلاگا وەک هەڵۆیەک تەماشای ناو چاومی دەکرد. دووبارەی کردەوە: تەماشای ناو چاوم بکە!

گوتم: بەڵێ. تەنانەت پیرەژن بۆ خۆیشی، بێ ئەوەی هێشتا من ناوی خۆم بە ئەو بڵێم، ناومی هێنا.

مەدام مێلاگا چەپکێک لەپکە و مازی و خەناوکەی قەرەجانەی بە گەردنی خۆیەوە شۆڕکردبۆوە. لەو دەمەی کە من ئەم قسەیەم کرد، لێی ورد دەبوومەوە: تابلۆیەکی جوانی نەرمیانی هاوڕێم بیرکەوتەوە کە لە پاریس بە قەد دیواری ماڵەکەی خۆیانی هەڵواسیبوو، دەیگوت: «ئەمە دایکمە».

مەدام مێلاگا گوتی:

– کوڕی خۆم، کوڕی شیرینم؛ تۆ جادووت لێ کراوە.

– بەڵام ئاخر من کچەکەم بینیوە، قسەم لەگەڵی کردووە.

– خەیاڵ بووە. لەوانەیە بە خەیاڵ غەریبیی خوشکێکی خۆت کردبێت و واتزانیبێ ئەم کچەیە.

– ماچیم کردووە، شەو و ڕۆژێک پێکەوە بووینە، پیاسەمان پێکەوە کردووە...

– تەنیا وەهمێک بووە و هیچی تر.

– چۆن؟!

– لەوانەیە کۆنە دەزگیران یان خۆشەویستێکی خۆت بووبێت و واتزانیبێ ئەم کچەیە.

– ئەدی بۆچی، چۆن ئەم ناونیشانەی ئێرەی پێ داوم؟

– هەموو ئەوکەسانەی جادوویان لێ دەکرێ یان خەونێکی ناخۆش دەبینن؛ ئەم پرسیارانە دەکەن، ڕۆڵەی شیرینم.

– سەیرە!

مەدام مێلاگا، دووبارە، ئەم جارە دەستی ڕاستی گرتم؛ کەوتە خوێندنەوەی ناولەپم:

– ئەم کچە خولقاوی بیری خۆتە. تۆ بە خەیاڵ جیهانێکی میهرەبان و ئاسوودەت لەو کچەدا بۆ خۆت دروست کردووە و هاتووی لێرەدا بە دووایدا دەگەڕێی.

من خەریک بوو لە بەرامبەر قسەکانی مەدام مێلاگا دڵم شەقی دەبرد. ئنجا لەناکاو لێمی پرسی:

– تۆ تەمەنت چەندە؟

گوتم: سی و دوو ساڵە. بۆ؟

مەدام مێلاگا بە زەردەخەنەیەکی دایکانەوە گوتی:

– تۆ هەرگیز نەدەبوایە لە کەسوکاری خۆت جیا ببیتەوە! بەتایبەتیش لە دایکت.

وتم: بۆ؟

مەدام مێلاگا بە پەنجەی شایەتمانی تنۆکێک کلی لە قولینچکەی چاوی چەپی خۆی دەسڕییەوە، غەمگینانە، گوتی:

– کوڕم، تۆ زۆر لەوە ناسکتری کە بتوانی لە دوورەوڵاتی و غەریبیدا بە بێکەسی و بەبێ خۆشەویستی بژیت.

پاشان وتی:

– تۆ هاتووی لێرە، بە دووای ڕابردوویەکی وندا دەگەڕێی کە لەدەستت چووە. بەدووای وەهمێکدا دەگەڕێی...

منیش لەگەڵ ئەو تەماشای ناولەپی خۆمم دەکرد:

– ئەم وەهمە چییە؟

– ماددییات نییە. سەرتاپای ڕووناکی و خێر و جوانی و سەفایە. بەڵام لەم نزیکانەی خۆت و لێرە هەرگیز دەستت ناکەوێ؛ تەنانەت لە هەموو ئەورووپاش دەستت ناکەوێ.

مەدام مێلاگا پشتەچاوە کلرێژەکانی دەتگوت پێستی ئەستووری جوانی ڕەشمارێکە. زۆر باریکبێن لە ناولەپم ورد دەبۆوە. دووای بێدەنگییەکی زۆر، گوتی:

– کوڕی خۆم.. تۆ گەلێک وڵاتانی دیکەی ئەم ئەورووپایە تەی دەکەی، گەلێک شار و ڕێگەوبانی دیکەش پەی دەکەی. لەو ڕێگەوبانە ئاوارەیەی عەوداڵبوونی خۆتدا، هیچ دوور نییە ڕۆژێک (پێش درانی پێڵاوەکانت) بە حەسرەتی «ڤینۆس» سەربنێیتەوە... ئەمەش چارەنووسی هەموو هونەرمەندێکە.

١٩٨٩- ١٩٩١ پاریس

***

– ئەم ڕۆمانە لە ١٩٨٩ – ١٩٩١ لە پاریس نووسراوە. لە هەولێر لە سەرەتای ٢٠٠٢ پاکنووس کراوە.

– چەند کۆپلەیەکی شیعر کە بەکارهاتوون، بە دەسکارییەوە، لە دیوانی (زەردک)ی د. ئەحمەدی مەلا وەرگیراون.

– ئەو ناوانەی لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتوون، وەک ناوی کەسایەتییەکانی هەموو چیرۆک و نۆڤلێتێکی دیکەم، دروستکراوی خۆمن: لە واقیعدا نین، یان ئاگام لێ نییە هەبن.